# کوردناسی لای ئینگلیزەکان

سەرکەوت شەریف ئیسماعیل

**کورتەیەک سەبارەت بەزانستی کورد ناسی**

سەبارەت بەزانستی کوردناسی ناتوانین پێناسەیەکی گشتگیر و تەواو دەستنیشان بکەین، یاخود ناتوانین دەستنیشانی کات و سەردەم و هەموو ئەو لایەنانە بکەین کە زانستی کوردناسی تیادا پەیدابووە، چونکە کوردناسی چەندین پێناسە و ناساندنی جیاوازی هەیە، لە خودی خۆیدا بریتییە لە زانستێکی ئەوروپایی،لەبەرئەوەی زاناو مێژوو نوسە ئەوروپاییەکان یەکەم کەس بوون کە بایەخیان بەکورد داوە و لەسەر (کورد و کوردستانیان) نوسیوە.

کوردناسی لەزمانی فەرەنسی دابە کوردۆلۆژی(KURDOLOGIE) ولەزمانی ئینگلیزی دا کوردۆلۆجی (KURDOLOGE) ولەزمانی ئەڵمانیدا (KURDENKUNDE) دێت، کوردناسی بەو زانستە دەڵێن کە لەهەموو لایەنێکی ژیان و کلتور و زمان و نیشتمان و مێژووی گەلی کورد دەکۆڵێتەوە. (١)

لەلایەکی تریشەوە کوردناسی بەهەموو زانستەکانی (فۆلکلۆر و مێژوو جوگرافیا و ئسنۆگرافیا و هونەر و ئەدەبیان و زمان و ئارکیۆلۆژیا و کارتۆگرافیا و نیگارکێشان

و دەستنوس و بیبلۆگرافیا دەوترێت لەیەککاتدا، کوردناسی، هەموو ئەم زانستانیە پێکەوە، هەموو ئەم بوارانە لە بۆتەیەکدا کۆبونەتەوە و گەنجینەیەکی بەهاداری نەتەوەی کورد پێکدەهێنن. تەنانەت خودی شارستانیەتێك بەناوی شارستانی کوردستان لە نێو ئەم زانستەی کوردناسیدا، واتە لە نێوکتێب و سەفەرنامەی گەڕیدەکاندا حەشاردراوە. [٢]

بۆیە دەتوانین بڵێین،ئەگەر سەفەرنامە و کتێبی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییەکان نەبونایە، مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد و شارەزاییمان لەبارەی ژیانی ئەدەبی و کلتوری نەتەوەی کوردەوە لەسەدەکانی رابردوودا تارادەیەك نادیاروتاریك دەبوو. [٣]

شاکری خدۆ لەبارەی زانستی کوردناسیەوە دەڵێ : (کوردناسی بەو زانستە ئەڵێن کە پێك هاتووە لەو لێکۆڵینەوە فراوان و گشتگیرانە کە تایبەتن بەکورد و کوردستان و لەچەند مەیدانێکی فراوان پێکهاتووە، لەوانە مێژووی کورد و ئەدەبی کورد و شارستانیەت و ئەتنۆگرافیا و داب و نەریتی کوردەواری). [٤]

کەواتە کوردناسی تەواوی ئەو نوسین و لێکۆڵینەوانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی گشتی لەسەرکوردیان نوسیوە لەبوارە جیاواز و سەردەمەجیاوازەکاندا، دیارە نوسەر و مێژوونوسەکان،چ ئەوانەی راستەوخۆ خۆیان هاتونەتە کوردستان و بەشێوەیەکی مەیدانی بەناوچەکانی کوردستاندا گەڕاون و چییان بینیوە و بیستوە دەربارەی کورد نوسیویانە و تۆماریان کردووە، کە ڕەنگە هەندێکیان وەکو گەڕیدە هاتبن و بۆ خۆیان گەڕاون و تۆماریان کردووە، یاخود هەندێکی تریان لێکۆڵینەوە یان لەم بارەیەوە کردووە، یان کۆمەڵێکی تریان لە وڵاتەکانی خۆیانەوە پشتیان بەسەرچاوەی گەڕیدەکان و ئەوانی تر بۆمەبەستی جۆراوجۆر سەردانی کوردستانیان کردووە بەستوە و دواتر لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کردووە و سەرجەم لایەنەکانیان ناساندووە، بۆیە

لێرەدا پێویستە کورتەیەك لەبارەی ئەوانەی یەکەم جار سەردانی کوردستانیان کردووە و لەسەر کوردیان نوسیوە بیخەنەروو، هەموو ئەوپەرتوك و نوسراوانەی مێژوونوسە یۆنانی و موسوڵمانەکان لەبارەی کورد و کوردستانەوە نوسیویانە نیشان بدەین، ئەمەش لەبەرئەوەی بەسەرچاوەگەلێکی بناغەیی دەژمێردرێت لە ناساندنی بیری کوردناسیدا، هەرچەندە هەندێك کەس و لایەن ئەم سەرچاوانە ناخەنەخانەی سەرەتاکانی کوردناسی یەوە، بەلاّم ناشکرێت لەبایەخی ئەمانە کەم بکرێتەوە کە بۆ خۆیان هەرچۆنێك نوسرابن و تۆمارکرابن سەرچاوە گەلێکی گرنگن، چونکە ئەمانە کاتێك لەسەر کورد و کوردستانیان نوسیوە، یەکەم ئەزموون بووە و رەنگە سەد دەرسەد ئامانجیان لێکۆڵینەوەیەکی زانستی تەواو نەبوبێ.

یۆنانیەکۆنەکان، (واتە گریکەکان GREC)، یەکەم کەسبوون هاتونەتە کوردستان و بۆیەکەم جار کتێبیان لەبارەی کورد و وولاّتی کوردەوە نوسیوە. (٥) یەکەم گەڕیدەی یۆنانی کە هاتبێتە کوردستان و نوسراوێکی لەبارەی کوردەوە بەجێ هێشتبێت، بریتییە لە فەیلەسوف و سەرۆك لەشکر و رێبەری یۆنانستانی کۆن (ئیگزەنفون EXENOPHON) کە لە (٤٠٠ پ.ز) بەرۆژهەلاّتدا تێپەڕیوە و سەفەرنامەی ئەو گەشتانەی خۆی لەکتێبی (ئاناباز ANABASE) دا بەزمانی یۆنانی کۆن نوسیوەتەوە، بەشێکی سەفەرنامەکەی تەرخان کردووە بۆ گێڕانەوەی ئەو کارەساتە ناهەموارانەی کە خۆی و لەشکرەکەی لە کوردستاندا بەسەریاندا هاتووە و ئەو شەڕ و شۆڕانەی لەوولاّتی کوردەکاندا (CARDOUQUE) رووبەروویان بۆتەوە، ئەم چەند لاپەڕە دەست نیشانکراوەی ئێگزەنفون لەبارەی کاردۆخیەکان لەکتێبی ئانابازدا بەیەکەمین و هەرە کۆنترین سەرچاوە لەقەڵەم دەدرێت لەبارەی نەژادی (کورد) ەوە، کەواتە ئاناباز یەکەمین و کۆنترین دیکیۆمێنتی مێژوویيە کەناوی کوردی (KURDOUQUE) تێدا خاتبێت و چیرۆکی پەیوەندی نێوان رۆژ ئاوا و کوردمان بۆ

بگێڕێتەوە، ئەم بەرهەمە کۆنترین لێکدانەوەی خەڵکی بێگانە و یەکەمین بینینی ڕۆژ ئاوایی یانەیە بۆ ئاکار و کەسایەتی مرۆڤی کورد ونیشتمانەکەی. (٦)

لەپاش ئێگزەنفون چەند نوسەر و سەرۆك لەشکرێکی دیکەی یۆنانی سەردانی کوردستانیان کردووە یاخود لەبارەی کوردانەوە کتێبیان نوسیوە، وەك (ئەسکەندەری مەکدۆنی، ٣٥٦ – ٣٢٣ پ.ز)، پاشان مێژوونووسی ناوداری یۆنانی (هیرۆدۆت HERODOTE) (٤٢٠) ساڵ پ. ز و جوگرافلا ناسی ناوداری یۆنانی (سترابۆن STRABON) (٥٨) پ.ز کە بە (KYRTOI) ناوی کورد دەبات. (٧)

لەدوای یۆنانیەکان، ئەرمەنەکان بەدوهەمین ئەوکەسانە دادەنرێن کە لەبارەی نەتەوەی کوردەوە زانیارییان تۆمارکردووە،گەلی کوردیش وەك یەکێك لەدراوسێ هەرەنزیك و تێکەڵەکانی ئەرمەن بەشی خۆی لەماتێندەراندا هەیە، لەگەڵ دەستنوسی کۆندا ناوی گەلانی زاگرۆس و میدێکان و کورد هاتووە و باسی ناوچەکانی کوردەواری کراوە، بۆ نموونە (مینورسکی) بەناوبانگ لە نوسین و لێکۆڵینەوەکانیان دەربارەی میدێکان و کورد کەڵکی لە کتێبەکانی مێژوونوسی گەورەی ئەرمەن مۆڤیس خۆریناسی (مایسای خۆرێنسکی) وەرگرتوە کە لە سەدەی پێنجەمدا نوسیوێتی و دەست نوسەکانیان لەماتتێننەدەران پارێزراون. (٨)

پاشان کتێبە پیرۆزە ئاسمانیەکان بەسەرچاوەی سێیەم دێت، واتە تەورات و ئینجیل و قورئان، بێگومان ئەم کتێبە پیرۆزانە ناوی کورد و کوردستانیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەهێناوە و هیچیان لەبارەی تایبەتمەندێتی نەژاد و زمان و کولتور و جوگرافیای نەتەوەی کورد نەدرکاندووە، ئەگەر تەنیا ناوی هەندێ لەمیرنشین و شارو شاخ و شاو ڕوبار و مەڵبەندەکانی کوردستانیان هێناوە وەك (ئارارات، جودی، نوح، میدیا...هتد)،چەند چیرۆکێکیان لەم بارەیەوە گێڕاوەتەوە. (٩)

بەڕای توێژەری فەرەنسی (ژیرار چالیاند GERARD CHALIAN) گەڕیدە و جوگرافی ناس و مێژوو نوسە موسوڵمانەکانی تر لەنەتەوەکانی وەك (تورك، فارس، کورد،عەرەب) لەبارەی کوردۆلۆژیەوە بەسەرچاوەیەکی گرنگی دیکە دەژمێردرێت بۆ دامەزراندنی بیری کوردناسی لای رۆژهەڵاتناسە ئەوروپیەکان، ئەمەش دەستەیەکی دیکەی ئەو زانایانەن کە کوردستانیان بەجیهان ناساندووە و چەند زانیارییەکی تازەی دیکەی لەبارەی زمان و نەژاد و کلتور و شێوەی ژیانی نەتەوەی کورد و بیناسازی و پیشەسازی و ئاو و هەوای کودردستانەوە زانیارییان تۆمارکردووە لەوانەش (الطبري، أحمد الدینودی، المقدسی، یاقوت الحموی، محمد مستوفی القزوینی، ئەولیا چەلەبی، خەسرۆ ئەردەلانی، شەرەفخان، المسعودی، ابوعلی الفارسی،ابن الاثیر، ابن شداد... هتد) ئەم مێژوو نوسە موسوڵمانانە لەسەدەی دەیەمی زایینی تاکو ساڵانی (١٣٠٠)، لەرێگای نوسراوەکانی خۆیانەوە بەزمانی عەرەبی، بوونە سەرچاوەیەکی گرنگی دیکە بۆ لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتناسەکان و کوردناسی لەئەوروپادا، ئەم موسوڵمانانە لە مادوەی ساڵانی (٩٠٠) تاکو ساڵانی (١٣٠٠) دا، واتە لەسەردەمی خەلافەتی ئومەوی و عەبباسیدا، (دار المعرفة)ی بەغدادیان پڕکردبوو لە بەڵگەنامە و کتێبی مێژوویی و جوگرافی.(١١)

سەرچاوەکانی کوردناسی لە ئەوروپای سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەمیشدا لە کتێبەکانیاندا تەنیا لەچەند بەشێکا باسی کوردیان کردووە، هەمووی تەرخان نەکراوە بەکوردوکوردستان،بەڵام لەبارەی چەندێتیەوە زیاتر بوون، چونکە لەوسەردەمانەدا بابەتی کورد و کوردناسی هێشتا لە ئێرانناسی ( ETUDES IRANIANES) جودا نەکرابۆوە، چونکە لێکۆڵینەوە زانستیەکانی ئەم بوارە زاراوەی ئێران، واتای سیاسی و قەوارەی دەوڵەتی نەدەگەیاند، گروپی ئێرانی وەك گروپی سلاڤی یان لاتینی یان جەرمەنی بەکاردەهێنرا، هیچ پەیوەندییەکی بەسیاسەت و

دەوڵەت و چارەنووسی نەتەوەییەوە نەبوو، هەرچۆنێك بێت لەسەدەی حەڤدەهەمدا بۆ یەکەمین جار ناوی کوردستان لەسەر ناونیشانی بەرگی کتێبێکدا تۆمار دەکرێت، ئەمەش لەلایەن گەڕیدەیەکی ئەڵمانی بەناوی (O OAPPER) لەسەفەرنامەیەکدا بەناونیشانی (ASIE ODER AUSFUHRILCHREI BUNG DES RICHS) کە لەساڵی ١٦٨١ لە نوورمبێرگ چاپکراوە. (١٢)

لەسەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا کوردناسی لەروسیا و ئیتاڵیا و ئینگلستان و ئەڵمانیا و فەرەنسا سەری هەڵدا، لەروسیا ناسینی کورد و زمانەکەی بۆیەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەم، واتە بۆ ئەو دەمەی کەئەکادیمیای زانستی روسی (فەرهەنگی بەراووردێتی هەمووزمان و شێوەکان) ی لەچاپدا، ئەم فەرهەنگە کەلەساڵی (١٧٨٧) ز،دا بلاْوکراوەتەوە (٢٧٣) وشەی بە (٢٠٠) زمان، کە زمانی کوردیش یەکێکیانە تیایدا تۆمارکراوە. (١٣)

دکتۆر جەبار قادر لەو بارەیەوە دەڵێ: (کوردۆلۆجیا لەروسیا لەدایکبووە، هەرلەوێش پەرەی سەند و بەدەیان کوردناسی بەنێوبانگ کە کۆمەڵێ بەرهەمی نایابیان پێشکەش بەزانستی رۆژهەلاْتناسی کرد و هەڵکەوتن، کارە زانستییەکانی روس و گەلانی تری روسیای تزاری و سۆڤیەت لایەنەجیاوازەکانی ژیان گەلی کوردیان خستە بەرتیشکی شیکردنەوە و لێکدانەوە، بەم شێوەیە لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەمەوە رۆژهەلاْتناسی روس و ئەرمەن گورجی و .... هتد کەوتنە تۆمارکردنی ووتار و تێبینی لەبارەی هۆزەکانی کوردەوە و باری کۆمەلاْیەتی و سیاسی کوردەکانی ئەودیوی قەوقاز و کوردەکانی ژێر دەستەلاْتی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی، ئەوکارانە بناغەی قوتابخانەیەکی تایبەتی کوردۆلۆجی یان لەروسیادا دامەزراند. (١٤)

لەفەرەنسا یەکەم کتێبی رۆژهەلاْتناسی لەسەدەی نۆزدەهەمدا بلاْوبوبێتەوە و باسی کوردی کردبێت، بریتییە لەسەفەرنامەی (ئۆلیڤی G.A.OLIVIR) کە بەزمانی

فەڕەنسی باسی کوردستانی باکوور و رۆژهەڵاتی سەدەی هەژدەهەم دەکات و لەساڵی ١٨٠٨ دا لەپاریس لەچواربەرگ دا ناونیشانی سەفەرێك بۆئیمپراتۆریەتی عوسمانی (VOYEGEDAMS IEMPIRE OTTOMAM) بلاوکراوەتەوە لە (٥٢٢) لاپەڕ پێکهاتووە و چەندین نەخشەی لەبارەی مەڵبەندەکانی کوردستانەوە تێدایە. [١٥]

لەئەڵمانیاندا لەسەدەی هەژدەهەمدا سەرچاوەیەکی ئەڵمانی بەرچاودەکەوێ کە لەبارەی کوردەوە دواون، یەکێك لەوانە باسی گەشتێکە کە نیبوو (NIEBUHR) ناوێك کردوویەتی بۆ وولاتی عەرەب و ئەو وولاتانەی دەرو دراوسێ ی عەرەبن، لە بەشی دووەمی ئەوگەشتنامەیدا کەلەساڵی (١٧٦٦) دەرچووە، نوسەرباسێکی لەسەر کوردیش نوسیوە، بێرگ (BERGH) ناوێکیش گەشتێکی کردووە بە کوردستان و ئەرمەنستان و گورجستان و ئەنادۆڵ و عێراقدا و نامیلەکەیەکی لەوبارەیەوە نوسیوەتەوە و لەساڵی (١٧٩٩) دا بلاوی گردۆتەوە ئەم کتێبە گەلێ نیگاری جوانی تێدایەو دوونەخشەی لەگەڵدایە . [١٦] کەواتە ئەو سەرچاوانەی تائێستا لێی دواوین بریتیین لە گرنگترین و کۆنترین ئەوسەرچاوانەی کەلەبارەی نەتەوەی کوردەوە زانیارییان تۆمارکردووە و ب سەردەمی ئەمرۆشمان بوونەتە سەرچاوە و دیکۆمێنتی گرنگ لەبارەی سەرەتاکانی کوردناسی یەوە.

بەکارهێنانی زاراوەی (کوردناسی) لەزمانی کوردیدا وەك " رۆژهەڵاتناسی" زاراوەیەکی تازەیە، ماوەیەکی زۆرنیە کەوتۆتە نێوزمانی کوردییەوە، زاراوەی " کوردۆلۆجیا" بۆیەکەمجار لەساڵی (١٩١٣) دا، لەلاپەڕە (٨) ی ژمارە (٢) ی گۆڤاری (رۆژی کورد) دا لە ئەستەمبوڵ، لەلایەن (د. عەبدوڵلا جەودەت) ەوە لە وتاری ( اتحاد یولی) بەزمانی تورکی عوسمانلی بەکارهاتووە، پاشان لەگۆڤاری (هاوار)، ژمارە (٢٢، ٢٣،٢٤)ی ساڵی (١٩٣٤)دا لە دیمەشق، لە وتارێکی هێرکۆڵ

ئازیزان (جەلادەت بەدرخان) بەناونیشانی (کورد و کوردستان)ب چاڤی بیانیان بەکارهاتووه. (١٦)

کەواتە ئەو زاراوانەی لەزانستی کوردناسی دەکۆڵنەوە (کوردناسی، رۆژهەلاّتناسی، رۆژهەلاّتیەوان) لەلایەن یەکەمین دەستەی مێژوونوسەکانی کوردەوە وەك (جەلادەت و کامەران و بەدرخان، تۆفیق وەهبی، حوسێن حوزنی موکریانی، عەلادین سەجادی، رەفیق حیلمی و ئەمین زەکی بەگ)ەوە کەوتنە نێو زمانی کوردییەوە، هەرئەم مێژوونوسانە زاراوەکانیان دارِشتووە و لە بەرهەمەکانیاندا بەکاریان هێناوە. (١٧)

## پەیوەندی نێوان کورد و ئینگلیز

سەبارەت بەدروستبونی پەیوەندی نێوان دووگەلی دوورلەیەك لەرووی جوگرافیاییەوە رەنگە کەمێك ئەستەم بێ، ئەمەش بەحوکمی نەبوونی هۆیەکانی گواستنەوە و هاتوچۆ و گەیاندن، یان دەست نەگەیشتنی خەڵکانی ئەم دووگەلە بەیەکتری بەهۆیاکانی (سەربازی یان ئایینی و رۆشنبیری و ...هتد).

بەلاّم پاش تێپەرِبوونی چەندین سەدە بەسەر ژیانی مرۆڤایەتی و گەشەکردن و جیاکردنەوەی گەلان بەرووی دنیاداو سەر هەڵدانی چەندین دەسەلاّت و دەوڵەت و بنەماڵە و میرنشین و .... هتد. چاوتێبرِینی گەلان، یان دەوڵەتان لەسەرخاکی ئەوی تر ئەم دوورییەی کەم کردەوە و وورد ووردە نەتەوەکانی بەرەو تێکەلاّوبون و دروست بونی پەیوەندی نێوانیان برد، بەتایبەتیش دوای سەرهەڵدانی ئایینەکان و دروستبوونی دەسەلاّتی کەنیسە و پاپا، ئەم چواتێبرِینەی خاکی گەلانی تر زیاتر پەرەی سەند بۆ بلاّوکردنەوەی ئایینی مەسیحی بوون و لەژێر دەسەلاّتی ئەواندا نەمابوو، بۆیە کەوتنە پەل و پۆ هاویشتن بۆ ناوچەکانی رۆژهەلاّت، کە ئەوکاتە

ئایینی ئیسلام تیایدا بلاّو بووبوە و دەسەلاّتی گرتبووە دەست، دیارە کوردیش یەکێك بووە لەوگەلانەو لەم ناوچەیەدا کوردێك بەناوی (سەلاحەدینی ئەیوبی) [١٨] دەوڵەتێکی بەناوی ئەیوبی لەم ناوچەیدا دروستکردبوو کەسوپای رۆژئاوا لەژێر ئالاّی ئایینی مەسیحدا هێرشیان کردەسەر.

ئەم جەنگە ئاینی یەی نێوان رۆژهەلاّت و رۆژئاوا سەرەتایەك بووبۆ دروستبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوونەتەوەیە، (جەنگی خاچ دروشمەکان) [١٩] لەسەدەی (١٢)دا روویدا لەنێوان رۆژهەلاّتی موسولمان و رۆژئاوای مەسیحیدا لەپێناو دەستگرتن بەسەر(خاکی پیرۆز)لەناو فەلەستین دا، سەلاحەدینی ئەیوبی کورد دژ بە فلیپ ئۆگەستی (PHILIP AUGESTE) فەڕەنسی ١١٦٥-١٢٢٢، هەروەها دژ بە سەرکردەکانی ئینگلیز، ریچارد شێردڵ (RICHARD COEURDE LION) ١١٩٩-١٢٥٧ کە لەو شەڕەدا لایەنگری فەرەنسا بوو. [٢٠]

جەنگی خاچیەکان زۆربەی سەرچاوەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە وەکو سەرەتای تێکەلاّوبوونی کورد و ئینگلیز، چونکە لەشەڕەکەدا سوپای خاچ دروشمەکان بەشێك لەسوپای ئینگلیزی تێدابوو، هەروەها سوپای ئیسلامیش بەشێکی زۆر کوردی تێدابووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە سەرکردەی هەردوو سوپا (خاچیەکان و موسوڵمانان) کورد و ئینگلیزبوون، لەپایزی (١٩٠٥) ز پاپا لەکێشەوە بانگەوازێکی بلاّوکردەوە کە هەمووميران و خانەدانی رۆژئاوا بەرەوگرتنی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست بڕۆن، ئامانجیش ئەوەبوو کەرۆژئاوا دووریان بخاتەوە لەجەنگی ناوخۆیی، لەجیاتی ئەمە بچن بۆ جەنگێکی تر، ئەویش کە رۆژهەلاّتە و بەوپێیەی هەموو خۆیان ئامادەکرد و تەنانەت پیر و منداڵیش لە هێرشی سێیەمیاندا سەلاحەدین بەرەنگاریانبوو. [٢١] بۆیە ئەم جەنگە رووبەرووبونەوەیەکی مەیدانی بوو لەنێوان

هەردوولاو سەرەتای پەیوەندی و تێکەڵاوبوونی رۆژهەلاّت و رۆژ ئاوابوو، (لێرەدا مەبەست کورد و ئینگلیزەکانە).

تەنانەت ئەم پەیوەندییەی نێوان ریچارد و شێردڵی ئینگلیزی سەلاحەدینی ئەیوبی جۆرێك لەشێوەی چیرۆکی وەرگرتوە و چۆتە قاڵبێکی سەیر و سەمەرەوە، یەکێك لەوچیرۆکانە دەیگێڕتەوە و دەڵێ : لاوێکی شێت کە لەئینگلتەرە لەگەڵ باوکی وبراکانی دا هەمیشە لەشەڕدا بووە و لەگەڵ کەس رێك نەبووە، بەلە شکرێکەوە شەوێك لەدەریاوە گەیشتەسەر عەکا و هەزاران کەسی لێ کوشتن، زۆری پێ نەبەرد لەعارسوفیش بەهەمان شێوە کوشتاری کرد، وتیان ئەمەریچاردی پاشای ئینگلیزە سەلاحەدین ووتی وازی لێ بێنن بزانین چی ئەوێ، ئەنجام نامەیەکی نارد و داوای قودسی لەسەلاحەدین کردبوو، سەلاحەدینیش ووتی نابێ! داوای دووسێ شاری تری کرد، هەرنەبوو، ئەنجام خوشکێکی خۆی لەگەڵدا بوو ووتی دەیدەم بەسەیفەدینی برای سەلاحەدین، سەلاحەدین بەوەش رازی نەبوو، زۆر نامەی نوسی کە سەلاحەدین لەگەڵیا دابنیشێت،بەس سەلاحەدین رێگەی نەدا، ئەنجام سەلاحەدین پێی ووت خۆشت و خوشکەکەشت و خوشکەزاکەشت ئازادن کە بۆ وولاّتی خۆتان برۆنەوە، ئیتر بەرە وئینگلستان دەڕواتەوە. (٢٢)

ئەم چیرۆك و بابەتانە تاچەند راستی تێدابێ یاخود نا ، جۆرێك لەگەروەکردنی تێداکرابێت ئەمەیان مەبەستی ئێمە نییە، ئەوەی مەبەستی ئێمەیە و گرنگە لێرەدا ئاماژەدانە بەهاتنی شێردڵی سەرداری ئینگلیز و رووبەرووبونەوەی لەگەڵ سەلاحەدین و دروست بوونی پەیوەندی نێوان کورد و ئینگلیز.

بۆیە لەدوای جەنگی خاچیەکانەوە ژمارەیەکی زۆر موژدەدەر و پیاوی ئایینی مەسیحی روویان کردۆتە ناوچەکە و بەتایبەتیش (کوردستان)، ئەمەش بووە هۆی زیاتر تێکەڵ بوونی گەلانی رۆژهەلاّت و رۆژئاوا لەنێویانیشدا (کورد و ئنگلیز) ئەم

موژدەبەرانە کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە لەسەر ولآتەکانیان و وایان لێکردوون زیاتر بێنە ناوچەکە و پەیوەندییەکی پتەو دروستبکەن، کەواتە پەیوەندی نێوان ئەوروپا وکورد لەم جەنگە ئایینیە دێرینەی نێوان مەسیحیەت و ئیسلام دا لەسەدەی دوازدەهەمەوە پەرەدەسەنێت، کەچەندین چیرۆکی ئەفسانەشی لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی و ئەوروپیدا لە (ئینگلتەرا و فەرەنسا) دروستکردووە و ببوە جێگای بایەخ پێدان و خوێندنەوەی بەشێکی زۆری خوێندەوەران و هونەرمەندانی ئەوکاتەی ئەو ولآتانە، دیارە ئەم جەنگە کارێکی گرنگی کردەسەر تێکەلآوبوون و خوێندنەوەی گەلانی رۆژهەلآت لای ئەوروپیەکان کە کوردیش یەکێك بووە لەگەلەکانی رۆژهەلآت بەتایبەیش سەلاحەدینی ئەیوبی کەسەرکردەی ئەم بەرە دینیەی دەکرد دژی جیهانی مەسیحی.

لەپاش شەڕی خاچپەرستەکان و هاتنی موژدەبەرە مەسیحی یەکان بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ هیچ پەیوەندییەکی وانابینرێت لەنێوان کورد و ئینگلیزەکاندا لەبوارەکانی تردا، چ پەیوەندی سیاسی و سەربازی بێت یاخود بازرگانی رۆشنبیری، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکاری تایبەت، لەوانە دووری سنوری جوگرافی ئینگلیز لەم ناوچەیەوە، هەروەها هێشتا نفوزی ئینگلیز و دەسەلآتی بەشێوەیەکی بەرچاو لەم ناوچەیەدا بەدی نەدەکراو.... هتد.

بۆیە لەساڵی ١٥١٠ بەدواوە بازرگان و گەڕیدە ئەوروپاییەکان بەلێشاوبەرەو رۆژهەلآت گەشتیان دەکرد، بەتایبەتیش بەرە و ئەسفەهان و ئەستەمبوڵ و تەورێز و تەرابزۆن، لێرەوە پێشکەوتنی بازرگانی نێوان ولآتانی ئاسیا و ئەروپا و لەسەدەی (١٦) بەدواوە دەستی پێکرد، بێ گومان ناوچەکانی (کوردستان) یش سەرە رێگای هاتوچۆیان بووە بۆیە گەڕیدەیەکی ئینگلیز بەناوی (R POCOCKE) سەفەرنامەیەکی بە ناونیشانی ( ADESCRIPTION OF EAST AND SOME OTHER

CONTRIES) بۆ بەجیٚ هیٚشتوین لەلاپەڕە (٢٦٨ – ٣٠٨) باسی ژیان و ولأتی کورد دەکات، هەروەها سەفەرنامەیەکی تر بەناونیشانی ( JOURNY FROM INDIA) (گەڕانیٚك لە هیندستانەوە) لەلایەن گەڕیدەی ئینگلیزی (J JACKSON) لە لەندەن لەسالّی (١٧٧٩) چاپکراوە، ناوی کوردستانی لەسەر بەرگەکەیدا هیٚناوە و باسی کورد و شارەکانی کوردستان دەکات. (٢٣)

کەواتە پەیوەندی بازرگانی خولیای ژمارەیەك گەڕیدەی ئەوروپی (لیٚرەدا تەنها مەبەستمان ئینگلیزە) ە کانە، جۆریٚکی تر پەیوەندی دروست دەکاتەوە لەنیٚوان کورد و ئینگلیزدا، بیٚ گومان سەفەرنامە و نوسینەکانی ئەم گەڕیدانە بۆخۆی کاریگەری هەبووە، لەناساندن و دروستبوونی پەیوەندی نیٚوان کورد ئینگلیزدا، چونکە ئەمانەکاتیٚك گەڕاونەتەوە وولأتەکانی خۆیان نوسین و بەرهەمەکانیان بلأوکردۆتەوە.

کاتیٚکیش کە ئینگلیزەکان کۆمپانیای رۆژهەلأتی هیندی دادەمەزریٚنن، هەروەها لەناوچەکانی کەنداوو باشوری ئیٚران نزیك دەبنەوە،لیٚرەوە جاریٚکی تر گرنگی ناوچە کوردی یەکان دەردەکەویٚت و ئینگلیزەکان دەست دەکەن، بەگەڕانی ناوچە کوردیەکان ،لەوانە سەردانی (کلودیس جیمس ریچ) سالّی (١٨٠٦) کونسولّی بەریتانیاوە لە بەغداد و سەردانی ناوچەکانی کوردستانی کردووە. (٢٤)

دیارەئەم گەشتانەی گەڕیدەکانی سەردانی ئینگلیز بەردەوام دەبیٚت و ئەو پەیوەندییە ناپچڕیٚت و ناوبەناو گەڕیدەکانی سەردانی کردستان دەکەن لەوانە (جمس برانت) کەلەسالّی ١٨٣٨ دا دا سەردانی ناوچە کوردییەکانی کردووە.

وەکو پیٚشووتر وتمان دوای دامەزراندنی کۆمپانیای رۆژهەلأتی هیندی و دەستگرتنی بەریتانیا بەسەر دورگەی هورمز لەسالّی (١٦٢٢) بەهاوکاری ئیٚرانیەکان هیٚندەی تر ئینگلیزیان هاندا بۆ چاوبڕینە ناوچەکە یاخود لەناوچەکە نزیك بوونەوە و چاوی بڕیبوە سیٚ ویلایەتەکەی دەولّەتی عوسمانی (بەغدا،بصرە، موسلّ ) کە ئەوکات

ویلایەتی موسڵ باشوری کوردستانی دەگرتەوە و بەریتانیا بەمیزوپۆتامیای دادەنا، ئەم کۆمپانیایە رۆڵێکی گەورەی لە هەڵسوڕاندنی سیاسەتی بەریتانیا لەناوچەکەدا گێڕا.

ئینگلیزەکان چاویان بڕیبوە ناوچەکوردنشینەکانی ئێران و عوسمانی و لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمەوە گرنگیەکی تایبەتیان بەکوردستان دەداو پیاوانی کۆمپانیای هیندی رۆژهەلأت، هەرجارەی بەناوێکەوە سەردانی ناوچە کوردیەکانیان دەکرد، بۆ نموونە لەساڵی (١٨٥٧) دا دکتۆرێکی سەربەم کۆمپانیایە بە رێگای کەرکوکدا تا ناوچەی ماردین چووە، دوا بەدوای ئەوەش چەند فەرمانبەرێکی دیکەی ئەم کۆمپانیایە رووە و ناوچەیەکی کوردستان دەستیان بەگەشت و گەڕان کردووە لەوانە: (د. کامپیل هاول) و چەندانی تریش.[٢٥]

محمد رسوڵ هاوار دەڵێ: لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدە بەدواوە و لە ساڵی (١٧٥٨) دکتۆرێکی کۆمپانیای هیندی رۆژهەلأتی لەرێگای کەرکوکەوە چۆتە شاری (ماردین)، دوای ئەو (د. کامبێل)، هەروەها (ت. هاولی) وەك لۆنگریك باسی کردووە چونەتە کوردستان و بەناویدا گەڕاون (کلۆدیۆس جیمس ریچ) نوێنەری کۆمپانیای هیندستان لەساڵی (١٨٢٠) دا گەشتێکی دوور و درێژی بەکوردستاندا کردووە و کتێبێکی لە شێوەی یاداشتداچاپ کردووە، ئەگەرچی ریچ بێجگە لەو گەشتەی لە کتێبەکەیدا باسی کردووە، زۆرجاری تریش لەرێگای هاتوچۆدا لەبەغداوە بۆ ئەستەمبوڵ بەکوردستاندا رۆیشتوە و پەیوەندی لەگەڵ کوردی ئەو رێوبانەدا اهەبووە، لەدوای ریچ لەساڵی (١٨٣٦) دا ونسونو وەدوای ئەو (مێجر.ف. میللینگتن) سەریان لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان داوە و سەرنجی خۆیان تۆمارکردووە.[٢٥]

کەواتە پەیوەندی نێوان کورد و ئینگلیز لەسەدەی (١٩) دا جۆرێك لە گەرم و گوڕی پێوەدیارە و ئەمەش لەرێگای ئەو گەڕیدانەوە بوو کە بەهۆکاری جۆراوجۆر سەردانی ناوچەکانی کوردستانیان کردووە و پەیوەندییان لەگەڵ کورد دروست کردووە، لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا پەیوەندی نێوان کورد و ئینگلیز، قۆناغێکی تری بەخۆوە بینیوە و پەیوەندییەکان زیاتر پەرەی سەندووە، ئەوەبوو ئینگیزەکان بەتەواوی هاتنە ناوچەکە و ئەم جارە جیاواز لەوانی پێشوو، نفوزیان زیاتر بوو ، بەتایبەتیش لەناوچە کوردییەکاندا، لەپاش بڵاوکردنەوەی دەستور لەساڵی (١٩٠٨) لە تورکیا ئیتحادییەکان بەتەواوی دەستیانکرد بەجێبەجێکردنی دەسەڵاتێکی ناڕەواو حکومەت دەسەڵاتی کەمبوەوە ولەهەموولایەکەوە، لەناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا ئاژاوە و هەرا دەستی پێکرد، بەتایبەتی لەعێراقدا، وە لەکوردستاندا تورکەکان دەسەڵاتیان نەبوو بەسەر خێڵە کوردەکاندا،لەبەرئەوە لەدوای گرتنی بەغداد لەلایەن سوپای بەریتانیاوە یەکسەر بەریتانیا کەوتەخۆگەیاندن بەخێلە کوردەکان و سەرۆکەکانیان وەك لەوکاتەدا نەتەوەکان تینوی سەربەخۆیی و خودموختاری (حوکمی زاتی) بوون، ئەم داواکردنە لەلایەن نەتەوەکانەوە بوو بەدروشم و هەڵکرا بە تایبەتی نەتەوەی کورد. (٢٦)

بۆیە لەم سەرەتایەدا( واتا لەسەدەی بیستەم) چالاکی و هاتوچۆکردنی سیخوڕ و پیاوە سیاسییەکانی ئینگلیز لە کوردستاندا تەواو پەرەی سەندبوو، لەراستیدا قونسوڵەکانی ئینگلیز لە هەرێمەکانی رۆژهەڵاتی عوسمانی دا لەئەفسەرکان دا دەنران، (فریمەن) ی یاریدەدەری قونسوڵی ئینگلیز لە دیاربەکر بۆ ماوەی ساڵێك بە هەرێمی بەتلیس و ناوچەکانی دەوروبەریدا گەڕاوە، (مایوئەندرسن) کەیاریدەدەری قونسوڵی ئینگلیز بوو لە (سیواس) بەناو هەرێمەکانی دیاربەکر خەربوتدا گەڕاوە، هەروەها (کاپتن) تیڕێل) یاریدەدەری ئینگلیز گەشتێکی بەناوچەی هەکاری و بتلیس

دا کردووه، بێگومان نابێ گەشتە نهێنییەکەی (میجەرسۆن) مان لەبیربچێت بەناوچەی سلێمانیدا کەنوسەری ئینگلیز (ئەرنست مێین) دەربارەی مێجەرسۆن دەڵێ: کارەکانی مێجەرسۆن بەرادەی کارەکانی "لۆرانس"[٢٧] گرنگ بووە،هەرچەندە لەو کەمتر ناوبانگی بلاّوبوەوە لەکاتی گەشتەکەی مێجرسۆندا، (مارك سایکس) کەنوێنەری ئینگلیز بووە لە سازکردنی پەیمانی (سایکس بیکۆدا) گەشتێکی دوورودرێژی (٧٥٠٠) میلی بە کوردستانی ژوورودا کردووە و لەژیانی عەشیرەتەکانی کوردی کۆڵیوەتەوە و نوسینەکانی مارك سایکس زۆر بەکەڵکی ئەو کاربەدەستە ئینگلیزانە هات کە لەدوای ئەوماوەیە کاروباری ناوچەکەیان پێ سپێردرا.[٢٨]

ئەمەش هەمووی پێکەوە سەرەتای چالاکیەکانی ئینگلیزەکانە لەناوچە کوردیەکاندا بەتایبەتیش پێش جەنگی جیهانی کە بایەخی زۆریان پێداوە، لەگەڵ دەست پێکردنی جەنگی جیانی یەکەمدا پەیوەندی نێوان کورد و ئینگلیزەکان پێشەوە چوونێکی زۆری بەخۆوە بینی، ئەمەش لەبەرئەوەی ئینگلیزەکان راستەوخۆ هاتنەناوچەکەو داگیریان کردوو عوسمانیەکان لەساڵی (١٩١٨) ەوە وەدەرناو ناوچەکانی کوردستانیش بوونە بەشێك لەو داگیرکارییە.

وەك دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێ : ئینگلیزەکان توانیان ژمارەیەك لە سەرۆك هۆزەناودارەکانی کورد، وەك کە هەور بکرن و تەنانەت توانیان هەرلەهەمان ساڵدا (١٩١٧) بیانکەن بەگژیەکتراد، واتە ئەو هۆزانە سەربەئەڵمان و تورکەکان بوون، هەوڵیان داوە سوود لەجیاوازییە ئاینییەکان وەربگرن لەکوردستاندا، وەك (ئاشورییەکان و ئێزیدیەکان) ئەفسەرە سیاسیەکانیان لەکاتی داگیرکردنی بەغداو توانیان پەیوەندی لەگەڵ کوردە ئیزیدییەکاندا دروست بکەن، بەم جۆرە دەبینین

کوردستان شوێنێکی دیاروبایەخداری لەسیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە، رۆژ بەرۆژ ئەم سیاسەتە ئاشکرا دەبوو.[٢٩]

کەوا بێ دەتوانین بڵێین لەمێژبووە ئینگلیزەکان چاویان بڕیوەتە ناوچەکانی کوردستان و ویستویانە بەهەرشێوەیەك بێت جۆرێك لەپەیوەندی دروستبکەن لەگەڵیاندا، لەدوای داگیرکردنی ویلایەتی موسڵ [٣٠] لەکۆتاییەکانی ساڵی (١٩١٨) ئینگلیزەکان بەتەواوی بەکاروباری کوردەکان میزۆپۆتامیا بوون و سەروکاریان دەبردن بەڕێوە، پێش ئەوەش کاتێ ئینگلیزەکان هاتنە کەرکوك ژمارەیەك لەسەرۆك هۆز و خێڵەکان پەیوەندییان پێوەکردبوون، هەروەك وێڵسن دەڵێ: سوپای بەریتانیا توانی لەکانونی یەکەمی (١٩١٧) دا شاری خانەقین داگیربکات، پاشان شاری کفری و لە (٢٨) ی نیسانی (١٩١٨) توانی شاری دوزخورماتوو بگرێ، رۆژی دواتر سوپای بەریتانیا بەرەو شاری کەرکوك بەڕێکەوتن بۆ داگیرکردنی، وە لەم داگیرکردنانەدا سوپای بەریتانی رووبەرووی هیچ جۆرە شەڕ و نارەحەتیەك نەبوەوە لەگەڵ عەشایەرەکانی کوردی ئەو ناوچانەدا [٣١] کەواتە هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچە کوردییەکان هیچ جۆرە شەڕ و رووبەرووبونەوەیەك بەدی ناکرێت لەنێوان کورد و ئینگلیزەکاندا، وە ئینگلیزەکان لەسەرەتادا توانیان پەیوەندییەکی گەرم وگوڕ و توندوتۆڵ دروستبکەن، لەنێوان خۆیان و کوردەکاندا، دواتریش ئینگلیزەکان تەواوی ناوچەکەیان داگیرکردوو (مێجەرنوئێلی) نوێنەری خۆیان نارد بۆ ناوچەی سلێمانی وەك راوێژکاری سیاسی شێخ مەحمودی حەفید، چونکە ئینگلیزەکان بڕیاری دامەزراندنی حکومەتێکی کاتیان دابوو بە شێخ مەحموود، دانانی شێخ مەحموود بە کاربەدەستی کوردستان وای لەگەورەکانی کورد کرد نامەیەکی دروست بەناوی کۆبونەوەی کوردەوە بنێرن بۆ لێپرسراوی سەربازی بەریتانیا لە کەرکوك و گەیاندنی ئەم نامەیەش درا بە (محسین ئاغا)، نامەکە پێهاتبوو لە رەزامەندی وەرگرتنی

ئینگلیز بەدامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لەسلێمانی و دانانی دەسەلأتێکی کوردی کە بەناوی ئینگلیزەوە حوکم بکات، بەم شێوەیەش دەبینین پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و داگیرکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەلأتی عوسمانی، دیارە مەبەست ناوچەکانی کوردستانی باشورە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، چونکە ناوچەکانی تری کوردستان بەم شێوەیە نەبووە، هەرچی ناوچەکانی رۆژهەلأتی کوردستانە لەسەردەمانێکی زووەوە ئینگلیزەکان هەرلەکاتی هاتنیان بۆ باشوری ئێران لەسەدەی (١٧)دا جۆرێك لە پەیوەندییان دروستکردبوو، بەلأم ناوچەکانی باکور و رۆژئاوای کوردستان بەحوکمی ئەوەی بەریتانیا نەیتوانیبوو دەستی پێ بگات لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕ تاڕادەیەك دوورە پەرێز بوو لێیانەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئینگلیزەکان پێشوتر لە رێگای گەڕیدەو جاسوسەکانیەوە سەردانی ئەو ناوچانەیان کردووە و پەیوەندییان پێیانەوە هەبووە، بەم جۆرە لەکاتێکی زۆر زووەوە پەیوەندی نێوان کورد و ئینگلیزەکان دەست پێ دەکات و دیارە هەر قۆناغە و خاسیەت وتایبەتمەندی خۆی پێوە دیارە، چ تایبەتمەندی ئایینی بێ، یاخود بازرگانی و سیاسی و سەربازی و ....هتد.

بۆ دروستبوونی پەیوەندی نێوان دووگەل رەنگە تاڕادەیەکی باش سوودی تەواوی بۆ هەردوولا دروستکردبێ، یان بەپێچەوانەوە زیانێکی زۆری لەهەردوولا یاخود لایەکیان دابێت، ئەوەی تێبینی دەکرێ کوردەکان زەرەرمەندبوون لەدروستبوونی ئەم پەیوەندییە تاڕادەیەکی زۆر، چونکە ئینگلیزەکان کاتێك ئەم ناوچانەی کوردەکانیان داگیرکردو بونە بڕیار بەدەستی سەرکی، بەهەموو شێوەیەك دژی خواستە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کورد وەستانەوە و نەیانهێشت وەکو باقی تەواوی گەلەکانی تری جیهان کوردیش دەوڵەتێك یان قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ بۆخۆی دروستبکات، سەرەڕای هەموو ئەمانەش بەپێی کۆمەڵێك پەیماننامەی نهێنی

لەنێوان خۆی و دۆستەکانیدا خاکی کوردانیان دابەشکرد بەسەر چوار پارچەی جیاوازداو هەرپارچەیان لکاند بەدەوڵەتێکی بێگانەی تازە دامەزراوەوە.

### هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کوردناسی لای ئینگلیزەکان

سەبارەت بەسەرهەڵدانی زانستی کوردناسی بەگشتی لای ئەوروپییەکان و بەتایبەتیش لای ئینگلیزەکان، چەندین هۆکار بەرچاودەکەوێ بۆ سەرهەڵدانی ئەم زانستە، بەحوکمی ئەوەی کوردستان شوێن و پێگەیەکی گرنگی هەبووە، بەدرێژایی مێژوو جێگەی چاوتێبڕینی ئەوروپییەکان بوو.

کوردستان شوێنێکی ستراتیجی ئێجگار گرنگی هەیە، دەشێت بەدڵی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی لەقەڵەم بدەین، وەك ناوچەیەکی وشکانی هەموو دەروازە دەریاییەکانی بەیەکتر بەستۆتەوە، هەر لەدەریای قەزوین و دەریای رەش و کەنداوی فارس تادەگاتە دەریای سپی، بۆیە هەرلەکۆنەوە رێگای بایەك گەیشتنی رۆژهەڵات و رۆژئاوابووە، ئەمەش بۆتە سۆنگەی شوێنێکی گرنگ بۆ کوردستان، لەنێوان ئەو هێزانەی ململانێ یان لەسەر ئەوناوچەیە کردووە، بۆیە زۆربەی شەڕە چارەنوس ئامێزەکانی رۆژهەڵات لەسەر خاکی کوردستاندا روویانداوە،هەر لەشەڕەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی لەگەڵ ئێرانییەکان، تادەگاتە دوا شەڕی ئومەوی و عەباسیەکان.. دواتر شەڕی نێوان عوسمانی و سەفەویەکان، لەپاڵ ئەمەدا کوردستان خاکێکی بەپیتی هەبووە و هێزێکی مرۆیی گەورەی لەسەر ژیاوە، بۆیە لەو ململانێ یانەدا پشت بەکوردبەستراوە، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێ کورد چ زۆر چ کەم رۆڵیان لەو گۆڕانکارییانەدا بینیوە.[٣٢]

ئەم گرنگی یەی خاکی کوردستان وای لەدەوڵەتانی داگیرکەر و ئیمپریالیزم کردووە، بەچەندین بڕوبیانوی جیاوازەوە هەرزوو خۆیان بگەیەننە ناوچەکانی کوردستان و جێ

پێی خۆیان قایم بکەن،ئەمەو سەرەڕای هۆکارە ئاینیەکە، واتا کوردستان وەك مەڵبەندێکی گرنگی ئایین بووە، بەسەرجەم ئەدیانەکانەوە، بۆیە لێرەدا گرنگترین ئەو هۆکارانە دەستنیشان دەکەین کە بونەتە هۆی سەرهەڵدانی کوردناسی لای ئینگلیزەکان، کەئەمانەن :

**یەکەم: هۆکاری ئایینی:**

ئایین هۆکارێکی گرنگ بووە، سەبارەت بەهەوڵدان بۆ ناسینی کورد، چونکە کوردستان شوێنی ئایین و ئایینزای جۆراوجۆر بووە، ئەمەش وایکردووە جێگەی سەرجەم ئایینە جۆراوجۆرەکانی جیهانی تێدابێتەوە، کوردیش بۆ خۆی تاکێکی هێند دەمارگیرنەبووە بۆ ئاینێك تاکو ڕێگا بەسەرهەڵدانی یاخود بلاَوبونەوەی ئایین و ئاینزاکانی تر نەدات، بۆیە سەرجەم ئەوانەی ڕێبەرایەتی ئایینیان کردووە، هەوڵی خۆیان داوە دەست بگەیەننە کورد و خاکی کوردستان بۆ بلاَوبونەوەی ئاینەکانیان.

کوردستان لانکەی ئایین و ئایینزاکانی جیهانە، کورد ئەگەر لەبارەی ئەتنیکەوە نەژادێکی سەربەخۆی هەبێ، لەبارەی ئایینەوە، سەر بەئایین و ئاینزاو مەزهەبی جۆراوجۆر بووە: زەردەشتی، مانەوی، جولەکە، مەسیحی، نەستوری و ژاکوبی و کلدانی و ئاشوری، ئیزیدی، موسوڵمان " شیعە و سوننی" ، ئەهلی حەق.... هتد. ڕێبەر و سەرانی هەر ئاینێك ویستویانە خەڵکی بۆلای خۆیان رابکێشن یان بەلای کەمەوە بێن کوردستان بکەنە مەیدانی پەرەسەندنی ئەو ئایین و مەزهەبە دیاریکراوەی خۆیان. (٣٣) موژدەگارەکان یەکەمین ئەو کەسانەن کە بایەخیاندا بەوەرگێڕانی ئینجیل و کتێبە مەسیحیەکان و بلاَوکردنەوەیان لەووڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا، هەروەها لەپێناوی بلاَوکردنەوەی ئایینی عیسا و بەمەسیحی کردنی خەڵکی غەیرە مەسیحی.(٣٤) ئەم موژدە بەرە مەسیحیانە (المبشرین – MISSIONAIRES) دەستەیەکی زۆر دیار و بەهێزی ڕۆژئاوایی یەکان بوون بۆ

مەبەستی بلاۆکردنەوەی ئایینی مەسیح و فریاکەوتنی ژیانی رۆحی و کولتوری مەسیحیەکانی کوردستان هاتونەتە کوردستان. [٣٥]

لەسەدەی (١٢) دا شەڕی خاچ دروشمەکان و هێرش هێنانیان بەرەو رۆژهەلاّت، لەلایەکی دیکەشەوە بوژانەوەی رۆشنبیری فراوانتر بوونی ئاسۆی لێکۆلێنەوە جوگرافی و زانستیەکان لەچارەکی یەکەمی سەدەی (١٣) بەدواوە لە ئەوروپا، پاشانیش بەهێزبوونی دەسەلاّتی هەنگاریاولە رۆژهەلاّتیشدا بلاّوبوونەوەی دەسەلاّتی ئیمپراتۆریەتی جەنگیزخان، هەروەها بلاّوکردنەوەی ئایینی مەسیحی و بەمەسیحی کردنی جیهان (EVANEGILISATION) لەنێوان سەدەی (١٢) و (١٧) دا بونەهۆی ئەوەی کە پەیوەندی سیاسی و بازرگانی و هاتوچۆکردن لەنێوان رۆژهەلاّت و رۆژئاوادا پەرەبسێنێت [٣٦] بێگومان شەڕی خاچیەکان بۆ هێنانەدی دوو ئامانج بوو:- یەکەمیان شکاندنی کۆتە سەپێنراوەکانی سەربرامەسیحیەکانیان لە خۆرهەلاّتدا، کە بەرژەوەندییەکانیان بەسترابوو بە بەرژەوەندییەکانی جیهانی مەسیحییەوە، دووەمیان رزگارکردنی (بیت المقدس) بوو. [٣٧]

گومان لەوەدانیە لەوکاتەدا ئەو هێزەی لە (بیت المقدس) بوو لەگەڵ سەرکردەی کوردێك بووبەناوی سەلاحەدینی ئەیوبی و دەوڵەتەکەشی ناوی دەوڵەتی ئەیوبی کە حوکمی ناوچەکانی شام و میصریان دەکرد، ئەمەش پێویستی بەهەموو جۆرە ناسینێکی رەگەزی ئەوسەرکردە و هێزە دەکرد، هەرچەندە لەوکاتەدا ئەم سەرکردە وەکو سەرکردەی سوپای ئیسلام شەڕی کردووە و حوکمڕانی ئەم ناوچانەی کردووە، بەلاّم ئەمە نابێتە رێگر لەبەردەم کوردبوونی ئەم پیاوەدا، هەرچەندە لێرەولەوێ رەخنەی ئەوەی لێ دەگیرێت، بەلاّم مەسیحیەکان ئامانجیان گەیشتن بوو بەم ناوچانە بەهەرشێوەیەك بێت، چونکە بە خاکی پیرۆزی خۆیان دەزانی.

چەند بەڵگەیەك بۆ ئەوە هەیە کە بیسەلمێنن، یەکێك لە ئامانجەکانی بایەخدانی ڕۆژئاواو بەکوردستان، جموجوڵی تەبشیر و بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی بووە، بۆ نموونە دەبینین بەیەکەمین کتێبە وەرگێڕاوەکانیان بۆ سەرزمانی کوردی، بریتی بووە لە ئینجیلێك و کتێبێك لەبارەی مەسیحیەت لەلایەن موژدگارەکانەوە ئەنجام دراون. (٣٨)

ئەم موژدگارانە کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر روناکبیرە کوردەکانەوە هەبووە، بۆ نوونە (میرزا سەعیدخان) لەساڵی (١٨٩٨) دا لەگەڵ موژدەگارەکان چوو بۆ وولاتی سوید و لەوێوە چۆتە لەندەن و دووساڵ پزیشکی خوێندوە بەناوی دکتۆر (سەعیدخان) ە وە هاتۆتەوە بۆ ئێران، ناوبراو هەمان ئەو ئەوکەسەیەکە دەستنوسێکی ئەشگانیەکی هەورامانی، لەگەڵ چەند دەستنوسێکی دیکە فرۆشتبوە مۆزەخانەی بەریتانی. (٣٩)

کەواتە ئایین یەکەمین هۆکار بووە بۆ سەرهەڵدانی زانستی کوردناسی لای ئەوروپییەکان بەگشتی، ئینگلیزەکانیش یەکێك بوون لە وڵاتە رۆژئاواییەکان و هەرلەسەردەمی شەڕی خاچیەکان و هەتا ئەم دواییەش، هەوڵیان داوە ئایینی مەسیحی بەناوچەکانی کوردستاندا بڵاوکەنەوە، چونکە بەشێکی زۆریان هەڵگری ئایینی مەسیحی بوون ئامانجیان بڵاوکردنەوەی بوو لەدەرەوەی ناوچەکانی خۆیان، ئەمەو سەرەڕای ئەوەی موژدەگارە مەسیحیەکان (واتا پیاوانی ئایینی مەسیحی) یەکەمین ئەو کەسانە بوون کە هاتوونەتە ناوچەکانی کوردستان و لەسەرجەم لایەنەکانی ژیان و رەگەز و ئایین و باری کۆمەلایەتی و ئابوری و .... هتد، کوردیان کۆڵیوەتەوە و بەشێوەی یاداشت نوسویانەتەوە.

**دووەم هۆکاری سیاسی و سەربازی:**

رەنگە هۆکاری سیاسی و سەربازی پشکی شێری بەربکەوێت لەبایەخ پێدانی ئینگلیزەکان بەکوردستان، چونکە بەریتانیا لەسەردەمانێکی زووەوە چاوی بڕیبوە ناوچەکانی کوردستان و بەشوێنێکی ستراتیژی دادەنا بەتایبەتی دوای داگیرکردنی هیندستان، بۆ پاراستنی ئەم رێگایەش لەترسی زلهێزە رکابەرەکانی پێویستی بەوە دەکرد ئەم ناوچانە بخاتەژێر دەسەلاتی خۆیەوە، لەرووی سیاسی و سەربازییەوە، کوردستان بایەخێکی ستراتیژی مەزنی هەبووە، ئێگزەنفون ئەگەر مەبەستێکی سیاسی و سەربازی لەکوردستاندا نەبوایە نەدەهاتە کوردستان و شاکارەکەی بەناوی (ئاناباز) بنوسێت، بەهەمان شێوە ئەسکەندەری مەکدۆنیش ئەگەر هەولێری بە مەڵبەندێکی ستراتیژی نەزانیبایەو کوردستانی داگیرنەکردایە، نیگارکێشە ئەوروپیەکان ئەو هەموو تابلۆو دیواربەندە جوانەیان لەبارەی شەڕی ئەربێلا دروست نەدەکرد، جەنگیزخانی مەنگۆلیش، لەسەدەی (١٣)دا کاتێ هاتووە شاری تەورێزی داگیرکردووە، لەرێگای داگیرکردنی مەڵبەندەکانی کوردستانەوە بوو، کە توانیوەتی تاشاری کییف بروات و روسیاش داگیربکات، تەنانەت عەرەبە موسوڵمانەکانیش لەسەردەمی خەلافەتی عومەردا، لەسەرەتادا هاتن کوردستانیان داگیرکرد، کوردستانیان کرد بەبنکەیەك بۆ بلاوکردنەوەی دەسەلات و هێرشەکانی خۆیان بۆسەر ئەستەمبوڵ و روسیا، گرنگترین مەڵبەندی سەردانی ئەو رۆژهەلاتناسە لەشارەکانی کوردستاندا، دیاربەکر و هەولێر و بەتایبەبیش موسڵ بووە کە کردوویانەتە کاروانسەراو مەنزڵگای وەستانی خۆیان.[٤٠]

بۆیە بایەخی کوردستان و دیرۆکێکی کۆنی هەیەو بایەخێکی تازە نەبووە لەبارەی هیچ هێزێکەوە و دەکرێت ئەوەنیشان بدرێت ئینگلیزەکانیش هەروا لە خۆڕا نەبووە

تەماحێکی زۆریان هەبووە لەم ناوچەیەداو شارەزای بایەخی دیرۆکی سیاسی کوردستان بوون و پاشان کەوتونەتە بایەخدان و دەست گەیشتن بەم ناوچە گرنگە.

کوردستان لە نەخشە سیاسی وئابوری سەربازییەکانی ئینگلیزدا، پایەیەکی گرنگی هەبووە، چونکە یەکێك لەو ناوچانەبوو کە بەکورترین رێگە دەگەیشتە هیندستان، لەم رووەوە (لۆر و کیرزن) ی دیبلۆماسی بەریتانی ئاماژە بەم لایەنە دەکات و جەخت لە سەرئەوە دەکاتەوە کە پێویستە کوردستان بکرێتە ناوچەیەکی نفوزی بەریتانی. [٤١]

کوردستان شوێنێکی ستراتیژی زۆرگرنگی هەبووە، وەکەوتبووە سەر سنوری تورکیا، ئێران، روسیا، بۆیە کاربەدەستان ئینگلیز و کۆمپانیای (ویست ئینديا) [٤١] هەولّیاندا بەهۆی هۆزە کوردەکانەوە بگەنە رۆژهەلاّت وسەدەها پشکنەر و دیبلۆماس هاتنە کوردستان و بەبەرتیل سەرۆك هۆزەکانیان راپێچی لای خۆیان کردن و دەربارەی هێزی جەنگی کورد و رێگاوبانی کوردستان زانیاریان کۆکردەوە. [٤٢]

لەم بارەیەوە د.کەمال مەزهەر ئەوەدەخاتە روو کە هەولّەکانی بەریتانیا بۆ ئەوەی جێگای خۆی لەکوردستاندا بچەسپێنێ، سەرەتاکەی دەگەرێتەوە بۆ هاتنی کاپتنی بەریتانی (مالکۆلّم) کە بەرپرسێکی بەریتانی بوو لە هیندستان بۆ کوردستان، هەروەها لەسالّی (١٨٠٦) دا ریچ کە غایندەری کۆمپانیای هیندی رۆژهەلاّتی بوو لە بەغدا سەردانی کوردستانی کردو زۆر زانیاری ورد و جۆراوجۆری لەبارەی کوردستان تۆمارکردووە، هەرتەنیا ریچ ئەم کارەی نەکرد، بەلّکو ئەفسەری تریش بەم کارە هەلّسان لەوانە (راولستن) و (مێجر.ف. جبلکان)، وەزانیاری باشیان کۆکردەوە لەسەرکورد، وە زۆر گەریدەی تری ئینگلیزی سەردانی ناوچەی تورکیا و ئێرانیان کردوو سەردانی ناوچە کوردی یەکانیان کردبوو، باسی ژیانی کۆمەلاّیەتی و ئابوری کوردیان کردبوو وەك (د. موبیر. ج. کبتر) [٤٣]

ئینگلیزەکان هەستیان بەوەکردبوو گەیشتن بەناوچەکانی کوردستان بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆیان، هەرواکارێکی ئاسان نییە، چونکە لەو کاتەدا کوردستان لەنێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و قاجاریدا دابەش بوو بوو، ئەمەو سەرەڕای بوونی چەندین دەسەلاّتی میرنشینی خۆجێی لەکوردستاندا.

بۆیە ئینگلیزەکان هەر لەزووەوە گرنگی یان بەکوردستان داوە، لەساڵی (١٧٥٨) بەدواوە ژمارەیەك لەفەرمانبەرانی کۆمپانیای رۆژهەلاّتی هیندی چەندین گەشتیان بەکوردستاندا کردووە، ساڵی (١٨٠٦) کونسوڵی بەریتانیا (کلودیس جیمس ریچ) لەبەغداو سەردانی کوردستانی کردووە، ئاشکرایە کوردستان پێش جەنگی جیهانی یەکەم گرنگ بووە لای بەریتانیا بۆ نمونە (لۆردکیرزن) دەڵێت: بەرژەوەندیمان تەنیا لەنێوان بەغداو بەصرەدانیە، بەڵکو بەرژەوەندیمان لەویلایەتی موسڵیش دا هەیە. [٤٤] ئەمەش بۆ مان ڕووندەکاتەوە کە لەنەخشەی سیاسی و سەربازی بەریتانیادا کوردستان شوێنی دیار و بەرچاوی هەبووە و ئامانجیان دەست گرتن بووە بەسەر کوردستاندا.

بێگومان کە بایەخ پێدانی بەریتانیا بەکوردستان تا رادەیەك لەچاو زلهێزەکانی تری جیهاندا دواکەوتووە، چونکە پێش ئەمان چەندین گەورە زلهێزی تری جیهان وەك: روسیا و ئەڵمانیا گەیشتبوونە ناوچەکە، گرنگی دانی ئینگلیزەکان بەلێکدانەوەی گەلی کورد دواکەوت تاکۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە، بێگومان ئەمەش بەهۆی هۆکاری سیاسییەوە بووە، هەرلەبەرئەوە دەست گرتنی ئینگلیزەکان بەسەر میسر و کردنەوەی کەناڵی سوێس بوە هۆی سەیرکردنێکی ستراتیژی بۆ کوردستان لەمەبەدواوە لە نەخشە ئینگلیزییەکاندا بایەخی پێدرا،کە پەیوەندی بە پاراستنی چالاکی یەکانی رێگای وشکانی بۆ پەیوەندی کردن بەهیندەوە

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە بۆ جێگیرکردنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی لەدەوڵەتی عوسمانی و ئێرانیدا. (٤٤)

لەسەر ئەم بنچینەیە لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، ئینگلیزەکان سەرەتای گرنگی دانی بەکوردستان و گەلی کورد دەست پێکرد، هەوڵیدا بۆ جێگیرکردنی بنکەکانی و هێنانی کۆمپانیای رۆژهەلاّت هیندی و کارکردنیان بۆبەدەست هێنانی هەژموون لەنێوان خێڵە کوردییەکاندا، بۆیە دەبینین بەکرێگیراوە جیاوازەکان و دیبلۆماسیەکان و زانا شوێنەوارناسەکانی ئینگلیز دەستیان کرد، بەگەشتەکانی خۆیان بۆ کوردستان و دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوەی توانا ئابوری و سەربازییەکانی کوردستان و هەروەها تۆبۆگرافیای ناوچەکە و رێگاکانی پەیوەندی کردن وسامانەکانزاییەکان و دامەزراوی ئاوییەکان و لەدیاریترین ئەو کەسانەش کەسەردانی کوردستانی کردبێ بریتی بوو لە (ریچ) کە ماوەیەك بەرپرسی کۆمپانیای هیندی بووە لە بەغدا، راستەوخۆ دەستی کردووە بە گەشتە درێژەکەی خۆی بۆ کوردستان لەنیسانی (١٨٢٠) کە کۆمەڵێ پاسەوانی کۆمپانیاکەی لەگەڵدا بووە. (٤٥)

دیارە ئینگلیزەکان سەرەتا ئامانجیان تەنیا گەیشتن بوو بەناوچەکە، بەلاّم دواتر کەوتنە ململانێ لەگەڵ ئەو هێزانەی کە لەناوچەکەدابوون، لەگەڵ ئەوەی کە لەهەوڵی مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیەکانیاندا کاریان دەکرد، هاوکات لەململانێ یەکی توندی روسیادا بوون هەمیشە دەیانویست لەمپەر و بەربەست لەبەردەم گەیشتنی روسدا دروست بکەن لەگەیشتنی روس بەئاوەگەرمەکان، چونکە بوونی روسیا لەناوچەکانی شام، مایەی مەترسی بوو لەسەر بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لەوناوچانەدا. (٤٦)

بەریتانیا بەگەرمی کەوتبووە کارکردن لەم بوارەدا و ئامانجی بوو بەهەرچی شێوەیەك بێ نەهێڵێت دەسەلاّتی روسیا تەشەنەبکات، لەم بارەیەوە لازاریف دەڵێ :

کونسولْخانەی بەریتانیا لەدیاربەکر و موصلْ و خوارووی رۆژهەلاْتی ئەنادۆلْ، لەعێراقدا بەگەرمی دژی پەرەسەندنی دەسەلاًتی روسیا بەسەر کوردەکاندا تیْ ئەکۆشان. (٤٧)

ئەوەی گرنگە لێرەدا سەبارەت بەپارچەکانی کوردستان بیخەینە روو بەلایەنی ئینگلیزەکانەوە ئەوە، کە بەشی باشوری کوردستان سەرەتای هاتنی راستەوخۆی سوپای ئینگلیزەکانە، ئەمەش چونکە ئینگلیزەکان لەسەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمەوە کاتێك هاتنە ناوەوەی عێراق لەسالیْ (١٩١٧) دا هاتنە ناوچەکانی خانەقین، واتا یەکەم شوێنی کوردستان ناوچەکانی باشوربوو لەرووی سوپاییەوە.

کەواتە هۆکاری سیاسی و سەربازی یەکێکی دیکەبووە لەو هۆکارە گرنگانەی کە پالْی ناوە بە ئینگلیزەکانەوە راستەوخۆ دەستبکەن بەگەڕان و ناسینی میللەتی کورد و خاکەکەی، بەحوکمی ئەوشوێنە ستراتیژ و گرنگەی کە هەیبووە و لەسەردەمانێکی زوەوە جێگەی چاوتێبڕینی سەرجەم داگیرکەرە کۆن و نوێکان بووە، هەرئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ناوچەکانی کوردستان لە نەخشەی سیاسی و سەربازییەکانی ئینگلیز و جێگایەکی دیار و تایبەتی بۆ دابنرێت، ئەمەش لە ئەنجامی چاچنۆکی ئینگلیز و فراوان بوونی دەسەلاْتی و گەڕان بەشوێن بەرژەوەندیەکانیدا، بەتایبەتی دوای ئەوەی دەستی گەیشتبووە هیندستان ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە سەرهەلْدانی ململانیْ ی زلهێزەکانی ئەوروپا لەسەردەست گرتن بەسەر زۆرترین ناوچەی ژێر دەسەلاْتی عوسمانیدا کە کوردستان بۆ خۆی بەشێکی گەورەبوو لەوکاتەدا لەژێر دەستی عوسمانیەکاندا بوو.

**سێیەم- هۆکاری ئابوری و بازرگانی:**

ئینگلیزەکان هەمیشە بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا و دەست کەوتنی زۆرترین کەرەستەو قازانج، کام کون و قوژبنی ئەم جیهانە هەیە، چەندێ سەخت و دژواربووبێ، بەمەرجێ زانیبێتیان قازانجی لێ دەکەن دەستی خۆیان پێ گەیاندووە، ئینگلیزەکان چاویان بڕییە ئەو شوێنەی کە خاوەنی زۆرترین کەرەستەی خاوی کانزایی یە، بۆ ئەوەی زۆرترین ماددەی خاویان لێ دەست بکەوێت، چونکە لەوکاتەدا شۆڕشی پیشەسازی لەبەریتانیا سەری هەڵدابوو ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی دیکەشەوە ساغکردنەوەی ئەم بەروبومانە پێویستی بەبازاڕێك بوو.

ئاشکرایە کوردستان بۆ خۆی خاوەنی کەرەستەیەکی خاوی زۆر باشبووە، بەتایبەتیش لەم دواییانەدا کەنەوتی لێ دۆزرایەوە ئەوەندەی تر گرنگیەکەی زیادی کرد، چونکە نەوت بوە گرنگترین ماددەی خاوی پیشەسازی، بۆیە چاوتێبڕینی دەوڵەتە زلهێزەکان لە خۆڕانەبووە بۆ ئەم خاکە دەوڵەمەندە سورشتییە، لەنێویشیاندا ئینگلیزەکان لەگەڵ پێشکەوتنی پیشەسازی و دۆزینەوەی نوێ، بایەخی کوردستان زیاتر بوو، هەروەها هەوڵدان بۆ گەیشتن بە هیندستان لەرێگەی فوراتەوە دژوارییەکی نوێی بۆ کوردستان هێنایە ئاراوە، لەلایەك ئینگلیزەکان نەیاندەویست ئەو رێگا گرنگە کە دەریای سپی و دەریای رەش بەکەنداوی فارس دەبەستێتەوە بکەوێتە دەست هیچ لایەك و (فورات) یان بەسنوری رۆژئاوای هیندستان دادەنا، لەلایەکی تر بەڕای فەرەنگەکان و دواتریش روسەکان بەسەختی کاریان بۆ ئەوە دەکرد، ئەو رێگەیەیان بکەوێتە دەست و لەم دەروازەیەوە دەست لە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا بوەشێنن. (٤٧)

بێگومان فروانی زەوی کوردستان و درێژبوونەوەی رووبەرەکەی وئاو هەواکەشی هەمەچەشنەبوو، وەبۆتە هۆی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی جۆراوجۆر و سامانی دەغڵ

و دان، دارستان و میوه و لەوەڕگا، كانزای هەمەجۆر، بونی نەوت، زەمینەی ئابورییەكی باش، ئەوانە هەمووی ئاوەدانی رەخساندنی بژێویان خولقاندووە.(٤٨)

ئەم هۆكارانە وایكرد فەرەنسا و روسیا بەبیانوی لێدانی بەرژەوەندییەكانی بەریتانیا بگرنە بەر كەخۆی لەراستیدا بەشێك لەئامانجیان گەیشتن بوو بەم ناوچە دەوڵەمەندو بەپیت كە ئینگلیزەكان لەزووەوە هەستیان بەمەكردبوو، هەوڵیان بۆ دەداو خۆرئاوای فوراتیان بەكۆتایی سنوری هیندستان دادەنا.

دەستێوەردان و دزەكردنی ئیمپریایزم و وڵاتانی ئەروپی بۆ كورستان لەمیانەی هەوڵەكانی زلهێزە ئەوروپیەكانە وەدەست پێدەكات، بۆ چونە ناوەوەی ناوچەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای بچوك، كە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی تیایدا زاڵ و باڵادەست بوون و كوردستانیش بەشێك بوو لەناوچەكانی دەسەڵاتیان، ئەم هەوڵانەی وڵاتانی ئەوروپی دەرئەنجامی ئەو پێشكەوتن و بەرەوپێش چوونە ئابوری و پیشەسازی یە بوو كەلەو وڵاتانەدا پەرەی سەندبوو، ئەم پەرەسەندنە پیشەسازییەش لەلایەك پێویستی بەكەرەستەی خاو هەبوو، لەلایەكی تریشەوە، بازاڕێكی بۆ ساغكردنەوەی بەرهەم و كاڵاكانی دەخواست.

سەرەتاو دەستپێكی هاتنەناوەوەی زلهێزەكان بۆ كوردستان و ناوچەكە بەگشتی بۆ سەرەتاكانی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە، دیارترین هێزی ئەم بوارەش بەریتانیا و فەڕەنسا وئەڵمانیا و ئەمریكا بوون، كاریگەری ئەم ململانێ یەی نێوانیان لەسەر باوردوخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و كوردستان بەتایبەتی زۆرخراپ بوو ئەمەش دەرەنجامی گرنگی شوێنی ستراتیژی دەوڵەمەندی كوردستان بوو لەرووی سامانی سروشتییەوە بەتایبەتی نەوت.(٤٩)

ئاشكرایە سەرەتاكانی شۆڕشی پیشەسازی لە ئینگلتەرا لەنیوەی یەكەمی سەدەی هەژدەهەمدا بەرلەدەوڵەتە ئەوروپیەكانی تر، سەری هەڵدا، زێدە بونێكی بەرچاو

لەهەموو بوارەکانی بەرهەمهێنان بە دی کرا، هەتا نیوەی سەدەی نۆزدەهەم، بەرهەمەجێگیرەوەکانی هەموو بازاڕەکانی جیهانی گرتبوو، بەڵام دەوڵەتە ئەوروپییەکانی تر، هێشتا لەرووی پیشەسازییەوە بەرە و پێشەوە نەچووبوون.(٥٠)

لەکاتێکدا سەرەتاکانی شۆڕشی پیشەسازی سەری هەڵدابوو، بۆیە ئینگلیزەکان لەوکاتەدا لە خەڵکی تر زیاتر پێویستیان بەکەرەستەی خاو هەبوو، کەرەستەی خاوی کوردستانیش لەمێژبوو سەرنجی راکێشابوون، لەساڵی (١٨٧١) پرۆژەی پالاوتنی پەترۆڵیان لەباقوبە ئامادەکرد، لەگەڵ ئەوەی ئەم پرۆژەیە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و شکستی خوارد، لەوکاتەدا ولاتە ئەوروپییەکانی تریش داوایان پێشکەش کرد بۆ بەرهەمهێنانی پەترۆڵ لە مەندەلی و گەیارەدا.(٥١)

ئینگلیزەکان چەندین گەریدەی ئابوریان ناردۆتە ناوچەکە تا بەتەواوی ئاگاداری بارودۆخی ئابوری کوردستان بێت، هەروەها چەندین پشکنەریان بۆ پشکنینی ئەو کەرەستانەی لە کوردستاندا هەیە ناردووە، لەساڵی (١٨٢١ -١٨٢٢) یەکێك لە ئینگلیزەکان هەڵسا بەلێکۆڵینەوەی ناوچە کوردییەکان لە ئێران، گەشتێکی کرد بۆ ناوچەکەو دوای ئەوەی چەند سەرۆك خێڵێکی کوردی بینی و دەستی کرد بەتوێژینەوە لەناوچەکە، دەربارەی ئاوبری پێوانە کردن و دیار یکردنی تۆبۆگرافیا و زۆرگرنگی دەدا بەزانیارییەکانی دۆزینەوەی سامانە کانزاییەکان لەدوای گەڕانەوەی بیرەوەری یەکانی بلاوکردەوە، بەناوی گەشتەکەی فرەیزەر لەکوردستان کە بەدرێژی باسی ئەم لایەنانەی کردووە.(٥٢)

وەکو لەپێشترا باسمان کرد سەرەتای هاتنی ئینگلیزەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ و سەربازی ناوچەکانی کوردستانی باشورە، لەکاتی شەڕی جیهانی یەکەم، بەریتانیا سەرەتای هەنگاوەکانی لێرەوە دەست پێکرد، لەم بارەیەوە دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێ : بایەخ پێدانی ئینگلیزەکان بە باشوری کوردستان دوای دۆزینەوەی نەوت

لەسەرەتای سەدەی یستەمەوە ئەوەندی تر پەرەی سەند، ئەوبایەخە زۆرەی کە ئینگلیزەکان بەمیزۆپۆتامیایان دابوو، لەم سەردەمەدا ژمارەی ئەو ئینگلیزانەی دەهاتنە کوردستان و پیایدا دەگەڕان لەزیادبووندا بوو، هەندێکیان پێش هاتنیان فێری زمانی کوردی بوون و یارمەتیەکی زۆری دان بۆ لێکۆڵینەوەی باری ژیانی کورد و وڵاتەکە لەهەموو رویەکەوە. (٥٣)

گومان لەوەدانیە هەرچی خاك و وڵاتێك دەوڵەمەند بوو بەلایەنی ئابوری بەتایبەتی بونی کەرەستەی خاو، دەبێ لایەنە بازرگانیەکەشی بەهێزبووبێ، چونکە ئابوری و بازرگانی دوانەیەکی گرێدراون پێکەوە، ئاشکرایە کوردستان لە سەردەمانێکی کۆنەوە رێگایەکی گرنگی بازرگانی نێوان خۆرهەڵات و خۆئاوابووە، بەتایبەتی رێگەی (حەریر) کەبەناو جەرگەی کوردستاندا تێپەڕ دەبوو، کە هێشتا تەکنەلۆژیا و رێگا ئاوییەکان ئەوەندە پێشکەوتوونە بوون. لەسەدەکانی رابردودا، بەشی هەرەزۆری رێگا بارزگانیەکانی نێوان وڵاتانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بەکوردستاندا دەپەڕین، وەك ئەم هێڵە بازرگانیەی خوارەوە:

❊ رێگای بازرگانی نێوان چین و ئاسیای بچوك.

❊ رێگای بازگانی نێوان چین و وڵاتانی رۆژئاوا.

❊ رێگای بازرگانی نێوان روسیا و وڵاتانی عەرەب.

❊رێگای بازرگانی تێوان فارس و وڵاتانی رۆژئاوا.

❊ رێگای بازرگانی نێوان فارس و وڵاتی چین.

پێنج رێگای بنچینەی هەن کەشاری حەلەب بگەیەننە ئەسفەهان ئەو پێنج رێگایانەش لەگەڵ دوورێگای دیکە یەکتر دەگرنەوە، واتا بەهەمووی حەوت رێگا هەن بۆ گەیشتنە وڵاتی فارس لەشاری ئەستەمبوڵەوە بۆ حەلەب، یەکێك لەم

ڕێگایانە لەشاری حەلەبەوە، دەکەوێتە لای چەپ، واتە ڕێگای بەرەو دیاربەکر و پاشان تەورێز، دووەمین ڕێگا بەلای ڕاستەوە، بەرەو میزۆپۆتامیا بەرێگای موصلْ و ئامێدی دا دەڕوات. (٥٤)

تەماشای ئەم ڕێگا بارزگانیە گرنگە کۆنانە دەکەین بەشێکی زۆری بەناو خاکی کوردستاندا تێپەڕیون، ئەمەش جارێکی تر بایەخ و شوێنی گرنگی کوردستان بووە لە ڕێگا بازرگانیە گرنگەکانی جیهاندا.

کوردستان کاروانسەرای ڕێگا بازرگانیە ناودارەکەی ئاوریشم بووە، ئەوروپاییەکان بەم ڕێگا گرنگەیان گوتووە ڕێگای ئاوریشم (LAROUTEDELASOIE)، هەربۆشە چەندین شارۆچکەی ئەم ڕێگا بازرگانیە لەکوردستاندا ناونران (حەریر)، بۆ نموونە : حەریری نزیکی هەولێر و حەریری باکوری ڕۆژهەلاتی کوردستانی تورکیا. (٥٥)

ئاشکرایە لەکۆندا بازرگانی قوماشی حەریر لەنێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا بازرگانیەکی گرنگ بووە، ناوجەرگەی ئەم ڕێگا بارزگانیە گرنگەش خاکی کوردستان بووە، پێشکەوتنی بازرگانی لەنێوان ولاتانی ئاسیا و ئەوروپادا لە سەدەی (١٦) بەدواوە دەستی پێکرد، بازرگان و گەڕیدە ئەوروپاییەکان لە (١٥٠٠) بەدواوە بەلێشاو گەشتیان دەکرد بەرەو ڕۆژهەلات بەتایبەتیش بەرە و ئەسفەهان و ئەستەمبول و تەرابزۆن و تەورێز. (٥٦)

ئەم بایەخە ستراتیژییەی کوردستان و ڕۆژهەلات بەوەدەکرد کەزانستی کارتۆگرافی، واتە زانستی دروستکردنی نەخشەی جوگرافی پێش بکەوێت بۆ گەیشتن بەولاتی کورد و ولاتانی ڕۆژهەلات، ڕۆژهەلاتناس و گەڕیدە سیاسییەکان پێویستیەکی زۆریان بەنەخشەی کوردستان و ئەو لێکۆلێنەوەی نەخشەی جوگرافیای سیاسی، جوگرافیای کانزایی، بۆیە گرنگی لایەنی ، جوگرافیای کشتوکالْی و مێژووی، جوگرافیای ئارکیولۆژی. (٥٧) بۆیە گرنگی لایەنی بازرگانی کوردستان کۆمەلێك

لایەنی زانستی تری جوگرافی بەدوی خۆیدا هێنا تاکو ئەوروپییەکان بایەخی پێبدەن چونکە پێویستیان پێی دەبوو، هەروەها بەریتانیا لەسەرتاوە چەندین قونسوڵگەی بازرگانیان لەشارەکانی کوردستاندا کردۆتەوە.

دکتۆر عەبدوڵڵای عەلیاوایی دەڵێ : لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ئینگلیزەکان هەندێك قونسولگەی بازرگانیان لەشارەکانی کوردستاندا کردەوە وەك ورمێ و وان.(٥٨) لەمەوە دەبێ لایەنی بازرگانی کوردستان بەرزو پڕبایەخ بوبێت لەلای ئینگلیزەکان، کردنەوەی ئەم قونسوڵگە بازرگانیانە هەرچی مەبەستێکی لە پشتەوە بوبێ، ئەمەیان مەسەلەیەکی ترە، بەڵکو ئەوەی گرنگە لێرەدا ناوی بازرگانی کوردستان و بایەخ پێدانی ئینگلیزەکان بوە بەشوێنی بازرگانی کوردستان.

کەواتە لایەنی ئابوری و بازرگانی لایەنێکی گرنگ و بەپێزبووە بۆ تەواوی دەوڵەتانی ئەوروپا و بەتابەتیش ئینگلیزەکان، یان بەشێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین بەریتانیا بەردەوام بەدوای بەرژەوەندییە ئابورییەکاندا لەهەڵپەدا بووە،خاکی کوردستانیش خاکێکی بەپیت و پڕ لەکانزای خاوی سروشتی بووە.

ئەمە سەرەڕای ئەو رێگا بازرگانیە گرنگەی کە لەخاکی کوردستاندا تێپەڕدەبوو، بەجارێك بوونە هۆکارێکی گرنگ بۆ چاوتێبڕینی ئینگلیزەکان بەم ناوچەیە، هەرلەبەرئەمانەش زۆر لایەن بەریتانیا بەداگیرکەرێکی ئابوری دادەنێن، چونکە ئەوەندەی بەخەمی بوونی خێروبێری ئەو وڵاتەوە بووە، ئەوەندە خەمی لایەنەکانی تری نەبووە، بێگومان کوردستانیش لەم لایەنەبێ بەش نەبووە، واتا لە تالاڵنبردنی خێروبێری وڵاتەکەی لەلایەن ئینگلیزەوە بەتاییەتیش نەوتەکەی.

**چوارەم- هۆکاری زانستی و ئەکادیمی:**

سەرەڕای ئەوەی کە هۆکاری سیاسی و سەربازی و ئابوری بەشێکی دیار و بەرچاوپێکدەهێنن لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کوردناسی لای ئینگلیزەکان، بێگومان چەندین کەسی شارەزای ئینگلیزیشمان هەیە کە لەبواری زانستی و ئەکادیمی لەسەر کورد دواون و ئەم هۆکارە پاڵی پێوەناون لەسەر کورد نوسین و بابەت دەربارەی کورد بلاۆبکەنەوە.

هەرچەندە ئەوانەی کە لەبارەی زانستی و ئەکادیمیەوە هەن، واتا ژمارەیەیان کەمن و ئەوانەشی کەمن بۆ سەردەمی نوێ دەگەڕێتەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نوسین و کتێبی باشیان نوسیوە لەسەر کورد و کوردستان بەتایبەتیش هەندێکیان لەوانەش (هینری فیلدو درایشە و دیڤید مەکداول و .... هتد. ) بێگومان هەندێك لەمانە هاوچەرخن و ئێستاشی لەگەڵدابێ نوسین و بابەت بلاۆدەکەنەوە لەسەر کورد، هەرچەندە ئەم نوسین و بابەتانەش بێ کەم و کوڕی نین. (٥٩)

**کورد لەسەرچاوە ئینگلیزیەکاندا**

بێگومان ئەو ئینگلیزانەی کەلەسەر کوردیان نوسیوە، چ ئەوانەی راستەوخۆ سەردانی کوردستانیان کردووە، یاخود ئەوانەی پشتیان بەلێکۆڵینەوەی گەڕیدە و دەستنوسەکانی پێش خۆیان بەستوە، بەهۆکاری جۆراوجۆر هاتونەتە کوردستان، هەریەکە و بەجۆرێك لە جۆرەکان باسی لایەنێکی کوردیان کردووە، چ لایەنی نەژادی بێت، یاخود زمانی کورد و سنوری کوردستان و ئایینی و کورد و دانیشتوانی و .... هتد.

بۆیە لێرەدا لەگرنگترین ئەو لایەنانە دەدوێین کە جێگای قسەو باسی لێکۆڵەرەوان و ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێ لەسەر کورد لێکۆڵینەوەی گرنگ ئەنجام بدەن،دەربارەی

نەتەوەی کورد لایەنـە جۆراوجۆرەکـانی ژیـانی ئـەم گەلەوبنـچینەو رەگـەزیان کێیـە؟ کەی سەریان هەڵداوە و لەکوێ وە هاتوون؟ هەموو ئـەو قـسەوباسانەی تـر دەربـارەی ئـەم گەلـە دەکرێـت، وەك ئـەوەی هەنـدێ نوسـەر و مێـژوو نوسـی تـر، دەیبەنـەوە سەرفارس یان عەرەب، یان هەندێکی تـر، بەنـەوەی جنۆکـە و دێـو و....هتـد باسـی لێوەدەکەن.

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین، تەواوی دیدوبۆچونی ئەو نوسەرە ئینگلیزانە بخەینەروو کـە دەربارەی ئەولایەنانەی دواون وقسەی خۆیان کردووە، چ بەلایـەنی راسـتی و زانـستی بێ، یاخود بەلایەنی هەڵەو نائـەکادیمی نوسـیبێتیان، چـونکە گومـان لەوەدانیەئـەو ئینگلیزانەی لەسەر کوردیان نە نوسیوە و بەڵگو لـەپاڵ کـاری رۆژانـەی خۆیانـدا ئـەم کارەیان ئەنجام داوە، هەندێکیان قونسوڵ و سیاسەتمەدار و گەڕیدەو جاسـوس بـوون و لەسەر کوردیان نوسیوە، گرنگترین ئەو لایەنانەش ئەمانەن:

## نەژادی کورد

دەربارەی نەژادی کورد لەنوسراوە ئینگلیزیەکاندا چەندین دیدوبۆچونی جیـاواز بـەدی دەکـەین، رەنگـە لـە کۆمـەڵێك خاڵێـشدا هاوبەشـین، بۆیـە هـەوڵ دەدەیـن تـەواوی نوسـینەکانیان دەربـارەی نـەژادی کـورد بخەینـەروو، تـاکوبتوانین لەتـەواوی بیروبۆچـونەکانی هـەموویان بگـەین، چـونکە وەك پێـشتر ئاماژەمـان پێکـرد و ئینگلیزەکان هەریەکە و بەهۆکاری جۆراوجۆر هاتونەتـە کوردسـتان و لەسـەرکوردیان نوسیوە.

بـەپێی لێکۆڵینـەوەکان دەربـارەی نـەژادی کـورد، لێکدانـەوەی جیـاواز لەوبارەیـەوە هەیە، ویلیام ئیگلتون پێی وایـە لێکدانـەوە کۆنـەکان وای بـۆ دەچـن کـە کوردەکـان هۆزی شاخاوی توندوتیژبوون، بۆیە زاناکـان لەسـەر بنـچینەی کـورد بـە دەرئـەنجامی

جیاواز گەیشتون، بەلاّم بە شێوەیەکی گشتی کـورد وەك گـەلێکی شـاخاوی لەبەشـی بـاکوری رۆژئـاوای ئێـران دادەنیـشتن و لـەوێوە دەسـتیان بەجولـّەکردووە بـەرە و ناوچەکانی باکور و باشور و رۆژئاوا لەئاسیای بـچوك و میزوپۆتامیـا، زۆربـەی زۆری زاناکان، پێیـان وایـە کـوردی هاوچـەرخ تێکەڵەیەکـە لەگـەلانی کـۆن و ئـەم گەلانـە دەگرێتـەوە (کاشـی یـەکان KASSITES)، هانیـەکان MANNANES)، گوتیـەکان GUTI)، ماددەکان MEDES)، کاردۆخیەکان KARDOKHI).

هیرۆدۆتی مێژوو نووسی یۆنانی ئاماژە بە کاردۆخیەکان دەکات و ئەوە دەخاتـە روو، ئەم کاردۆخیانە هێزە بەکرێگیراوەکـەی یۆنـان بەسـەرکردایەتی خۆیـان وادەبیـنن کـە نەوەی مادەکانن، ئەو مادانـەی کـە لـەنێوان سـەدەی (٦-٩ پـز) دا دەسـەلاّتدارێتی بەشێکی عێراق و ئێرانیان کردووە، ئەوانەی پاشان تێکەڵی ئیمپراتۆریـەتی ئـەخمینی (٥٥٩-٣٣٠ پ ز) بوون، ئەم مادانـە لەناوچـەکانی قـەوقازەوە هـاتوون بـۆ ئێـران و نیشتەجێ بوون و زمانی هینـد و ئەوروپییـەکان لەگـەڵ خۆیانـدا هێنـاوە، لەنوسـینە هەڵکۆڵراوەکانی سەربەردەکاندا دەردەکەوێ کە ئاشووریەکان لە بەرزاییەکانی میـز و پۆتامیاوە لەشکرکێشی بەردەوامیان کردۆتەسەر ناوچەکانی میدی کوردی. [٦٠]

لەم بارەیەوە ولیام ئیگلتون دەڵێ: (کوردەکان هەموویان بە تایبەت کوردەکانی ئێران لەکۆتاییدا هاتنەسەر ئەو بیروڕایەو وایان هەست کرد، کـە بنـچینەی رەگـەزی ئـەوان دەچێتەوەسەر گەلێك کە لەمێژوودا پێیان دەڵێن (ماد)، رەنگ بێ لەئارییایەکان کـە لەرۆژگارێکی نەزانراودا هاتونەتە ئێـران، دوایـن سـەردەمی کـۆن ئـەوان دەگەڕێتـەوە سەدەی حەوتەمی پێش لەدایکبوونی مەسیح، کـە تێکـەڵی ئیمپراتۆریـەتی گـەورەی هاخامەنیشنەکان (کـۆرش) بـوون و لەچـیاکانی لای رۆژئـاوای ئێرانـدا ماونەتـەوە و زیادبوونی نفوزی خۆیان بەرە و رۆژئاوا بردۆتـەپێش و تامـەڵبەنـدی هـەکاری و چـەند جێگایەکی بەرزی تری تورك نشین. [٦١]

دیڤید مەگداول باسی ئەوە دەکات کە زۆر جێگای گومانە کوردەکان لەرووی نەتەوایەتیەوە سەربەیەك رەگەزبن و قەوارەیەکی یەکگرتوو پێکەوە لکاوبن، و زۆربەی ئەم خەڵکانە پاشماوەی شەپۆلی هۆزە هیندو ئەوروپیەکان بن، کە لەهەزارەی (دووەمی پ.ز) لە خاکی ئێرانەوە بەرەو رۆژئاوا رۆشتون، کوردستان ناوچەیەکی بە ئاژاوە بووە لەپەراوێزی کۆمەڵە کۆنەکان، لەسەدەی (٢١ پ ز) دا سۆمەر دبینرێت کەنزیکەی سالآنە لەشکر بۆ کوردستان دەنێرێ و هەولێر (ئۆربیلۆم) دەسوتێنێ لەدەوروبەری کۆتایی سەدەی (٩ پ ز) دا ولآتی (مانای) لەزۆربەی خاکی کوردستانی خواروو، رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ هەبووە و وەك ناوبرێك لەنێوان هەمەدان و تاراندا جێگیربوون،چ (شەلمانستەر) و چ (سارگۆن) یەك لەدوای یەك لە خاکی کوردستانەوە هێرشیان بردۆتەسەر ئۆرارتۆو لەسەدەی (٨-٩ پ ز). [٦٢]

هەروەها مەکداوڵ ئەوەشی باس کردووە کە کوردەکان لەوانەیە تێکەڵەیەك لەهۆزە ئەوروپییەکان بووبن کە لەرێگای جۆراوجۆر و لەکاتی جیاوازدا هاتبێتنە ناوچەکە، وشەی (کورتی) یەکەم جار بە (بەردەقانی وەشێنە بەکرێ گرتەکانی سلوکی یان پارسی) دەگوترا کە لەزاگرۆس دادەنیشتن و نازانرێ ئایا بەمانای گروپێکی خاوەن زمانێك یان نەتەوەیەکی تایبەتی و یەکگرتوی هاتوە.

بێگومان لەسەردەمی لەشکرکێشی یەکانی ئیسلام دا، واتە دوای هەزارساڵ و لەوانەیە کۆنتریش، وشەی (کورد) زۆرتر واتایەکی ئابوری – کۆمەلآیەتی بوە، نەك نەتەوایەتی ئەم وشەیە بەو رەوەندانەی دەوترا کەلەدامێنی رۆژئاوای بانی ئێراندا دەژیان، هەروەها بەو هۆزانەش دەوترا کەملیان بۆ دەسەلآتی ساسانی یەکان لەمیزۆپۆتامیا کەچ نەدەکرد و زۆرێك لەمانە دەبێ بەرەسەن ساسانی بوون. [٦٣]

ئەوەی گرنگە لێرەدا باسیی بکەین، ئەوەیە کە زۆربەی زۆری سەرچاوەکان مەبەستمان (سەرچاوەئینگلیزەکان) ە، لەباسی نەژادی کورد دا جەخت لەسەردوو

چیرۆکی ئەفسانەیی دەکەنەوە کە گوایە کورد بەم شێوەیە پەیدابووە، وەك خۆشیان ئاماژەیان پێ کردووە و دەڵێن (چیرۆکی ئەفسانەیی) دیارە ئەمەلایەنێکی ئەکادیمی و زانستی نیشان نادات و بایەخێکی ئەوتۆی نییە، بەلاّم ئاماژەشیان پێکردووە.

ئەو دوو چیرۆکەش کە ئینگلیزەکان ئاماژەیان پێکردووە ئەمانەن:

چیرۆکی یەکەم: (شەرەفنامە ئاماژەی پێکردووە کە لەسەدەی (١٦) ی زایین دا، نوسراوە ئەوەیە کە کەسێك هەبوە ناوی (زوحاك) بوو، دوومارى لەسەرشان بووە، سەو سەری دوومارە دانەمرکایەوە ئەگەر رۆژانە مێشکی دوولاویان دەرخواردنەدایە، ئەو کاربەدەستەی کە هەڵدەستا بەدابینکردنی خۆراکی ئەو مارانە لەمێشکی لاوەکان، رۆژێك مێشکی لاوێکی تێکەڵ کرد لەگەڵ مێشکی بەرخێکداو دەرخواردی دان و لاوەکەی تری رزگار کرد و بەرەوچیاکان هەڵهات لەگەڵ گەنجانی تردا لەوشاخانەبوون.

چیرۆکی دووەم: لەسەرچاوە عەرەبیەکاندا ئاماژەی پێدراوە پوختەکەی ئەوەیە (کە سلێمان نێردراوی نارد بۆ ئەوروپا بۆ ئەوەی چەند سەرئافرەتێکی جوانی بۆ بهێنن، لەرێگا ئەو ئافرەتانە دەستدرێژی دەکرێتەسەریان لەلایەن نێردراوەکانی (سلێمان) کە مەبەست (جنۆکەکان) ە لەنەوەی ئەمانەوە کورد دروست بووە. [٦٤]

ئیدمۆندسیش ئاماژە بەم دووچیرۆکە دەکات و دەڵێ : (کوردەکان دەربارەی نەژادی خۆیان دوو داستان دەگێڕانەوە، یەکەمیان: دەگەڕێتەوە سەرئەفسانەیەکی مێژوویی و باسی ئەوە دەکات کەسێك بەناوی (زوحاك) بۆ ماوەیەك تەختی سەڵتەنەتی داگیرکردووە لەسەر شانەکانی دوومار پەیدابوون، کە خۆراکی رۆژانەی هەریەکەیان مێشکی مرۆڤێك بووە، وەزیری خاوەن بیری زوحاك کەوتە ئەو فیکرەوە کە مێشکی مرۆڤێك لەگەڵ مێشکی گوێلکێك تێکەڵ بکات و بیدات بەمارەکان، بەم جۆرە ئەو

توانی گیانی یـەکێك لـەم دوانـە رزگابکـات، کـە دەبوایـە رۆژانـە قوربـانی بکرێـت، رزگارکراوەکانی بەنهێنی دەنارده چیاکان، سەرەنجام کوردەکان لەنەوەی ئەمانن.

دووەمیان: دەگەڕێتەوە سەر سـلێمانی پێغەمبـەر، لەکۆنـدا خـەڵکی رۆژهـەڵات لـەو باوەڕەدابوون کە سلێمان پێغەمبەر، حوکمی بەسەر بونەوەرانی سەرسـوڕهێنەری وەك جن و دێوزمە و باڵندە و شتی تـری وەك ئەوانـە کـردووە و ئـەوان لـە ژێـر فـەرمانی سلێمان دابوون، بەوتەی کوردەکان رۆژێك شا سلێمان فەرمانیدا بە (٥٠٠) دێوی کـە جێـی بـاوەڕی بـوون، بـچن بـۆ ئـەوروپاو (٥٠٠) کـچی جـوانی ئـەو مەڵبەنـدە بـۆ حەرامـسەراکەی بهێـنن، دێوەکـان چـوون، بـەڵام لەگەڕانـەوەدا دەبیـنن گەورەکـەیان مردووە و لەئاکامدا ئەوان کـچەکانیان بـۆ خۆیـان راگـرت و بـەهۆی ئەوانـەوە بـوون بەنەژادی کوردان. (٦٥)

دیاره ئەم چیرۆکانەی کە خستمانەڕوو، هیچیان بەڵگەی زانستی نین و دەچـنە قـاڵبی ئەفـسانەوە، ئەفـسانەش بۆخـۆی ناچـێتە چوارچـێوەیەکی ئەکادیمییـەوە، گومـان لەوەشدانیە هەموو گەل و نەتەوەیەك بۆ خۆی خاوەنی چەندین چیرۆکی ئەفـسانەیی و خـەیاڵین، کـوردیش وەك هـەموو نەتـەوەکانی تـر چـیرۆکی ئەفـسانەیی و خـەیاڵین، کوردیش وەك هـەموو نەتـەوەکانی تـر چـیرۆکی ئەفـسانەیی هەیـە، بـەڵام سـەبارەت بەوەی کورد لەنەوەی ئەم چیرۆکە ئەفسانەییانەوە پەیابوون، ئەوا هەڵەیـەکی زانـستی گەورەیە، چونکە کورد یەکێکن لە گەلە هەرە کۆنەکانی ناوچەکە و جیهان.

## زمانی کورد

سـەبارەت بـەزمانی کـوردی و دیالێکتـەکانی دیـسان نوسـەرانی ئینگلیـز چـەندین دیدوبۆچـوون شـرۆڤە دەکـەن، سـەبارەت بەسـەرهەڵدانی ئـەم زمانـەو پەیوەنـدی بەزمانەکانی تری هیند و ئەوروپی یەکانەوە، ئەمەلەلایـەك، لەلایـەکی تریـشەوە بـۆ

تیشك خستنەسەر ئەو گومانانەی دەربارەی ئەم زمانە هەیە، کەگوایە زمـانی کـورد بەشـێك بـێ لـەزمانی فارسـیەکان یـان هـەر زمـانێکی دیکـە، یـاخود زمـانێکی سەربەخۆنەبێ، نوسەران و مێژوونوسانی ئینگلیزیش قسەی خۆیـان هەیـە سـەبارەت بەم مەسەلەیە(واتە مەسەلەی زمانی کوردی).

ئیدمۆنـدس ئامـاژە بـەوەدەکات ماوەیـەك جیهانگـەرانی ناشارەزا فێربـوون، بڵـێین گوتنی کوردی شتێکی جیانیە لە زاراوەیەکی سەرلێشێوای فارسی، ئەم گوتنە راسـت نیە، ئەم دووزمانە (پارسی و کوردی) پەیوەنـدییان پێکـەوە هەیـە، بـەڵام لەزۆربـەی بابەتەکانی گرنگی وشە و رێزمـان و (فونولـوژی) [٦٦] دا لەگـەڵ یـەکتردا جیـاوازن، زمانی کوردی بەپێـچەوانەی زمـانی پارسـی نـوێ کـە لـەگروپی زمانـەکانی ئێرانـی باشوری رۆژئاوا جێی گرتـەوە سـەربەزمانەکانی بـاکوری رۆژئاوایـە، کوردسـتان بـەو پێیەی وڵاتێکی شاخاوی سەختە، چەشنە یەکگرتنێکی سیاسی نـەبووە، کـە بتـوانێ ئەدەبیاتێکی هاوبەش پێك بێنێ، لەبەرئەوە جێی سەرسوڕمان نییـە ئەگـەر زاراوەی ئەم پارچەیەی لەگـەڵ پارچـەیەکی تـردا جیـاواز بێـت، بـەڵام ئـەودیاردە تایبەتانـەی کەبناغەی زمانی کوردی پێکدەهێنن چون یەکەن، سەرەڕای بـڵاوی هۆزەکـانی کـورد دەکرێ لەم راونگەیەوە بڕوانینە ئەوەی کـە تـەواوی زاراوەکـانی کـوردی لـەزمانێکی کۆن و بەهێزەوە سەرچاوەیان گرتوە، ئـەویش زمـانی مـادە، واتـا بنـچینەی هـەموو زاراوەکانی پارچەکانی کوردستان زمانی مادە. [٦٧]

ئیدمۆنـدس ئـەوەش بـاس دەکـات کـە دەتوانرێـت بـەپێی بـارودۆخی جوگرافیـای و زمانناسـی بڵـێین کوردەکـانی ئـەمڕۆ نوێنـەری ماددەکـان و سـێیەم دەسـەڵاتداری رۆژهەڵاتن، هەروەك لەباشور و باشوری رۆژهـەڵات دا ئێرانیـەکانی ئـەمڕۆ نوێنـەری پارسـەکانی سـەڵتەنەتی پێنجـەمن بـەم جیاوازییـە کەبـەو کۆچـکردنانەی دوایـی لەرۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا کران، تۆوی ئێرانی لەم ناوەدا گیـانی گرتـووە، بەچەشـنێك

ئەمڕۆ هەمەدان کەوتۆتە دەرەوەی سنوری رۆژهەلاتی کوردستان. (٦٨) بەشێکی زۆری ئینگلیزەکان جەختیان کردۆتە سەرجیاوازی نێوان زمانی کوردی و زمانی فارسی و باسی ئەو جیاوازییەیان کردووە کەلەنێوان ئەم دوو زمانەدا هەیە.

شتێکی دیکە کە ئامارژە بۆ جودایی رەگەز و سەرچاوەکان دەکات جودایی زمانەکەیانە، ئەمڕۆ لە کوردستاندا دووزمان یان دوو زاراوەی سەرەکی هەن (کرمانجی) کە زۆربەی خەڵکی کوردستانی باکور قسەی پێ دەکەن و (سۆرانی) کە زۆربەی خەڵکی کوردستانی باشور قسەی پێ دەکەن ئەم دوو زمانە لەرووی پێکهاتەو رێزمانەوە ئەوەندەی زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی لەیەکتر جودان، هەرچەندە لەرووی وشەوە لەوانەیە جیاوازییەکەیان هەرئەوەندەی زمانی ئەڵمانی و هۆڵەندی بێ، ئەم دووزمانە هەریەکەیان ناسێنەر و خەڵکی خۆیان هەیە قسەی پێ دەکەن و کە پێشتر لە دۆڵێکەوە بۆ دۆڵێکی تر جیاوازییان دەکرد لەزمانە کەیاندا، سەرباری سێ زمانی دیکە، کە کەمایەتیەکی بەرچاو قسەی پێ دەکەن، لەخوارووی رۆژهەلات لەسنەوە بۆ کرماشان، زۆربەی کوردەکان بەزارێك دەدوێن کەلەچاو سۆرانی لەفارسی نوێ نزیکترە.

دووزمانەکەی دیکە بریتین لە گۆرانی و زازا، گۆرانی زمانی هەندێ ناوچەی کوردستانی خوارەوە و زازاش زمانی عەلەویەکانی کوردستانی رۆژئاوایە، چ تورك چ کورد، زازا و گۆرانی خزمایەتیان هەیەو سەربەگروپی زمانە ئێرانیەکان ئەوانەی باکوری رۆژئاوا، لەبارێکدا کرمانجی و سۆرانی سەربەگروپی خوارووی رۆژئاوان، ئەمە دەربڕی شتێکە کە لەوانەیە ئەو خەڵکەی بەم دوو زمانە قسەدەکەن لەیەك نەژادبن و لەوانەشە لەدەیلەم یان گەیلان، لەخوارووی رۆژئاوای دەریای قەزوینەوە هاتبن، تا ئەم سەدەیە ژمارەیەك جوتیاری ناوچەی سلێمانی پێیان دەگوترا گۆران و لەوێ ئەوانیان بەرەگەزێکی جودا کوردەکانی سەربەهۆزەکانیان دەزانرێت. (٦٩)

ئاماژەش بەوەدەکەن ئینگلیزەکان کە دوورنیە ئەمانە لەگەڵ هۆزی گۆران (لێرەدا مەبەست جوتیارانی ناوچەی سلێمانیە کە پێیان دەگوترا گۆرانی) لەیەك نەژادبن و زازاکان و گۆران زمانەکانی پێشتر ئەو دەمەی کە زمانی سۆرانی و کرمانجی هاتنەکە ناوچەی زاگرۆسەوە، نیشتەجێی ناوچەکە بووبن، لەوانەیە زازاکان بەرە و رۆژئاواو ئەنادۆڵ رەوپێکرابن و گۆران و گۆرانی زمانەکانیش کەوتبنە ناو تازە هاتنەوەکانەوە و لە هەندێ شوێنی دیکەش بووبنە کۆمەڵەیەکی وابەستە.(٧٠)

ئینگلیزەکان ئەوانەی لەبارەی زمانی کوردەوە نوسیویانە ئەو راستیە ئاشکرا دەکەن کە مەسەلەی زمانی کوردی وەك مەسەلە نەتەوەییەکەی بۆتە کێشە و قسە و باسی زۆری لەسەردەکرێ و جێگای پرسیار و تێڕامانە و دەبێ لەم بارەیەوە شیکردنەوەی زۆربکرێت تائێستاش روونی و ئاشکرایی زمانەکە دیارنییە و ئایا زمانەکە سەربەخۆیە یان تێکەڵەیە بەفارسی و عەرەبی.(٧١)

بەلاّم لەنێو ئینگلیزەکاندا تیاشیاندا هەیە بیر و بۆچونی بەهێزی دەربڕیوە، لەئەنجامی خوێندنەوەیەکی قوڵ و گران و ماندوبونێکی زۆری خۆیدا بەراستییەکان گەیشتووە، کە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیەو جودایە لەزمانی عەرەبی و فارسی، نوسینی ئینگلیزەکان هەرچۆنێك بێ ناتوانن ئەو راستییە بشێوێنن کە زمانی کوردی سەربەخۆنەبێ.

گومان بردن لەوەی کەزمانی کوردی هاوشێوەی زمانی فارسی بێ، یان بەشێك بێ لەفارسی، تاڕادەیەکی زۆر رەنگە بەحوکمی ئەو تێکەڵ بونە جوگرافی و مێژووییە بێ کە ئەم دووگەلە چەندین سەدەیە تێکەڵن و یاخود هەردوو گەل لەبنچینەدا لەرەگەزی ئارین و زمانی هیند و ئەوروپییەکان هەیە.

ئیگلتون ئەوە دووپات دەکاتەوە و دەڵێ: (زمانی کوردی هاوشێوەی زمانی میدی، لقێکە لەزمانەکانی ئێرانی و لەخێزانی زمانەکانی هیندوئەورپییە، پەیوەندی

بەزمانی فارسی کۆن و نویٚ و زمانی (DARI) یەوه هەیە لە ئەفغانـستان، هـەروەها زمـانی پـشتۆ و بلـوچ، هەنـدیٚ کـورد بـەزمانێکی کـوردی تـەواو قـسەناکەن، ئـەم زمانەش زمانی زازایە، ئەوانەش ئەو شیعانەن کە لەکوردسـتانی تورکیـا نیـشتەجیٚ بونـــــەو زمانەکـــــەیان پەیوەنـــــدی هەیـــــە بـــــەگۆرانی (GORANI) و هەورامیە(HEWRAMANI). (٧٢)

لەسێگۆشەی تورکیا، نزیکـی سـنوری عێـراق و ئێـران، لـەرۆژئاوای کرماشـا زمـانی کوردی چەند زاراوەیەك دەگرێتەوە، ئەم زاراوانەش جیاوازییەکی زۆریان هەیـە لەگـەڵ یـەکتردا، لـەباکوری رۆژئـاواوە تاباشـوری رۆژهـەلاٚت، وەك چـۆن زاراوەی عـەرەبی جیاوازی هەیە لەمەغریب بۆ عێراق، هەمان شـێوە لـەنزیکی ناوەڕاسـتی کوردسـتان گـۆڕانێکی زۆربەسـەر زاراوەی کوردیـدا دیٚ، بەدرێـژایی رێگـای موسـڵ، بـەرەو رۆژهەلاٚت و لەوێشەوە بەرەو تەنگەبەرەکانی باشور لـە سـلێمانی یـان مهابـاد، پێـی دەوترێت زاراوەی کەڵهوڕ (KALHAR) کـە نزیکـە لەفارسـی هاوچـەرخەوە، تێکـەڵ بەزاراوەکانی لوڕستان بووە، هەنـدیٚ لـەزاناکان زاراوەی لـوڕی و بـەختیاری لـەزاراوە کوردیەکانی باشوردا ریزبەندکردووە. (٧٣)

بۆیە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ئەوە بڵێین دید و بۆ چـوونی ئینگلیزەکـان ئەوانـەی لـەبارەی زمـانی کوردیـەوە نوسـیویانە تاڕادەیـەك هەنـدێکیان جێگـای بایەخـە و راستییەکانیان پێکاوە، رەنگە ئەمانـەش لەکـەم و کـوڕی بەدەرنـەبیٚ، بـەلاٚم ئـەوەی جێگـای داخـە راسـتی و دروسـتی و بەڵگـەی زانـستی نایابیـان لـەو بارەیـەوە بـاس نەکردووە.

## ئایینی کورد

قسەکردن لەسەر ئاین و بیروباوەڕی ئایینی هەرنەتەوەیەك رەنگە لەروانگەی هەموو نوسەر و توێژەرێکەوە کارێکی قورس بێت، بەتایبەتی ئەگەر نوسەر و توێژەر لەو نەتەوەیە جیاوازبن، چونکە (ئێستاشی لەگەڵدابیّ) مەسەلەی ئاین و مەزهەب و لایەنی ئایینی جێگای توێژینەوە و قسەی بیرمەندان و شارەزایانە.

بێگومان کوردیش وەك هەموو نەتەوەیەکی تری جیهان، بەو پێیەی لە گەلە سەرەتاییەکانە وخاوەنی خاك و شارستانی خۆی بووە، ئایینی خۆی هەبوە و گەلێکی بیّ ئاین نەبووە، بۆیە ئینگلیزەکانیش قسە و دیدو بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەم مەسەلانە دەربڕیوە، خاڵێکی گرنگ لەنوسینی ئینگلیزەکاندا بەدی ناکەین، ئەوانەی کە لەبارەی ئایینی کوردەوە دواون، ئەویش ئاماژە نەدانە بەئاییینەکانی پێش ئیسلام کە کورد پەیڕەوی کردووە، وەك ئاییینی مانی و زەردەشتی بەتایبەتیش (زەردەشتی)، چونکە کورد چەندین سەدە لەسەر بیروباوەڕی ئاییینی زەردەشتی بووە و گەیشتۆتە رادەیەك، هەندێك لە کوردەکان تەنیا بە ئاییینی خۆیانی بزانن، ئینگلیزەکان راستەوخۆ هاتونەتەسەر باسی ئاینی ئیسلام و مەزهەبەکانی، ئایا ئەم کارە بە چ مەبەستێك باسیان نەکردووە ئەوەیان نەزانیوە، یاخود سەرچاوەی تەواویان دەست نەکەوتوە، یان مەبەستیان نەبووە و ..... هتد.

چیرۆکی جیاواز لەسەر بیروباوەڕی کورد وتراوە، هەندێك واباسیان کردووە، کە کوردەکان رێوڕەسمە ئیسلامیەکانیان پشت گویّ خستوە، وەك پێنج نوێژی رۆژانە و هەندێکی تریشیان وای بۆ دەچن لەگەڵ بیروبۆچوونی ترتێکەڵ بەرێوڕەسمی تربوون، وەك بت پەرستی و زەردەشتی، لەچیرۆکی تردا کوردەکان واخۆیان ریزبەندکردووە، کە(سوننی-دەمارگیرن) و یارمەتی جولأنەوەی سەرکردە ئاینیەکانیان داوە لەبەرگری کردن لەخەلافەت دژی دەوڵەتی تورکی،لەهەمان کاتیشدا کورد تاوانبارکراوە

بەکوشتاری ئەرمەنی و مەسیحییەکانی تر بەناوی ئیسلامەوە، بەلاّم بەشێوەیەکی گشتی ناتوانرێت بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی گشتی بدەین لەسەربیروباوەڕی کوردەکان.[٧٣]

سەبارەت بەئایینی کورد لەنێوان مەزهەبەکانی شیعە و سوننەو ئایین و مەزهەبەکانی تردا، چەندین جۆر لەم ئایین و مەزهەبانە بەرچاو دەکەوێت و هەریەکەو لایەنگر و باوەڕداری خۆی هەیە، واتە گەلی کورد لە رووی بیروباوەڕی ئایینییەوە گەلێکی پلوڕاڵە و جێگای زۆربەی ئایین و مەزهەبەکانی تیابۆتەوە.

زۆربەی خەڵك، واتە نزیکەی لەسەدا حەفتاوپێنج (٧٥٪) ی خەڵك پەیڕەوی مەزهەبی سوننی دەکەن، بەلاّم دوور نییە مەزهەبە (تایبەتیەکانی) خەڵکانی تر دەرئەنجامی جیاوازی نەژاد و رەگەزی دێرینەیان بێ، بۆ نموونە مەزهەبی عەلەوی کە لەئەنادۆڵی ناوەڕاست بەتایبەت (دەرسیم)ەونفوزێکی هەیە، مەزهەبی عەلەوی یان قزڵباش لەکاتێکدا دڵسۆزییەکی تایبەتی بۆ ئیمامی عەلی هەیە، وەك بیر و باوەڕەکانی بەکتاشییە، کەوتۆتە ئەوپەڕی ئیسلامی شیعیەوە.

ئەم مەزهەبە ئاوێتەیەکە لەبیری ئیسلام و زەردەشتی و شەمەنی ناتورکمانی و شیعی کە بەدرێژایی سەدەی پانزدەهەم پێکەوە بنچینەی خۆی وەك گروپێکی مەزهەبی پتەوکردووە، زازا زمانەکان و عەلەویەکان لەزۆربەی شوێنەکان ئاوێتەی یەکتربوون و ئەم ناچارییە بونی پەیوەندییەك لەنێوان ئەم دوانەدا دەخاتە زەینەوە، دوورنیە ئەو هۆزانەی دواتر عەلەوی، سونی بوون، بەلاّم زیاتر گومان لەوەدەکرێ کە سونی زازاکان سەردەمێك عەلەوی یان گروپێك لەوان بووبن.[٧٤]

لەکوردستانی باشوریش مەزهەبی (ئەهلی حەق) بێجگە لەرێز و تەقدیر بۆ ئیمامی عەلی، لەگەلێ شتدا لەبیروباوەڕی عەلەوی دەچێ، پێگە و بنچینەی هەردوو مەزهەب کۆمەڵە بیرێکی زەردەشتی یە، ئەگەرچی (ئەهلی حەق) بەزۆری

لەدەوروبەری(زەهاو و قەسری شیرین) دا دەژین، کۆمەڵەی بچوکتریشیان لەم دیو ئەودیوی زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس تا ورمێ دا هەن، هەروەها لە دەروبەری (سلێمانی و کەرکوك و موسڵ) یش دا هەن، هیچ گروپێك لەم دوانە چ (ئەهلی حەق) و چ (عەلەوی) پێڕەوەکانیان لەسەدا سەد کوردنین، ژمارەیەکی زۆری (عەلەویەکان) تورکن و ژمارەیەکیش لە (ئەهلی حەق) تورکمانن، بەلاّم ئەم دووگروپە وادیارە ئاوێتەی ئەم بیروباوەڕەیان لەبیر و باوەڕانەوە بۆ ماوەتەوە کە لەسەر بنچینەی ئایینی ئێرانی دامەزراون، عەلەوییەکان و ئەهلی حەق هەردووکیان ڕێزێکی زۆر بۆ دامەزرێنەری سەفەوییەکان دادەنێن. (٧٥)

لێرەدا پێویستە بیروڕای هەموو ئەوانە بخەینە ڕوو کە لەسەر مەزهەبی کوردیان نوسیوە، بەتایبەتی مەزهەبی سوننە و شیعە و بیروباوەڕی ئەهلی هەق و ئەوانی تر، چونکە تا ئێستا کورد بەشێکی زۆری بە هۆی ئەم مەزهەب و بیروباوەڕانەوە کۆمەڵێك لایەن توانیویانە بەکاریان بهێنن و بیانکەن بەداردەستی خۆیان و لەمەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانەکانیاندا دووریان بخەنەوە، ئەمەو سەرەڕای ئەو جیاوازییەی سەبارەت بەم لایەنانە باس دەکرێت.

لەم بارەیەوە ئیگلتون ئەوە دەخاتەڕوو کە زۆربەی کورد موسوڵمانی سوننەن لەسەر مەزهەبی شافعی و دراو سێکەیان لەباکوری ئێران شیعەی ئازەربایجانین، لەباشورا کوردەکان لەپشتی سوننە هەندێکیان لەسەر مەزهەبی شیعەن و فارسەکان و لوڕەکانیش، دراوسێکانی کورد لە تورکیا و عێراقدا لەسەر مەزهەبی حەنەفی بوون. (٧٦)

هەروەها ئاماژەش بەوە دەکەن ئینگلیزەکان کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان شیعەی کوردی فارسی و کوردی تورکیا دا نیە، هەروەها لەنێوان ئەو کوردانەی بەکرمانجی و زازا قسەدەکەن لەتورکیا، ئەم پەیڕەوی عەلەوییەکانی تورکیا بیروباوەڕی شیعە وەك

مەسەلەیەکی کلاسیکی سەیردەکەن، لەبەشێکی تری کوردستاندا کۆمەڵەی هەورامی و سنجابین و کەسەدیارەکانیان پەیڕەوی مەزهەبی شیعە دەکەن، ئەم (هەقانە) [٧٦] لەمەزهەبی شێعیدا زیاتر پەیڕەوی دوانزە ئیمامی دەکەن (سوڵتان ئیسحاق) [٧٧] ئەم کۆمەڵەیەی دامەزراندنووە.[٧٨]

یەکێکی کە لەگروپانەی گرنگن و پەیڕەوی ئاین و مەزهەبێکی تایبەتی دەکەن، (ئیزیدیەکانن)، ئەم خەڵکە بەکرمانجی قسەدەکەن و بەزۆری لەشاخی شەنگار و شێخان، لە رۆژئاواو رۆژهەلاٚتی موسڵ دەژین، تائەم دواییانەش ژمارەیەکی بەرچاویان لەناوچەی ماردین و میدیای تورکیادا دەژیان، بەلاٚم بەمەبەستی رزگاربوون لە هەل و مەرج و بارودۆخی سەخت و دژواری ژیان لەتورکیادا، نزیکەی هەموویان بەرە و ئەڵمانیا کۆچیان کردووە، ژمارەیەکی زۆریان پێشتر، واتە لەکۆتایی سەدەی نۆزدە لەدەست بزوتنەوەی پان ئیسلامی عوسمانی رایان کردووە و پەنایان بۆ رووسیا بردووە، (مەزهەبی ئیزیدی پێکهاتەیەکە لە رەگەزی بت پەرستی کۆن و دوانەی ئایینی زەردەشتی و چەند رەگەزێکی مانەوی و سەرباری چەند رەگەزێکی یەهودی و مەسیحی ئیسلام.[٧٧]

ئیگلتون سەبارەت بەئیزیدییەکان دەڵێ: (ئیزیدیەکان کۆمەڵەیەکی گەورەن لەناوکوردا، کە زۆرجیاوازییان هەیە لەگەڵ سوننە و شیعەدا ئەوانەی زۆرجار پێی یان دەوترێت (شەیتان پەرست)، ئێزیدییەکان لە لەباشوری تورکیا نزیك سنوری سوریا نیشتەجێن، لەناوچەی شێخانیشدا دەژین، لەدووری (١٥کم)، لەباکوری شاری موصڵ، پەرستگای پیرۆزی (شێخ عادی) لێیە و کەوتۆتە دۆڵێکی تەسکی دارستاناوی و (میر تەحسین بەگ) رێبەری ئێزیدییەکان سەرپەرشتی دەکات.[٧٨]

زانینی ژمارەی کورد ئیزیدی بەرێژەیەکی تەواو نەزانراوە، چونکە لەهەموو شوێنێکی کوردستاندا هەرلەباکوری سوریاوە تاسنوری ئێران بلاٚوبونەتەوە، بەلاٚم

زۆربەیان بەشێوەیەکی سروشتی لە شاخی (سنجار) و دەوروبەری مەرکەزی ئایینی رەگەزەکەی خۆیان و گۆڕی (شێخ عادی) لەنزیك گوندی (ئەڵقاوش) کۆبونەتەوە، هەندێك دەڵێن ژمارەیان نزیکەی (٣٠) هەزار کەسە و هەندێکی تر سەرجەمی ئێزیدییەکانی شاخی سنجار بە نزیکەی (٨ - ١٠) هەزار کەس داناوە.[٧٩]

ئێزیدیەکان بەردەوام جێگای سەرنجی ئەوروپییەکان بوون، هەروەها زۆر زانیاری چاکیان لەسەر دروستی بیروباوەڕەکەیان نوسیوە، هەرچەندە ئەم کۆمەڵەیە لە ئیسلامەوە دوورن، لەرووی بنچینەییەوە وەك (دروز) لەسوریا، ئەم دروزانە بیروباوەڕە بنچینەییەکەیان لەدەستداوە، ئەمەبووە پاڵنەرێك و توشی گۆشەگیری کردن، بوە هۆی وون بوونی بیروباوەڕی ئاینەکەیان زۆرێك لە ئێزیدییەکان لەترسی توندوتیژی کۆچیان کرد بەرەوناوچەکانی قەوقازی روسی لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا.[٨٠]

هەندێکی تر لەئینگلیزەکان باسی ئەوە دەکەن کە ئێزیدییەکان شەیتانیان دەپەرست، بەلاّم باوەڕیان وابووە کە شەیتان خاوەنی هێزێکی کاریگەربێ لەگەردووندا، ئەوان (ئیزیدییەکان) ناتوانن شەیتان پشت گوێ بخەن خۆیان دەپارێزن لەهەر ووشەیەك کە بەپیتی (ش) دەست پێ بکات، لەبەرئەوەی ووشەی (شەیتان) لەزمانی عەرەبیدا بەوپیتە دەست پێدەکات، سەبارەت بە جل و بەرگیان ئینگلیزەکان ئەوەش دەخەنەڕوو کە ئیزیدییەکان حەزیان بەلەبەرکردنی جل و بەرگی سپی و لەسەرنانی جامەدانی رەنگاورەنگی کاڵە، هەندێك لەوپیاوانەی ئیزیدییەکان لەشاخی سنجار جۆرە جامەدانەیەك لەسەردەکەن بەشێوەی قوچەکی و ئەم شێوازە ئێستا زۆر بەکەمی دەبینرێت.[٨١]

وەك باسمانکرد کوردستان وڵاتێکی پلوراڵە لەرووی ئایین و مەزهەبەوە و هەرلە کۆنەوە جێگای هەموو ئایینە ئاسمانی و مەزهەبەکانی تێدابۆتەوە و کوردانیش بۆ

خۆیان هەڵگری هەموو بیروباوەڕە ئاینی ومەزهەبیەکان بوونە و هیچ ئاین و مەزهەبێك لەکوردستاندا نەبووە لایەنگری و پەیڕەوکەری کوردی نەبوبێ، بۆیە چەندین جۆری تری ئاین و مەزهەب لەکوردستاندا بەرچاودەکەوێ.

کورد چەندین فیرقەی مەسیحی و موسوڵمانیان لەناودایە و ئەوەی دواییان (میللیە) یا ئایینی سەرەکی خەڵکی دانیشتوانی کوردستانە، سێ فیرقەی مەسیحی لەکوردستاندا هەن: یەعقوبی ، ئەرمەنی و نەستوری لەوانە: ئەرمەنی لەباکور، واتە لەوشوێنەی کە ئەرمەنی و کورد دەگەنەیەکتر، ئەرمەنیەکان دەوبن بەدوو بەشەوە:

یەکگرتوو ئەوانەن واهاوشێوەی ملێسەی رۆمین، لەکاتێکدا ئەوانەی دان بە سەرۆکایەتی (پاپا) دا نانێن، کلێسەی نایەکگرتوو پێك دێنن، کوردێکی کەمیش هەن کەسەر بەکلێسەی ئەرمەنی یا یەعقوبین، کلێسەی نەستوری بەشی زۆری کوردی گرتۆتەبەر، نەستوری و کورد بەهۆی مارەیی و ژن لەیەکتر خواستن و هەروەها لەباری نەژادییەوە گەلێك لەیەکترنزیکن و کاتێ کە کوردێك دەبێ بەمەسیحی، دەبێ روبکاتە کلێسەی نەستوری. (٨٢)

هەروەها ئینگلیزەکان وای بۆ دەچن کۆمەڵە مەسیحییەکان بەشێکی کاریگەرن لەکوردستاندا، بەشێکیان بەتایبەت ئاشورییەکان لەگەڵ کوردا ژیاون بەدرێژایی چەند سەدەی رابردوو، بەڕادەیەك رۆشنبیری کورد و رۆشنبیری ئەوان لەیەك دەچێ، مێژووی مەسیحیەکانی کوردستان لەکوردستاندا بە شێوەیەك بۆتە جێگای سەرسوڕمان لەخستنەڕووی ریزبەندی کۆمەڵە مەسیحییەکاندا جیاوازییەکانیان بەوەدەست پێ دەکات، کەسێ کەنیسەی کۆن لەناوچەکەدا هەن کە ئەمانەن:

١. کەنیسەی ئەرمەنی بەزمانی ئەرمەنی قسەدەکەن.

٢. کەنیسەی نەستوری، ئەو ئاشورییانەی کە سریانی رۆژهەلاّت بەکاردێنن.

٣. کەنیسەی سوری ئەرسۆدۆکسی (یەعقوب) کە زمانی سریانی رۆژئاوایی بەکاردێنن.

هەریەك لەم کەنیسانە بەتریك و ڕێوڕەسمی رۆژهەڵاتی تایبەت بەخۆیان هەیە، چەند ناوێکی هاو واتا هەیە بۆ هەریەك لەوکەنیسانە.کەنیسەی ئەرمەنی کاسۆلیك، کلدان، سریان، ئەمانە سەربەپاپای گەورەن، بەڵام ڕێوڕەسمی رۆژهەڵاتی تایبەت بەخۆیان هەیە. (٨٣)

کۆمەڵێ ئایینی دیکەش لەکوردستاندا هەن، هەرچەندە ئەمانە ناسنامەی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام دەتوانرێ لە شەبەنگی فراوانتری کلتوری کۆمەڵی کوردیدا جێگایان بۆ بکرێتەوە، یەهودیەکان دوو هەزار ساڵ زیاتر لەکوردستاندا ژیاون، ئەمانە زیاتر بەکاری کڕین و فرۆشتن و پیشە گەرییەوە خەریك بوون و بەزۆری لەشار و شارۆچکەکاندا دەژیان، لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا، ژمارەیەکی زۆریان لەشارەکانی زاخۆ و ئامێدی و سلێمانیدا دەژیان و کەنیسەی خۆشیان هەبوو، هەندێکیان خەریکی کشتوکاڵ بوون و هەندێکی تریان سەربەهۆزەکان بوون سەرباری کۆچی بەکۆمەڵیشیان لە کوردستاندا ماونەتەوە و ئەوانەش کە چونەتە ئیسرائیل خۆیان بەکورد دەزانن و سیمای کوردبونیان پاراستوە. (٨٤)

گروپێکی دیکە، کە نزیکەی (١٥٠،٠٠٠) خەڵکی بەرەسەن کرمانشاهین، ناوبراون بەفەیلی لە دەیەکانی (١٩٧٠ – ١٩٨٠) لە عێراق وەدەرنراون، زەحمەتە بگوترێ کوردەکان لە چ کاتێکەوە بونەتە شیعە، مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی لەسەدەی شازدەهەم دا لەئێران بلاْوبوەوە، دوورنیە پێش ئەو کاتە کوردانی شیعە مەزهەب هەموویان لەسەر مەزهەبی ئەهلی هەق بووبن، پاشان واباو بووە کە خانەدانەکانی شار، رەنگە لەپێناوی باشترکردنی بارودۆخ و پێگەی سیاسی خۆیان لەحکومەتدا

دەستیان لەمەزهەبی ئەهلی هەق هەڵگرتبێ و چووبنە سەر مەزهەبی شیعە و خەڵکە هەژارەکەش چاویان لێ کردبێ. (٨٥)

گروپێکی تر لەپەیڕەو کەرانی بیروباوەری ئایینی کورد(قزڵباش) ەکانن، قزڵباشەکان واتا ئەوانەی کڵاوی سوور لەسەردەکەن و ئەمڕۆ ژمارەیان نزیکەی (٤٥) هەزار کەس دەبێت و لەسەرسنوری تورکیا و لەنزیك ئازەربایجان دەژین و زۆری تریشیان لەئاسیای بچوکن، ئاینەکەیان وێکچوویەکی کەمی لەگەڵ ئایینی شیعەدا هەیەو کەوتۆتە ژێر کاریگەری کوردانەوە و بەگشتی هیچ نیە لە خوڕافاتێکی بەتاڵ زیاتر. (٨٦)

گروپێکی تر فیرقەی (بابی) یە، کەمیرزا عەلی موحەممەدی شیرازی لە ساڵانی (١٨٤٤ -١٨٤٥) دا لەئێران دا بنیاتی ناو خۆی بەفەرمانی حکومەتی ئێران لە تەورێز کوژرا، لەسێدارەدانەکەشی بەیارمەتی کوردی شکاکی هاتە ئەنجام، بەڵام بزوتنەوەکەیان بەهۆی جێگرایەتی لایەنگرانی گیان فیدای بابەوە درێژەی کێشاو ئێستا مەرکەزیان لە عەککای سوریایە. (٨٧)

بابیەکان گومانیان لە (راستی) بونی قورئاندا هەیە و تەفسیری قورئان دەدەنە دواوە و نوسراوەیەکی بێ نەزمی ئەو تۆیان کردۆتە جێنشینی قورئان کە تەعلیم و فێرکردنەکانی روون نییە، بابیەکان دەسەڵاتداری مەلاو ئاخوند لەئیش وکاری ئایینیدا دەدەنە دواوە، بەڵام لانی کەم بەڕواڵەتیش بێت، پێغەمبەرایەتی محەممەد دەسەلمێنن، چۆن دیعایەی ئەوە دەکەن کە داب و رەسمی ئایینی بە پێی سەردەم توشی ئاڵ و گۆڕ هاتووە و تێکدراوە، مەلایانیش داگیرکەری شەرعی خودا نەبێ هیچ نین، هەندێك ئەوانە بەوە تاوانباردەکەن کە لایەنگری کۆمۆنیزمن، یان پڕوپاگەندەی بۆ کەڵك وەرگرتنی رێگاو رەوشت لە ژیان دەکەن، ژمارەی ئەو کەسانەی لەسەرئەم ئایینەن لە (٥) هەزار کەس تێپەڕناکات، ئەوانیش لە

گوندەکانی مەڵبەندی هەکاری نێوان باشقەڵاو قوتوری نزیك سنوری تورکیا و ئێراندا نیشتەجێن. (٨٨)

لەنێو کورداندا، ژمارەیەکی کەم لەوهۆزانە دەبینرێت کەداری دارستان دەپەرستن و هەندێ بەردی تاشیاو یاخود شێوەیەکی دەست تێوەردراوی ناکردارەکی بەردی وەك کیلّی بەردینیان کە کەلێن و قوژبنی شاراوەی ولاتەکەیاندا هەیە، ئەم خەلّکە بەکوردی زازا دەناسرێنەوە لە چوارقوڕنەی ولاتەکەدا بلاّو بونەتەوە. (٨٩)

جودایی ئایینی کوردەکان لەتەریقەتە سۆفی یەکان و کارە سەیرەکانیاندایە، واتە حالّ لیّ هاتن و (شەتەحات)و ئاگر خواردن و لەخۆدان و شتی تریش دا دەردەکەویّ، ئەم جولانەوانە تایبەت نین بە کۆمەلّی کورد و لەناوگەلیّ لەناو کۆمەلانیشدا هەیە کە ئیسلامی میللیان لە ئیسلامی رەسمی پیّ باشترە .

دەبینریّ و سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ریّ و شوێنانەی پێش ئیسلام کەلەناو ئەو کۆمەلانەدا باوبون و دوریش نییە، لەناو گروپە مەزهەبیە جۆراوجۆرەکانی خەلّکی کوردا رەگ و ریشەیەکی هاوبەشیان هەبوو بێت، تەریقەتە سۆفیەتیەکان لەلایەك یارمەتی پتەوکردن و لەلایەکی تر یارمەتی دابەشبوونی کۆمەلّی کوردیان داوە، لەنێو تەریقەدا هەست بەناکۆکی و دوژمنایەتی دەکریّ، شێخەکانی تەریقەت، هەتا هی یەك تەریقەتیش لەسەر کۆکردنەوەی مورید و دەروێش کە پێگە و بنچینەی دەسەلاتیانە بەزۆر ململانیّ ی یەکتردەکەن، نمونەی ئەمەش شیعەکانی نەقشبەندی (شیعەکانی نەهری) و (شیعەکانی قادری) بارزان لەسەدەی نۆزدەیە. (٩٠)

ئەوەی وترا دەربارەی ئایین و ئاینزاکانی کوردستان تارادەیەك ئامانجی راستیان پێکاوە، بەلاّم لەکەم و کوڕیش بەدەرنییە، چونکە قسەکردن لەسەر بیروباوەڕی ئایینی کارێکی قورسە و ناتوانریّ بەتەواوی بخرێتەڕوو.

## خاکی کورد و سنورەکەی

سەبارەت بەخاك یان زێد و نیشتمانی کوردان، دەبێ ڕەچاوی ئەوکاتە بکەین کە ئینگلیزەکان تیایدا باسی خاکی کوردانیان کردووە، بێ گومان ڕەنگە کۆمەڵێ کەم و کوڕی لە نوسینەکانی ئینگلیزەکاندا هەبێ، بەوەی بە تەواوی خاکی کوردستانیان دەستنیشان نەکردبێ، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا دانپیانانی ئینگلیزەکان بوو بە خاکێك بەناوی نیشتمانی کوردانەوە.

ئینگلیزەکان ئاماژە بەوەدەکەن هەرچەند ژمارەیەك کورد لەدەرەوەی کوردستان و لەکۆمارەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجان و سوریا و خۆراسان لەرۆژهەلاتـی ئێران یان شارەکانی ئەستەمبوڵ و ئەنقەرە و تاران و تەورێزدا دەژین، بەڵام زۆربەی خەڵکی کورد لەناوچەیەك دا دەژین، کە بریتیە لەو شاخانەی وڵاتانی ئێران و تورکیا و عێراق بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

ناوەندی ئەم شاخانە زنجیرەچیای زاگرۆسە، کە لەباکوری رۆژئاوا بەرە و خوارووی خۆرئاوای ئێران بەدرێژایی سنورەکانی ئێران، لە هەندێ شوێندا بۆ نموونە هەکاری لەگەڵ دراوسێکانی رۆژئاوایدا درێژبۆتەوە، ئەم شاخانە چڕن و دۆڵ و شیوی زۆر تێدایە، گوندەکان بەقەد پاڵەکانەوە چەسپاون یان لەسەر لێژاییەکان دروستکراون، لەلای رۆژئاوای شاخەکان دەبنە زۆرگ و گردۆڵکە، لەلای باکوری رۆژئاوادا، ئەم شاخانە دەشتی ئەنادۆڵ دەگرنەخۆ، کە بریتیە لەناوچەیەکی فراوان و بانی فراوان بەزنجیرە شاخی جۆراوجۆر دەوردراون، لەلای رۆژهەلاتی پێ بە پێ بەرزایی شاخەکان کەم دەبێتەوە، تا لەگەڵ کێڵگەکاندا دەبێتەوەیەك، لەبارێك دا لەلای خواروو، شاخەکان درێژدەبنەوە، ئێر ە شوێنی دانیشتوانی لوڕەکانن. (٩١)

بێ گومان لوڕەکانیش هەرکوردن بەپێی زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان، بلاۆکراوەیەك کە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان لە ساڵی (١٩١٩) دا

بلاْوی کردۆتەوە دەڵێ : (ئاو و هەوای ئەم شاخانە بەدرێژایی ساڵ سەلامەت بەخشە)[٩٢].

خاکی کوردان بۆ خۆی رەهەندێکی مێژوویی قوڵی هەیە و لەسەردەمانێکی زۆر زوەوە لەلایەن یۆنانی و رۆمیەکانەوە ئاماژەی پێ دراوە، ئەمەش بەڵگەیەکی باش بوو بۆ ئینگلیزەکان تادان بەم راستیەدا بنێن و بگەڕێنەوە بۆ مێژوویەکی زۆر کۆن کە ئاماژە بەخاکی کوردان دراوە.

ئەو خاکەی کە لەسەردەمی مێژوویدا، زێدی رەگەزی کورد بووە، پێدەچێ هەرئەو ناوچەیەبێت کە یۆنانیەکان بە (کەردوخیە) و هەردوولایەنی یۆنانی و رۆمی بە (کوردوینی) ناویان بردووە، نوسەرە سریانییەکان ناوی (قەردویان) پێ بەخشیوە و نوسەرانی کۆنی عەرەبیش (قەردایان) لەسریانیەکان وەرگرتووە.[٩٣]

سترابۆن باسی خاکی (گوردیەتی) دەکات ئەو شوێنەی کە نوسەرانی پێشتر بە (کەردوخی) ناویان بردووە، لەسەر لێواری دیجلە یان داناوە و گوتویانە یەکێ لەشارە سەرەکیەکانی (پینەکە) بوە کە (فینیك) ی تازە بێ، قەلاْیەکی یەکجار قایمی هەبووە کەلەسەر سێ گرد دامەزرابوو هەریەك لەوگردانە دیواری تایبەت بەخۆی هەبووە بەشێوەیەکی وا کە لەشارێکی سێ تۆوی دەچوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرمەنیەکان روخاندیان و رۆمیەکان بەهێرشێکی بێ ئەمان داگیریان کردووە، ئەمەش لەکاتێکدا بووە کە (گوردیەئی) یەکان بە روالەت بینای باشیان دروست کردووە و ئەزمونێکی زۆریان لە مەسەلەی ئابلوقەدانی قەلاْدا هەبووە و هەربەوبۆنەیەوە (تیگران) ەکان لای خۆیان دایان مەزراندووە.[٩٤] ئەم خاکە لەباشورەوە بیابانی عەرەبستان و لەباکورەوە ئەرمەنستان، لەرۆژئاواە سەرچەمی فورات و لەرۆژهەلاْتەوە حکومەتی کۆنی ماد سنوری خاکە کەیان پێکهێناوە.[٩٥]

ئەو شوێنەی کە سنوریان لە کەردوێنیێ دەگەڕایەوە، بریتی بووە لە (ئەرزەنیێ نی) لەبەری رۆژئاوا، (زەبدێنی) لەباشور (موخوێنی) باکور، لەوپەڕی باکور و لەرێگای زنجیرە شاخی (ئانتی تورس) بەشانی باکوری گۆلی (وان) دا، کە ئەودەم گۆلی (تۆس) یان پیێ دەگوت، لەپشت چیای (نیفاتێس) ەوە تاچەمی (ئاراس) خاکی ئەرمەنستان بووە، لای باشوری رۆژئاوای ئەرمەنستان ناوچەی (ئین گی لی نی) و (سۆفینی) و (هییەرا پۆلیس) کە ئێستا (جیرابلووسی) پیێ دەگوتریێ (ئوس روینی) هەڵکەوتبوو کە پایتەختەکەی بریتیە لە ئورهای (ئی دیس)، هەموو شانی باشوری (ئوس روینی) لەلای خوارەوەی (زەبدیکێنیێ ZABDIKENE) مەڵبەندی میزوپۆتامیا داگیری کردبوو، لەوپەڕی میزوپۆتامیادا، واتە لە (کەردوێنی) ەوە بەرەو باشوری رۆژهەڵات سەرانسەری ئەوخاکە شاخاویەی پشت (ئەربێلا) یا هەولێر تادەگاتە (دیلەس) کە دیالەی ئێستا بێت بە (ئەدیەبەنی) ناوی دەبرا، (ئاترۆپاتەن) کەوتبوە لای باکوری رۆژهەڵاتی (ئەدیەبەنی) یەوە و پشت ئەویش مەڵبەندی پان و بەرینی (ماد) بووە کە سنورەکانی بەتەواوی روون نین.[٩٦]

ئەمە سەردێکی مێژووی بوو سەبارەت بەخاکی کورد کە ئینگلیزەکان سودیان لەوانەی پێش خۆیان وەرگرتبوو، بەتایبەتی ئەو نوسەر و گەریدە یۆنانی و رۆمیانەی کە سەردانی کوردستانیان کردووە، سەبارەت بەسنوری کوردستان، ئینگلیزەکان لەم بارەیەوە قسەی خۆیان کردووە، جارێکی تریش رەنگە لەم لایەنەدا کەم وکوڕی تێدابیێ، بەلاّم دەکریێ بەهەندیش وەربگیریێ، بەتایبەتیش لەلایەن کۆمەڵێك کەسەوە کاتێك کوردستانیان داگیرکردووە لەگەڵ لەشکری ئینگلیزبونە و لەو رۆژەوە پێیان خستۆتە خاکی کوردانەوە بەدرێژایی ئەو مێژووە دژی داواکاری خواستەڕەواکانی بونەو هەمیشە بونەتە کۆسپ و لەمپەر لەبەردەم ئەم داواکارییانەدا.

کوردستان بەوڵاتێك دەگوترێ کە کوردەکان وەك نەتەوەیەك لێی جێگیرن، ئەم وڵاتە دابەشکراوە بەسەر (تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا) بەشێك لە خاکەکەشی خراوەتەسەر یەکێتی سۆڤیەت، لەبەرئەوە سنورەکانی کوردستان لەگەڵ هیچکام لە سنورە نێو نەتەوەییەکانی ئەو دابەشکردنانەی سەردەمدا یەك ناگرێتەوە، لەباکور ئەم سنورە بەگشتی هێڵێکە بە ئێرەوان (یەریڤان) و ئەرزەرۆم و ئەرزنجاندا تێدەپەڕێ و لەوێوە لار دەبێتەوە و لەمەرعەش روو لە حەلەب دەکات، لەباشوری رۆژئاوا بە بناری چیاکاندا دەچێەپێش تادەگاتە دیجلە و لەوێوە شان بەشانی لای رۆژهەڵاتی رووباری دیجلە دەچێتەخوارێ، هێندێ باکورتر بەهێڵی کێوە سوور (جبل حمرین) دا روو لەناوچەیەکی سنوری ئێران و عێراق نزیك مەندەلی دەکات، لەرۆژهەڵاتدا، واتە لە ئێران سنوری کوردەکان بەرەو باشوری رۆژهەڵات لەئێرانەوە دەست پێدەکات و هەرێمەکانی (ماکۆ، بەشێك لەخۆی، ورمێ، مهاباد، سابلاخ، سەقز، سنە، کرماشان) دەگرێتەوە، جادەی ئەسڵی کرماشان بۆکرێند و لەوێوە بە هێڵێکی رێکدا تامەندەلی، ناوچەیەکە کەکوردەکان لەخزمە (لەك و لوڕەکانیان). [٩٧] جیادەکاتەوە، کە جار جارە بەکورد دەژمێردرێت) [٩٨]

جەخت کردنەوە لەناوی کوردستان و سنورەکەی هەموو ئەو ئینگلیزانەی باسیان کردووە، لەرووە راستەقینەکەی لایانداوە و ئاماژەیان پێکردووە و ئەوانیش باسی دابەشبوونی خاکی کوردان و دیاریکردنی سنورەکەیان بەزەحمەت و ئاڵۆزکردووە.

لەم بارەیەوە مێجەرسۆن دەڵێ : کوردستان ئەو خاکەیە کە کوردەکان تێیدا نیشتەجێ بوون، یان ئەو خەڵکانەی بەخۆیان دەڵێن کورد و بەزمانی کوردی دەدوێن، هەندێ لەوناوچانەی کە بەشێوەیەکی راست پێویستە بخرێتەسەر ئەم خاکە، لەو وڵاتەش وەك (ئەرمینیا، میزوپۆتامیا و ئازەربایجان)، کە ئەرمەنیەکان لە ئێران نیشتەجێ بوون، لەسوریاش عەرەب و تەتەرەکان. [٩٩] زۆربەی کوردەکان لەهەندێ

بەشی ئەم ولاٌتەدا، ناوچە شاخاوییەکانیان گرتووە و لەو بڕوایەدان کە ئەو شوێنانە کوردستانە، دووناوچەی زۆر گرنگ لەم ناوچانەدا دانی پێدانانرێت کە کوردستانە، بەلاٌم کەوتۆتە ناوئەم خاکەوە و ناوە گشتی یەکانیان وەك ئەمانەی لای خوارەوەیە:
یەکەم باکوری میزۆپۆتیامیا لەباشورەوە دەورەدراوە بەهێلێك کە لەبریجسقەوە شۆڕبۆتەوە بەسەر ئەڤەرێستداو بۆ جەزیرەی ئیبن عومەر لەسەر دیجلەباکور، رۆژهەلاٌتە، رۆژئاوا بەلای ئەڤەرێست و دیجلە و بەرەو ئەو شوێنە فراوان دەبێتەوە لەباشوری ئەرنمانە، لەوێدا کە زۆرنزیکە لەیەك بدەن، ئەم شوێنە سێ گۆشەیە، بڕیاربوو بەشێك بێ لەکوردستان لەرۆژگاری ئەمرۆماندا، لەگەلٌ ئەوەشدا کە بەرەگەز هەمووی کوردنییە، هەر چەندە بەتەواوی لەباکور و رۆژهەلاٌتەوە لەلایەن کوردەکانەوە دەستی بە سەردا گیراوە و تیایدا نیشتەجێ بوون و بەرەو زۆر بوون دەچن.
دووەم: ئەم ناوچە سێ گۆشەیە بەنزیکی هاوڕێکە بەهێلەکان لەئاراراتەوە بۆ وان، لە وانەوە بۆ موش لە موشەوە بۆ ئەرزە رۆم ، لە ئەرزەرۆم یشەوە بۆ بۆ ئارارات، ئەمە بڕیاردرابوو کاتی خۆی کە بەشێك بێت لە ئەرمینیا، هەرچەند کێشەی کورد و ئەرمەنەکان بۆتە هۆی داگیرکردنی، ئەوانیش دوامیللەت بوون پێش کوردەکان کەلەو ناوچەیەبوون. سنوری رۆژئاوای کوردستان رێکخراوە، ویلایەتی دەرسیم و مەئوراتی ئەوعەزیز بریاریاندا کورد لەلایەن تورکەوە پەسەندبکرێت، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش لە سەلجوقیە تورکەکان لە دەشتەکانی ئەو پارێزگا شاخاوییەدا نیشتەجێ بوون.
لەباکوریشەوە خێلە مەزنەکان، گروپێك لەکوردی کرمانجی و بەشێك لەکوردی زازا، خاکەکانی باشوری ئەرزبایجانیان داگیرکردبوو، لەکاتێکدا لە باکوری ولاٌتی واندا زۆر بەجوانی و ژمارەیەکی یەکسان دابەشکرابوو بە سەر تەتەر و ئەرمەن و کوردا،

سنوری باشوری بەشێوەیەکی بەش بەش هێمای بۆ کراوە و بەردەوام لە جەزیرەی ئیبن عومەرەوە بۆ موسڵ و لەوێشەوە دوای رێگە دەکەوێتە لـە هـەولێر، ئـاڵتون کـۆپری، کەرکوك، کفـری و بـۆ قزرەبـات یـان مەنـدەلی، و لەمەندەلیـشەوە بـەنزیکی لەسـەر هێڵێك بۆ ناو کەنگاوەر،بیجار، میانداو (میانداب)، شنۆ، ئـارارات، درێژدەبێتـەوە، سنوری ولاتی کورد بە دڵنیاییـەوە لـەماوەی چـەند سـەدەی رابـردوودا فـراوان بـووە، بەشێوەیەکی تایبەتی لەرۆژئاواوە و باشوریش بەرەو میزۆپۆتامیا و بـاکوریش بـەرەو ئەرمینیا. (١٠٠)

قـسەکردن لەسـەر خـاك و سـنوری ولاتێـك کـە بەدرێـژایی مێژووەکـەی جێگـای چـاوتێبڕینی داگیرکـەران و زلهێزەکـان بـووە، هـەروەها بـەردەوامیش سـەرەرێگای سەرجەم لەشکرکێشی یە کـۆن و نـوێ کـان بـووە و گـەر کـوردان خۆشـیان بەشـداری شەڕیان نەکردبێ ئەوا (ئەو شەڕانەی کەلەسەر مەیدانی کوردستان کراون)، هەمیـشە بەشێك بوونە بەشەڕەکە و بگرە زۆرجاریش پشکی شێریان بەرکـەوتووە لـە قوربـانی ومالٚ وێرانیەکان، بۆیە ئـەو ئینگلیزانـەی قـسەیان لەسـەرخاك و سـنوری کوردسـتان کـردووە، لەکۆمـەڵێ رووەوە دووچـاری هاڵـەی گەورەبونەبـەوەی کۆمـەڵێك شـوێنیان بەکوردستان دانەناوە بەتایبەتی دەشتەکانی میزۆپۆتامیاو بانەکانی ئـەنادۆڵ، لەگـەڵ ئەوانەشدا داننان بـەخاك و سـنوری میللـەتێکی بـێ دەوڵـەت و داگیرکـراو بایـەخی خـۆی هەیـەو دەکـرێ بڵـێین وەك بەڵگەیـەکی مێـژووی لـەداهاتوودا کـوردان بـۆ سەندنەوەی مافی داگیرکراوی خۆیان بەکاری بهێنن.

### کاری کوردناسە ئینگلیزەکان

هەموو ئەوئینگلیزانەی کە لەبارەی کورد و کوردستانەوە نوسین و یاداشت و راپۆرتیان هەیە و لەسەردەمە جیاوازەکاندا نوسیویانە، یاخود یاداشتیان کردووە،

بەچەندین مەبەست و ئامانج بووە، هەرچەندە ئینگلیزەکان وەك ئیمپراتۆریەتێکی ڕۆژئاوایی زلهێزی گەورە هاتونەتە کوردستان و داگیریان کردووە و زۆربەی ئەوانەشی کەلەسەر کوردیان نوسیوە، زیاتر پیاوی سیاسی و سەربازی و جاسوس بوون و هەموویان یان دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆریان بۆ خزمەتی کارەکەی خۆیان (جا لە هەرپۆستێکی سیاسی و سەربازی و ئیداریدا بوبێتن) بۆ خزمەتی دەوڵەتی بەریتانی بووە، بەلاّم ناوی چەندین کەسی تری ئینگلیزیش دەبیستین کە بۆ مەبەستی زانستی یان بۆ گەشت و گەڕان سەردانی کوردستانیان کردووە و لەبارەی کوردەوە نوسین و توێژینەوەیان کردووە، چ ئەوانەی بۆ خۆیان هاتونەتە کوردستان، یان ئەوانەی پشتیان بەسەرچاوەکانی پێش خۆیان بەستوە و لەوانەوە نوسین و توێژینەوەیان لەبارەی کورد و کوردستانەوە ئەنجام داوە، ئینگلیزەکان چونکە هێزێکی داگیرکەری مشەخۆر و تالاّنکەر بوون، پێدەچێ زۆربەی کات لایەنە ئابوری یەکە و دواتریش سیاسی و سەربازیەکە یاخود بەپێچەوانەوە پاڵی پێوەنابن، بەشێوەیەکی چڕ و وورد سەردانی بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستانیان کردووە و لەزۆر لایەن و بواری گرنگی ژیانی و ژیاری کوردیان کۆڵیوەتەوە بەتایبەتیش ئەو شوێن و ناوچانەی کە چەقی دەسەلاّتە خۆجێ یەکانی کوردبوونە، لەسەردەمە جیاوازەکاندا،لێرەدا بەپێی ئەو سەرچاوانەی دەستمان کەوتون، هەوڵ دەدەین، پیشەی کوردناسەکان باس بکەین کەلەسەر کورد و کوردستانیان نوسیوە، کە بریتین لەمانە:

## گەڕیدەکـــــان

گەڕیدە بۆخۆی کەسێك یان چەند کەسانێکن هەڵدەسێتن بەئەنجامدانی گەشتێك بۆ ولاّتێك یان چەند ولاّتێك و هەوڵ دەدەن لەزۆر لایەنی ژیانی مرۆڤ و مێژووی و کلتوری، ....هتد، ئەو گەل و ناوچەیە شارەزابن بێ گومان گەڕیدە ئینگلیزەکان

ئەوانەی کە هاتونەتە ناوچەکانی کوردستان نوسین و یاداشتیان دەربارەی کورد نوسیوە ئەوەندەی لەم توێژینەوەیەی ئێمەوە بەدەست هاتون، دەکرێ بڵێین نوسین و بابەتەکانیان باشن و جێگای بایەخ و گرنگی دانە، ناشتوانین بابەتەکانیان بەتەواوی بەهەند وەربگرین و قسەی لەسەر بکەین، چونکە لەکەم وکوڕی بەدەرنییە.

یەکێك لەو گەڕۆکە ئینگلیزانەی سەردانی کوردستانی کردووە (جیمس بێنکهام)ە کە لە رۆژی (٩ی تەمووزی ساڵی ١٨١٦) گەیشتۆتە کەرکوك و لەبارەی کەرکوکەوە دەڵێت: کەرکوك لە سێ بەشی جیاواز پێکدێ و هەر بەشێکیش رووبەرێکی گەورەی هەیە، بەشێکی سەرەکی ئەم بەشانە کوتۆتە سەرگردێکی بەرز کە لەقەڵاێ هەولێر دەچێ،لەسەر ئەم گردۆڵکەیە شارێکی قایم هەیە، شورەکەی ژمارە ماڵێکی زۆر و منارەی سێ مزگەوتی لێیە کەلەماڵەکانی دیکە بەرزترن، دەڵێن گوایە کەسانی غەیرە موسوڵمان بۆیان نییە لەم بەشدا نیشستەجێ بن و ژمارەی خەڵکەکەی پێنج تاشەش هەزار کەس دەبێ، بەڵام ئەم ژمارەیە بەراستی زێدەڕۆی تیاداکراوە، کەرکوك یەکەم شوێنێکە کە لەوەتای لەموسڵەوە دەرچوین بینیبێتمان دار و درەختی لێ بێت. (١٠١)

هەروەها بێنکهام درێژە بەباسەکەی دەدات و دەڵێ: کەرکوك تائێستا لە گەورەترین ئەوشارانەیە کە کەوتۆتە رۆژهەڵاتی دیجلەوە، لەلایەکی ترەوە سیمای قەڵاکە کەوتۆتە سەرگردێکی بەرزکەوامان لێدەکات باوەڕبکەین ئەم شارە بەردەوام ناوەندێکی مکۆمی پڕ گرنگ و توانا بوە و شایستەی ئەوە بووە بارەگای سەربازی رۆمانەکان بووبێ لە کاتی حوکمڕانیدا. (١٠٢)

یەکێکی دیکە لەوانە، واتە ئەو گەڕیدەی هاتۆتە کوردستان (جیمس بیللی فریزەر)ە، فریزەر لە ساڵی ١٨٣٤ گەشتێکی کردووە بۆ کوردستان و میزوپۆتامیا، ئەم پیاوە کە (٧٣) ساڵ ژیاوە زۆربەی ژیانی بەگەشت و گەڕیدەیی بەسەربردووە.

فریزەر ئەو گەشتەی کە بۆ کوردستان و میزپوتامیا کردوویەتی دواتر بۆتە کتێب و بەناونیشانی (چەند گەشتێك لەکوردستان و ولآتی میزوپوتامیا)، لەساڵێ (١٨٤٠) لە لەندەن چاپکراوە، فریزەر لەتەورێزەوە بەولآتی موکریان و باباندا گەشتێکی دوور و درێژی کردووە بۆ بەغداو لەوێوە بەسەر کرماشان و هەمەداندا گەڕاوەتەوە بۆ تاران. (١٠٣)

فریزەر ماوەیەکی کەم دوای کارەساتی رشانەوەو تاعونە ترسناکەکەی سلێمانی هاتۆتە سلێمانی، واتە جێ دەستی رەشی ئەو دوو نەخۆشییە بەهەموو شوێنێکی شارەکە ودانیشتوانەوە دیاربووە، وەك ئەوەی نیوەی ژمارەی ئەو دانیشتوانە ئەو نەخۆشیانە کوشتونی و زۆریشیان لەترسی مەرگ و توش نەبوونی نەخۆشییەکە بەرەو کەرکوك و هەولێر رۆیشتون، دواتر فریزەر لەگەشتەکەیدا کاریگەری فراوان بوونی دەسەلآتی (میری رەواندوز) و فراوانخوازییەکانی لەشوێنەکانی میرنشینی بابان دەست نیشان دەکات و لەوبارەیەوە دەڵێ: لەو هۆیانەی بونەتە هۆی لاوازبوونی میرنشینی بابان دەگەڕێتەوە بۆ دووبەرەکی و براکوژی نێوان کوردەکان و میرەکانیان لەناوخۆیاندا، وەهۆی دووەمیشی بۆ بەهێزبوونی دەسەلآتی میری رەواندوز و شکاندنی هێزە بچوکەکانی سەر بەمیرنشینی بابان و جێ گرتنەوەی هێزەکانی رەواندوز لەبری ئەمان. (١٠٤)

فریزەر مەسەلەیەکی گرنگی مێژوویمان بۆ روندەکاتەوە، ئەویش جێگای جوگرافی و گرنگی میرنشینی بابانە، کەبۆتە هۆی ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی هەردوو بۆ بەرژەوەندی خۆیان، نەهێڵن هیچ میرێکی بابان بەخۆیاندا بێتەوە و دەسەلآتی فراوانی ببێ و لەشکری هاوچەرخ و رێکخراو بەمەشق و شارەزا پێکبهێنێت، بۆ ئەمەش باسی ئەوە دەکات کە چۆن ئەم دوو دەوڵەتە هەرجارەو بەشێوەیەك دووبەرەکیان لەنێوان میرەکانی بابان لەناوچەی سلێمانی دروستکردووە، ئەم میرانەش

یان برای یەکتربوون یاخود مام و ئامۆزا یان خزمی نزیك بەیەکتر بوون، بەلاّم نەزانی و ساویلکەیی پاشاکانی بابان دەلاقەیەکی وەها و کەلەبەرێکی وەهای دروستکرد کە هەرجارە بەشێوەیەك لەشکری عوسمانی و ئێران لەکوردستاندا بەبێ ترس و سڵەمینەوە رەمبازی بکەن. (١٠٥)

پاشان فریزەر کەلە ٤ی تشرینی دووەمی ١٨٣٤ لەگەشتەکەیدا گەیشتۆتە کفری، بەم شێوازە باسی کفری دەکات و دەڵێ: کفری دەروازەی رێڕەوێکە بەرووی کۆمەڵێ گردۆڵکەی وشکدا دەکرێتەوە، ئەو گردانە لەرووی دەشتەکانەوە بەشێوەی تەپۆڵکە بەرزبوونەتەوە، دارخورما بەشێوەیەك بەرزبۆتەوە لەسەر شوراکەی تێ پەڕاندووە، ئەوەیەکەم داورخورمایە بێتە پێش چاومان، هەموو وامان هەست دەکرد دەچینە (عەرەبستان) ەوە، گۆرانی جل و بەرگ و سیمای خەڵکەکە وایان لێ دەکردین بڵێین ئێمە لەخاکی تورکیادا بین، لەم گەشتەمدا بۆیەکەمجار بینیم دەمەقاڵی لەسەر خواردنی ئێمە و جۆ وکای ئەسپەکانمان دروست نەبوو، هەموو شتێکمان بەتەواوی بۆ ئامادەکرابوو تاکەشتێك جێگای تورەیی بوو ئەوە بوو کاتێك خزمەتچیەکان نانت بۆ دێنن چاوەڕێ ئەوە ناکەن بۆ شتێك پارەیان بدەیتێ، بەلاّم ئەوان چاوەڕێ ناکەن و لەپڕ هەموویان هێرشت بۆ دێنن و داوادەکەن. (١٠٦)

گەڕیدەیەکی دیکە هاملتونە، ناوی تەواوی (ای. ام. هاملتون)ە، کتێبەکەی لەژێر ناونیشانی (رێگایەك بۆ کوردستان ـ طریق فی کوردستان)، هاملتونیش وەك ئەوانی تر سەردانی کوردستانی کردووە و بەهەولێر و هەندێ شوێنی کوردستاندا تێپەڕیوە، هاملتون زۆر بەئەسەفەوە باس لە دەوڵەمەندی کوردستان دەکات بۆ ئەو هەموو سامانە سروشتییەی کە هەیەتی بەتایبەتیش نەوت، کە لەلایەن حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە، دەفرۆشێتە ئەو ولاّتانەی کە چەك دروستدەکەن، تابەو چەکە کوردی خۆی پێ لەناو ببات. (١٠٧)

دواتر هاملتون له کتێبەکەی دا وەصفی کورد و کوسدتاندا لەژێر ناونیشانی (بەفرەکان دەتوێنەوە) دەڵێ: لەوەرزی بەهاردا دیسانەوە هۆزەکانی (هەرکی) گەڕانەوە بەخۆیان و مەڕومالاٌتەکانیانەوە بۆ چیاکانی سەرسنورەکە، تەماشای ئەو دیمەنە دڵ رفێنەی بەهار و دیمەنی هاتنەوەی ئەو هۆزەو بەگ و دەم سپیەکانت کرد بە تەواوی سەرسوڕمان دایدەگرتم، کاتێ دەمبینی سوار و بەگەکانیان بەجل و بەرگی جوان و قەشەنگ، زۆر ئاواتەخوازی کامێرایەکی سینەمایی بووم کە فیلمێکی سینەمایی زۆر نایاب تۆماربکەم، لەراستیدا هۆزەکانی (هەرکی) هۆزێکی یەکجار دەوڵەمەند و زەنگینن، خاوەنی مەڕومالاٌتێکی زۆرن، هەربۆیە بەهەمیشەیی سەرقاڵی بەخێوکردنی مەڕومالاٌتن و حەزیان بەشەڕ و جەنگ نییە و بەیەکێك لەو هۆز و تیرانە ناژمێردرێن کەشەڕەنگێزبونە و دەست درێژی بکەنە سەر تیرەکانی تر. (١٠٨)

هاملتون بەردەوام دەبێت و ئەوە باس دەکات: (هەرچەندە سالاٌنە هۆزی هەرکی تووشی چەندین شەڕدەبنەوە لەلایەن هۆزەکانی ترەوە کە دەست درێژی دەکەنە سەریان، وەك هۆزەکانی (سورچی و حمەدشین) کە دڕەندە و شەڕەنگێز بوونە، بەلاٌم هەریەکەیان زۆرجار خۆیان پاراستووە لەم شەڕانە و زەرەر و زیانی مەڕو مالاٌتەکەیان لەکاتی شەڕەکاندا زۆر بەلاوە گرنگ نەبووە، وەزۆریش رێزی من دەگرن (واتە هاملتون) ، پاشان هاملتون نمونەیەك لەسەر ئەم رێزگرتنە دەهێنێتەوە و ئەوە باس دەکات و دەڵێ : جارێکیان هەندێك لەکوردەکان لە چواردەوری خێمەکەی من روایان دەکرد و تەقەیان دەکرد، منیش بەم حاڵەتە دڵگران بووم و توڕەبووم، یەکێك لەیاریدەدەرەکانم نارد کە لەم ناوە دوور بکەونەوە و لەم ناوچەیەدا روانەکەن، کاتێ چوو بۆلایان ئەوان و تبویان ئەمە ناوچەیەکە هەرلەمێژەوە جێگای راو وشکاری ئێمەیەو بۆکەس نییە رێگریمان بکات، دواتر کەبەمەم زانی راستەوخۆ یەکێك

لەپاسەوانەکانم ناردەلایان کە لەبنچینەدا ئاسوری بوو، کەلەولاشەوە زۆر بێ جورم و لاواز بوو، تا ناویان بزانێت و بیان ناسێت، بەڵکو بەسەرۆك هۆزەکانیان بڵێم، بەلاّم کاتێ هاتەوەبینم کە هەرهەموویانی چەك کردووە و دەستی بەستوونەتەوە و هێنایانی منیش زۆرم پێ سەیربوو، ئەوان دەیانتوانی وەك رێز لەبەرمن بەرگری بکەن، هەرچەندە سەرجەم هۆز و عەشیرەتەکان بەڵگەی زۆریان هەیە کەبیکەنە پاساوی دژایەتی کردنی من، بەلاّم ئەوان نەیان دەکرد و رێزی زۆریان بۆمن هەبوو. (١٠٩)

بێگومان هاملتون گەشتەکەی لە ئەربێلاوە بۆ بانەکانی ئێران کرد، دەبێ ئەوەش بڵێین ئەم گەشتەی هامڵتون هەندێ لایەنی زانستی و شارەزابوونی تێدابوو، چونکە هەندێ کاری کردووە وەك شارەزابوونی رێگاوبانەکان و زانستێکی هەبووە بۆ پێوانەی شوێنە قوڵەکان، دواتر ئەم کارەی کردۆتە لێپرسراوێتی سەرشانی خۆی، هەرچەندە ئەم سەردانە لەکات و بارودۆخێکی نالەباردا بوو.

گەڕیدەکان هەموو ئەوانەی نوسیویانە یاخود یاداشتیان کردووە و ئێمە لەم توێژینەوەیەدا دەستمان کەوتون و بەکارمان هێناون دەتوانین بڵێین مشتێکە لەخەرواری سەدان بەڵگە و نوسینی تری ئینگلیزەکان کەلەسەر کورد و کوردستانیان نوسیوە و تا ئێستا دەستی شارەزایانی کورد نەکەوتون.

تاوەرگێڕانی بۆ بکرێت و بخرێتە بەردەم خوێنەری کورد، ئاخۆچۆن و بەچ شێوازێکی ترباسیان لە هەموولایەنەکانی کورد و خاکەکەی کردبێ، دیارە ئەم بەرهەمانەی ئەو گەڕیدانەی کە خستمانە روو، هەرچەندە هەندێك لەو گەڕیدانە کاتێك دەستیان بەگەشت کردووە، دەستیشیان کردووە بەکاری تر وەك ئەوەی هامڵتون کردی لەبواری ئەندازیاریدا، ئەمە و سەرەڕای هەموو ئەولایەنە باشانەی کەلێی دواون، بەلاّم هێشتا نوسینەکانیان لەکەم و کورتی بەدەرنین.

## جاسوسەکان و پیاوە سەربازییەکان

بەو پێیەی کوردستان بەشێك بووە لەداگیرکاری بەریتانیا، لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم و ماوەیەکیش تیایدا ماوەتەوە، بۆیە دەوڵەتی ئینگلیز پێویستی بەشارەزابوونی تەواو بووە لەسەر کوردستان، بێ گومان ئەمەش لە کۆمەڵێك رێگەوە بووە، یەك لەولایەنانەش پشتی پێ بەستووە بۆ شارەزابوون لەسەر بارودۆخی کوردستان و کورد پیاوە جاسوسەکان و سەربازییەکانی خۆی بووە، کە ژمارەیەکی دیار و بەرچاو لەم بوارەدا هەبووە، جاسوسەکان و سەربازییەکان بۆ خۆیان چەندین کتێب و یاداشت و نوسنیان لەسەر کوردستان هەیە، کاتێك لەم ناوچەیەدا کاربەدەست بونە و ئەرکیان پێسپێردراوە.

یەکێك لەو کەسایەتیانە ( مایجەرسۆن)، کەجاسوێکی دیار و بەرچاوی ئینگلیزبووە و کاتێك لەم بوارەدا کاری کردووە چەندین بابەتی هەیە ناوی تـەواوی (مێجـەر. ئـی. بی. سۆن) ە، سالێ (١٨٨١) لەبنەماڵیەکی کەشخە و پیاوەکانیان بەدانایی و قـۆزی بـەناوبانگ لـەدایکبووە، لەسـالی (١٩٠٥) دەبێتـە ئیـسلامی شـیعە و لەسـالی (١٩٠٦) دەبێتە بەرێوەبەری لقی بانکی شاهەنـشاهی ئێـران لـە کرماشـان و لێـرەوە دەست دەکات بەفێربوونی زمانی کوردی و لێکۆلینەوە لەبارەی گەلی کورد دەکـات، دواتـر لەسـۆنگەی نـاکۆکی تونـدی لەگـەڵ کونـسولی روسـیا لەوشـارەدا هێنـدە لەپۆستەکەی نامێنێتەوە و سالی ( ١٩٠٧) واز لەبانکەکە دەهێنێ و بـۆ ماوەیـەکی کورت دەگەڕێتەوە بۆ ئینگلستان، ئەمجارە کە لەلەندەن دەگەڕێتەوە بەناوی خوازروای ( میرزا غولام حسین شیرازی) گەشتێکی دوورودرێژ لەناو میزوپوتامیا و کوردستاندا دەکات و بەرهەمی ئەم گەشتەی کتێبێکی نایاب بەناوی (گەشتێك بۆ میزوپوتامیـا و کوردسـتان بـەجل گـۆڕاوی، لەگـەڵ چـەند سـەرنجێکی مێـژوویی لـەبارەی هـۆزە کوردییەکان و کلدانیەکانی کوردسـتان کـە لەسـالی (١٩١٢) یەکـەم چـاپ و سـالی

(١٩١٣) دووەم چـاپی بڵاوکرایـەوە، سـۆن لەسـاڵی (١٩٠٩) بـەجلی ئێرانـی لەخورەمـشەهر سـەردەردەکاتەوە و کۆتـایی هـەمان سـاڵ پێوەنـدی بـە (کۆمپانیـای نەوتی ئەنگلۆ- ئێرانی) دەکات لەهەمان شـارداو دوای چـەند مانگێـك دەینێـرن بـۆ چیای سوخ لەنزیك خانەقین، لەوێوە دەسـت دەکـات بـەکاری گـەڕان بـەدوای نەوتـدا، لەسـاڵی (١٩١٣) دەکرێتـە جێگـری قونـسوڵی بـەریتانیا لەقەسـری شـیرین، دوای داگیرکردنی بەغدا لەسـاڵی (١٩١٧) ئینگلیـز کـار وبـاری ناوچـەی خانـەقین بەسـۆن دەسپێرن و هێندە نابات سۆن و شێخ مەحموود تێکگیردەبن، پـاش ئـەوەی سـەرەتای ساڵی (١٩١٩) کاروبـاری ناوچـەی سـلێمانی پێدەسـپێرن، دواتـر ئینگلیزبـە ئـاگر و ئاسن دەکەونە دامرکاندنەوەی راپەڕینە چەکدارییەکەی شێخ مـەحموود (١٨) مـانگ حـوکمی سـلێمانی کـردووە و رۆژنامـەی پێـشکەوتنی بـەزمانی کـوردی دەرکـردووە لەسلێمانی. [١١٠]

سۆن لەبەشی یەکەمی کتێبی (گەشتێکی دەمامك دار) دا کاتێك سەردانی شاری کەرکوك دەکات لەبارەی شاری کەرکوکەوە دەڵێ: ئەم شارە بەتورکمان و میوە و نەوتی خاوبەناوبانگە و هەمویشی زۆرە، ژمارەی دانیشتوانەکەشی (١٥٠٠٠) کەس دەبێ و شارێکە لەسەر سنوری کوردستان و خەڵکەکەی بەسێ زمان قسەدەکەن، تورکی و عەرەبی و کوردی، کە هەریەك لەوێ قسەی پێ دەکات. [١١١] سۆن پێی وایە ئەم شارە شارێکی تورکمانیە و عەرەبە گەڕۆکەکان لەباشووری و کوردە هەمەنوەندەکانیش لە رۆژهەڵاتی بونیان هەیە، بەدەر لەمانەش ئاماژە بە چەندین رەگەزی دیکەی وەك یەهود و سریان و ئەرمەن و کلدان و... هتد کردووە. [١١٢]

ئەم باسەی سۆن دوورە لەراستیە مێژووی و ئەکادیمیەکانەوە بەوەی کەرکوك شارێکی تورکمانی بێ، چونکە وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئەم شارە پایتەختی ویلایەتی شارەزووربوو، کە باشوری کوردستانی ئەمڕۆ دەکات، پاش ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی

لەسەدەی (١٦) دا لەدوای شەڕی چالدێران داگیری کرد، لەپایتەختی لای بردو تورکمانەکان کۆچیان کرد بۆ ئەم شارە، دەنا ئەم شارە هیچ بەلگەنامەیەکی مێژووی نییە بیسەلمێنێ کە ئەم شارە تورکمانیە، بەلکو هەموو بەلگەکان کورد بونی ئەم شارەیان سەلماندووە، سۆن بەچ مەبەستێك ئەم شارەی بەتورکمانی لەقەلەم داوە ئەوەیان نازانرێ.

پاش بەجێهێشتنی کەرکوك کاتێك سۆن بەرەو سلێمانی بەڕێ دەکەوێ لەرێگا بەعەشیرەتەکانی شوان و هەمەوەند ئاشنا دەبێت، هەرلەبەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا ئاماژە بە پەیوەندی دۆستایەتی نێوان شوان و هەمەوەندەکان دەکات، هەمەوەندەکان پارێزگاری هۆزەکەی خۆیان دەکەن و عەشیرەتی شوانیش بەدوو بەش (شوانی خاسە) و (شوانی بازیان) دابەش کردووە و بە (١٩،٠٠٠) کەسی لەقەلەم داوە، هەروەها ئاماژە بە ئالانی و سروشتی عەشایەری هەمەوەنیەکان دەکات و چۆنێتی ژیانیان و ململانێکانیان لەگەلّ عوسمانی و ژمارەیەك لەگەورەپیاوانی نێو عەشیرەتی هەمەوەند باس دەکات. (١١٣)

لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا سەرەتا بەژیان لەسلێمانی دەست پێدەکات و باس لەژمارەیەك گەڕەك و ژیانی ئابوری و بازرگانی ئەم شارە دەکات و ئاماژە بەبوونی ژمارەیەك لەکەسایەتی و خەلکەکانی سلێمانی لەریزی سوپای عوسمانی وخوێندنگا سەربازییەکانی عوسمانی لەم شارەدا دەکات و باس لە موسولمانێتی زۆری خەلکی شار و هەروەها باس لەبوونی ژمارەیەك کلدانی و جولەکە لەناو سلێمانیدا دەکات. (١١٤)

لای ئینگلیزەکان لایەنی سەربازیش لایەنێکی گرنگ و دیاربووە، چونکە ئینگلیزەکان هۆکاری سەربازی هاتونەتە ناوچەکە و داگیریان کردووە، بۆیە پیاوانی سەربازیش بۆ خۆیان یەکێك بونە لەوانەی لەبارەی کورد و کوردستانەوە نوسین و

یاداشتیان هەیە، یەکێك لەوکەسایەتیانە (کاپتن لاین) ی ئینگلیزییە، ناوی تەواوی (والاس لاین) ە، ساڵی (١٨٩٢) لە بنەماڵەکی ئاینی سکۆتلەندە لە دایکبووە، لەساڵی (١٩١٨) هاتۆتە میزوپۆتامیا و لەرێگای ئاسنی نێوان بەسرە و بەغدا وەك ئەفسەر دانراوە، لەسەرەتای (١٩١٨) دا بەشداری ئەو هەڵمەتە سەربازییەی کردووە کە بۆ راپەڕاندنی هێزەکانی سوپای تورك لەموسڵ ئەنجامدرا، لێرەشەوە چیرۆکی (کاپتن لاین) بە بەراورد لەگەڵ ئەفسەران و کارمەندانی دیکەی بەریتانی، زیاتر ماوەی لە ناوچەکەدا بردۆتەسەر و تاکۆتایی ساڵی (١٩٤٤) تێیدا ماوتەوە.

لەوماوەیەشدا لەپلەو پۆستی جیاوازدا وەك ئەفسەری سیاسی، موفەتیشی ئیداری، ئەفسەری یەکلاکەرەوەی موڵکایەتی، راوێژکاری سیاسی لەشکر، راژەی حکوماتی بەریتانیاو دەسەلاتی داسەپاوی بنەماڵەی هاشمی لەعێراقدا کردووە و بەرنامە و کاری دەوڵەتی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی لەناوچەکەدا راپەڕاندووە و لەدوای ساڵی (١٩٤٤) ەوە وەك کونسوڵی بەریتانیا لەهیراتی پایتەخت خزمەتی کردووە، تادواتر لەساڵی (١٩٤٤) دا پلەی (لیوتینان کۆلۆنێل/ موقەدەم) ی خانەشین کراوە، (کاپتن لاین) وەك ئەفسەرانی سیاسی و موفەتیشی ئیداری لەلیواکانی موسڵ و هەولێر و سلێمانی هەڵسوڕاوە. (١١٥)

(لامین) لەبیرەوەریەکانیدا دەربارەی سلێمانی و کەرکوك دەڵێ: دانیشتوانی سلێمانی، چونکە کوردی نەتەوەیی بوون، لەپاش شکستی شێخ مەحموودیش هێشتا لەرووی سیاسیەوە نارازی بوون لە هەڵبژاردنی مەلیك فەیسەڵداو راوێژیان پێ کرا، لەکاتێکدا خەڵکی کەرکوك کە رەگەزە تورکەکان بالادەست بوون بەئاشکرا فەیسەڵیان رەتکردەوە، واتە راستە ژمارەیەك عەرەب لەلیوای کەرکوك هەبوون، عەشیرەتی عوبێدی کۆچەری کە لەدەشتی نێوان پولکە کوردییەکان و دیجلەدا بوون،

هەروەها جەبورییە سۆزە نەکاوییەکان کە تامەزرۆی راوە جرجی رووبارەکە بوون و تاکە تاکە نیشتەجێ بوون.
وێڕای ئەوەی کوردەکان ژمارەیان زۆر زیاتر بوو، کەچی تورکەکان کاریگەری سیاسیان بەهێزتربوو، بەوەش هەرچەندە ئەوانە بەتورکمان دەناسران، لەکورد و عەرەبەکان زێدەتر و ملکەچی یاسابوون، بەڵام کەلێنێکی ئاشکرایان بۆ ئێمە سەبارەت بەبانگەشەمان بۆ هێشتنەوەی ویلایەتی موسڵ لەبندەستی خۆماندا پێکدەهێنا، کە هێشتا ململانێ لەسەری بەردەوامبوو.
هەرچەندەکەس لەسەر ئەو هەڵوێستەیان ناتوانێت لۆمەیان بکات کە حەزیان بەوەنەدەکرد لە ئەنادۆڵدا بیچڕێن،ئەوان بەشێك بوون لەودژە چاکی یە بەهێزەی لەپشتی هێڵە سیاسی یەکانمانەوە بوون، ئەوەش دەبوایە وریایانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرایە، خۆش بەختانە لیوای کەرکوك سنوری نەبوو، لەوێش پێش ئەوەی من کاتێکم هەبێت بەدەروبەردا رابگەم، گرفتەکە دەستی پێکرد.(١١٦) ، پاشان باس لەوەدەکات لەسایەی هاندانی ئۆزدەمیردا، مەسەلەکە بەرە و هەراو یاسا بەزێنی پەرەی گرت، تاچەتەیی تاقمەکانی شێخ مەحموود لە خێڵەکانی هەورامان و ئەوانەی رێگای کاروانی بارزگانیان شێواندبوو، هەرلەوێوە تادەگاتە سلێمانی خۆی، هەروەها سەکوتکردنی ئەوچالاکیانە تارادەیەك راستینەی ململانێی هێزی متمانەپێکراوی خۆجێی و هێزی خۆی دەردەخست.(١١٧)
لاین باسی مەزنترین نەفرەت و دەوری کوردستان دەکات ئەویش مەسەلەی خوێن و تۆڵەیە، جێگای سەرسامیە کە بگوترێت زۆربەی جار ژنی کورد تۆڵەیە، لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە هەڵدەگرن، شۆخە بوکێکی یەکشەوە لەوانەیە بەمێردەکەی بڵێت: چۆن دەتوانم بەدڵێکی خۆشەوە لەپاڵتدا بنووم، لەکاتێکدا خوێنی باوکم یان براکەم هتد...هێشتا هاواری تۆڵەیەتی و بکوژەکەشی وەك کەڵەشێری

بەڵقاسم لەونێوەدا گیردەکا لەوچرکەساتەوە ئارامی لەزاوا هەڵدەگرێت. هەتا مەسەلەکە یەکلادەکاتەوە تۆڵە دەستێنێت، بەلاّم پاش ئەوەش ئارامیەکەی تاسەر ناخایەنێت، چونکە بۆخۆی دەست بەجێ لەلایەن نزیکەکانی کوژراوەکەوە دەبێتەنیشانە، ئەگەر منداڵ بن ئەوا چەند ساڵێکیان دەوێت تاگەورە دەبن و دوایی لەلایەن دایکیانەوە رێنوێنی دەکرێت بۆ تۆڵە سەندنەوە و حەقیان دەسێنن.

سەرۆکێکی خێڵەکی عەشیرەتی (زرایم) دەناسی، کە عەشیرەتێکی بچوك و لەناوچە تەپۆڵکاوییەکانی هەولێردا دەژیا، ئەم پیاوە باوك و باپیرانی هەمووی لەململانێ و تۆڵە سەندنەوە کوژرابوون، وەك خۆشی پێی گوتم کەمنیش هەربەو دەردە تائەچم و هەرواش دەرچوو، لەشەوێکی سارد و نوتەکی زستاندا کە خۆی مەلاّسداوە لە کونە رۆژەی خانویەکەوە نیشانەی تفەنگی لێدەگرێتەوە و لەبەر رووناکی سۆپاکەدا زرمەی لێ هەڵدەستێنێت و دەیکوژێت، هەموان تەواوی راستی یەکەیان دەزانی، بەلاّم هیچ بەدواداچونێکی یاسای بۆ نەکرا. (١١٨)

یەکێکی دیکە لەو ئەفسەرانەی لەبارەی کوردەوە نوسیویەتی (میجەر نۆئێل) ە ، نۆئێل ئەفسەرێکی چالاك و هێمن و شارەزابوو، لەساڵەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم توانی بچێتە ناوکۆمەڵگای کوردەوە و پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ سەرۆك خێڵ و کاربەدەستانی کوردستان ببەستێت، کوردی یەکی پوخت فێربوو، لەکۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم ناردبوویان بۆ کەرکوك و دوایش لەسەردەمی شێخ مەحموود ناردیان بۆ سلێمانی. (١١٩)

نوئیڵ چوار نوسینی کورتی لەدوا بەجێماوە کەئەمانەن:

یەکەم: رۆژانە یاخود یاداشتی بلاّونەکراوەی گەشتێکی بۆ ناوچەی کوردەواری لە زستانی ساڵی (١٩١٨) تا بەهاری (١٩١٩.

دووەم: لێکۆڵینەوە یان راپۆرت، بەناونیشانی تێبینی لەبارودۆخی کورد ئەو لێکۆڵینەوەیان رەسەن و بەکەڵکە.

سێیەم: نوسینی رۆژانە و یاداشت دەربارەی گەشتی دووەمی بۆ ناوچەکانی کوردەواری لە ئەنادۆڵ لە حوزەیرانی ساڵی (١٩١٩) ەوە تا ئەیلولی هەمان ساڵ، رەنگە ئەو کتێبەیان گەورەترین نوسینی نوئێل بێت و (٧٦) لاپەڕەی گەورەیەو بەوێنەی فۆتۆگراف و ناوی هۆزەکان و مێژووی بنەماڵەی بەدرخانیەکان و لێکۆڵینەوەیەکی پەندی پێشینانی ناوچەی هەکاریشی گرتۆتەخۆ.

چوارەم: راپۆرتێك سەبارەت بەو رووداوانەی بونەهۆی ئەوەی نوئێل بەدیلی بکەوێتە بەردەست چەکدارە جەنگەڵیەکان لەئێران ، ئەمانەو سەرەڕای چەندین راپۆرتی جیاجیای تریش.

نۆئیل لەو یاداشتەیدا کە بۆناوچەکانی باکوری کوردستانی کردووە لە ساڵی (١٩١٤) دا، دەربارەی یەکێك لە گوندەکانی ئەو ناوچەیە دەڵێ: لە ٢٤ ی ئابدا گەیشتینە دێی تەبلا کە چواردە خێزانی کورد لەعەشیرەتی سینامیللی و عەتامیللی و شەش خێزانی تورکیش هاوماڵی یەکتربوون، زۆربەگەرمی پێشوازی کراین، ئەوەی لەم دێیە سەرنجی راکێشام ئافرەتەکانیان بوو، چارشێو و عەبایان نەپۆشیبوو زۆر ئازاو سەربەست بوون، بێ چەندوچوون مناقەشەیان لەگەڵ پیاوەکانیاندا دەکرد، لەگەڵ ئێمەش هاوبەشی قسەیان کردوو راوباری سەرنجی خۆیان بەشێوەیەکی ئازایانە و لەکات و شوێنی خۆیدا دەردەبڕی، ئەم دەربڕینە و پرسیارکردنەشیان تەنیا لەبەرئەوەبوو شت بزانن و بەس. (١٢٠)

نوئیل باس لەلایەنێکی تری کۆمەڵایەتی کوردەواری دەکات، ئەویش ژن هێنانەو لەم بارەیەوە دەڵێ: ژن هێنان لەلای کوردەکانەوە زۆر پیرۆزە و لەگەڵێك لە موسوڵمانەکانی دیکەی عەجەم و تورکەکان بەبایەخ تر تەماشای ئەو پەیوەندییە

دەکەن، ئافرەت لە کوردستان لەچاو ئافرەتە موسوڵمانەکانی تردا ئازادترن.زۆربەی ژن هێنان و شوکردن لەناو کوردەکاندا لە ئەنجامی دڵ و دڵخوازییەوە سەرهەڵدەدات ئەو پەکەوتنەی لەوئەنجامە پەیدادەبێت دەورێکی سەرەکی دەگێڕێت لە خێزانی تازەدا. (١٢١)

نوئیل یەکێك بووە لەو کەسانەی کە خزمەتی باشی کوردی کردووە، لەنوسینەکانی دا بەتایبەتی لەو گەشتەی کە بۆ باکوری کوردستان کردوویەتی و ئەوە ئاشکرادەکات کەکوردەکان بێ تاوانن لە کوشتاری ئەرمەنەکاندا، کە دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا ئەنجامی دا.

هەرئەمەش وادەکات هەندێ کەس بڵێن نوئیل بۆ کورد وەك لۆرانسی عەرەبە، دیارە پیاوی سەربازی و جاسوسەکانی ئینگلیز بابەتی باشیان دەربارەی کورد و کوردستان نوسیوە، بەڵام بابەتەکانی هەندێکیان هەڵەی گەورەی تێدایەو خوێنەرەکانی خوێندنەوەیان دووچاری شۆك دەبێت، بەتایبەتی نوسینەکانی سۆن و کاپتن لاین، ئەمە لەکاتێکدا نوسین و راپۆرت و یاداشتەکانی نوئیل زۆربابەتی جوان و بەپێزی باس کردووە و تارِادەیەکی باش لەراستی مەسەلەکان گەیشتووە و وەك خۆی بێ کەم و کورِی درکاندویەتی.

## قونسوڵ و سیاسەتمەدار و پیاوی حکومەت

ئەمانەش بەشێکی ترە لەپیشەی ئەو کوردناسانەی کەلەبارەی کردوە نوسین و بابەتیان هەیەو لەوکاتەی کە لەناوچەکەدا بوون و پلەوپایەی سیاسی و ئیداری و حکومیان هەبووە.

قونسوڵەکان و پیاوە سیاسی یەکانی ئینگلیز ژمارەیەکی بەرچاو پێکدەهێنن کە لەبارەی کوردەوە نوسین و یاداشت و راپۆرتیان هەیە، بەحکومی ئەوەی بەریتانیا

پێشتر و دوایش کەخۆی هاتە ناوچەکەو داگیری کرد، چاوی بڕیبوە ئەم ناوچەیە بۆیە لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا قونسوڵخانە و پیاوی سیاسی خۆی دانابوو، بۆ ئەوەی زانیاری تەواوی لەبارەی ناوچەکەوە بۆ وەدەست بخەن.

یەکێك لەوانە مالکۆمە، ناوی تەواوی (سیرجۆن مالکوم – SIRJOHN MALKOLM)، لەساڵی (١٧٦٩-١٨٣٣) یەکەمین نوێنەری سیاسی ئینگلیزبووە لەساڵی (١٨٠٠) گەیشتۆتە ئێران و تاساڵی (١٨٠٧) دووجاری تر بۆتە باڵوێزی وڵاتەکەی لەتاران، ئەم پیاوە پێش هەموو ئەوروپیەکی تر، شەرەفنای وەرگرتووە و ئەویش مەزنی هۆزی (محێزی) کوردی داوێتی و مێژووی فەرمانڕەوایی ئەردەڵانیشی لە دواییدا لەگەڵ خراوە.[١٢٢]

کەسایەتیەکی دیکە (ریچ) ە کە لەبارەی کوردەوە نوسینی هەیە، مستەر ریچ لەساڵی (١٨٢٠) یاداشتەکەی یاخود کتێبەکەی نوسیوە و دوای مردنی خۆی، خاتو ریچی هاوسەری لەساڵی (١٨٣٦) چاپی کردووە و دووبەرگەو لەبنەڕەتدا ناوی (بەسەرهاتی نشینگەیی لەکوردستان و شوێنەواری نەینەوای کۆن)، لەگەڵ پوختەی شتێك بەرێڕەوی دیجلەدا بۆ بەغدا، راپۆرتێکیش دەربارەی شیراز و پەرسەلۆسە، گەشتی ریچ زیاتر بۆ میرنشینی بابان وئەردەڵان بووە، لە ١٦ ی نیسانی ساڵی ١٨٢٠ لە بەغداوە لە رێگەی دووزخورماتوو لەیلان و چەمچەماڵ و دەربەندی بازیان و لە (٨) ی ئایار دا گەیشتۆتە سلێمانی.

ریچ لە ١٨٠٣ وەك قوتابی سەربازی لە کۆمپانیای (هیندی خۆرهەڵاتی)وەرگیراوە، دواتر بەهۆی شارەزاییەکانی لەزمانەکانی رۆژهەڵاتدا، پیشەکەی گۆڕدرا لەسەربازیەوە بۆ مەدەنی بووبە (کاتب تحریرات) ی دەزگای بۆمبای، دواتر دەبێتە قونسوڵی ئینگلیز لە بەغداو ساڵی (١٨٢٠) گەشتێك بەناوچەکانی کوردستاندا دەکات.[١٢٣]

ریچ لەگەشتەکەیدا لەیەکێك لەباسەکانیدا بەم شێوەیە دێتە ئاخاوتن و دەڵێ : لە ٢٢ ی ئایار ئەمڕۆش دیسانەوە چوومەوە بۆیانەکەی لای مەیدان. [١٢٣] ، وەك جاران ئاسایی خەڵکەکەی لێ بوو، مەحموود مەسرەف بۆی گێڕامەوە کە بیریەتی چۆن سی و دووساڵ لەمەوبەر سلێمانی دروست کراوە، کاتێ فەرمانداریێتی ئەوسای باشوری کوردستان (ئیبراهیم پاشا) ی باوکی سلێمان پاشای کوردی کەیەکێك بووە لەخزمەکانی میری ئێستای سلێمانی، ویستویەتی پایتەختی میرنشینەکەی لە (قەلاچوالان) ەوە کە ئەکەوێتە تەنیشتی دووەمی لای خۆرهەڵاتی چیاکانی ئەزمەڕەوە بگوازێتەوە بۆ جێگاکەی ئێستای سلێمانی، چونکە یەکەمین حەزی لەناوبانگ کردووە، دووەمیش، زۆر ئارەزووی راوشکاری هەبووە، جێگاکەی قەلاچوالانیش بەکەڵکی ئەم جۆرە رابواردنە نەدەهات، چونکە دۆڵێکی تەنگە و ناوی شارەتازەکەشی بەناوی سلێمان پاشای والی ئەوسای بەغداوە ناوناوە، کەباوکی سەعید پاشای کلۆڵ بووە، پێشتریش لێرە گردێکی کۆن هەبووە، لەکاتی تەختکردنیدا بۆبناغە هەڵکەندی ئەو کۆشکەی لەسەردەمی (ئەورەحمان پاشا) دا هەندێ دراویان تێدا دۆزیوەتەوە، سلێمانی ئەکەوێتە ناوچەی سەرچنارەوە و بەپێی باشترین زانیاری کەچنگم کەوتووە (٢٠٠٠)خانوی موسوڵمان و (١٣٠) خانوی جولەکەو (٩) خانوی دیان کلدانی تێدایە، کەنیسەیەکی بچکۆلەی داڕوخاویشیان هەیە،(٥) خانوی ئەرمەنیشی تێدایە، بەڵام ئەمان قەشەو کەنیسەیان نییە. [١٢٤]

ئینگلیزێکی تر کە قونسوڵ بووە لە تەورێز و ناوی (ئابوت) بووە، لەیەکێك لەبروسکەکانیا ئاماژەبەوە دەکات کە ئاشوبەکانی سەرسنوری تورکیا — ئێران و کوردەکانی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری سەرۆکی کوردەکان، مەسەلەی باکوور، ئەوەی کە خێروخۆشی هەزاران ئەرمەنی و مەسیحیش پێوەپەیوەستە، زوو یادرەنگ سەرنجی ئەوروپا رادەکێشێت، ئەمەش مەسەلەیەکە چەند روویەکی هەیە، من لەم

تەرەفەی تورکیادایە کە پێویستە ئێمە بەدوای ئەو هۆیانەدا بگەڕێین کە ئێستا لەژێردەسەلاتی شادا لەکاردان ئەم راپۆرتە لە (٣١ی تەموزی ١٨٨٠) نوسراوە. (١٢٥)

ئەم راپۆرتەی ئابوتی قونسولی بەریتانیا لە تەوریز لەکاتی سەرهەلدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی بەسەرکردایەتی (شێخ عوبەیدوللای نەهری) دژی داگیرکەری شای قاجار نێردراوە بۆ مفوزی بەریتانیا لەتاران و ئێریل گرانڤیلی حاکمی ئینگلیز.

یەکێکی دیکە لەو ئینگلیزانەی کە راپۆرتی لەسەر کورد هەیە، (ئیڤ ئیچ هامغریز) ە کە مەندوبی سیاسی بەریتانیا بووە لەبەغداد، ها مغریز لە ٢٣ ی نیسانی ١٩٢٩ لەبروسکەیەکدا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێ : ئاگادارتان دەکەم، لەوکاتەوە کە گەیشتومە عێراق، تاوتوێی ئەو گلەییە بەردەوامانەی کورد دەکەم کە دەڵێن: ئەو بەڵێنانەی کە لەبارەی چەند ئیمتیازێکی دیاریکراوە پێ یان دراوە، باش جێبەجێ نەکراون.. شافەیسەڵ سەرەتای ئەم ساڵ پێی ووتم کە حەزدەکات باسێکی کێشەی کوردبکەین، وارێك کەوتین، دوای ئەوەی کە دەرفەتم دەبێ بەراستیەکان و رای شارەزایان ئاشنابم، پێکەوە باسی ئەوکارانە بکەین کە حکومەتی عێراق دەبێ بۆ رازیکردنی کورد بیانکات، (شێرتینا هان کۆرنوالیس، (CONNWALLIS SIRKINAHAN) ، راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ، هەرزوو بەداوای من لەپەیمانەکانی دراو بەکورد رادەی جێبەجێ کردنیان بەووردی کۆڵیوەتەوە و گفتوگۆی تێروتەسەلی لەبارەی نارەزاییەکانی کوردەوە لەگەڵ پێشنیارە کارگێڕییەکانی ناوچە کوردی ییەکان و پێشنیاری بەریتانیا بۆ پەروەردە و خوێندن کردووە، سەرەنجام سەرنجێکی گشتگیری گرفتەکەی داوە و راسپاردەی باشیشی خستۆتە بەردەستی حکومەتی عێراق، وێنەیەکی ئینگلیزی تێبینیەکانی سێرکیناهان کورنوالیس بۆ زانیاری بەرێزتان و هۆکاری نیگەرانیەکانی کورد و چۆنێتی رەواندنەوەشی زۆر بەروونی،

هەروەها یەکەم بەرهەمی تێبینیەکان بەلاغێکی (٩ی نیسانی) حکومەتی نوری پاشایە کە لەچاپەمەنیەکانەوە بلاوکراوەتەوە و وێنەیەکم کردۆتە هاوپێچی دووەمی ئەم نوسراوە، ڕەزامەندی کوردانیش لە ڕاگەیاندنی ئەم سیاسەتە لەو بروسکانەوە دەردەکەوێ کە لەچەند پارچەیەکی کوردستانەوە سەرۆك وەزیر ومن گەیشتون. (١٢٦)

ئەم نامەیە بەئاشکرا ئەو فرت و فێلانە دەردەخات کە حکومەتەکانی ئینگلیز و عێراق بەرامبەر بەکورد کردویانە و هەموو ئەو بەڵێن و پەیمانانەی بەکوردیان داوە هیچیان نەبردۆتەسەر، هەروەها نارەزای کوردیش دەردەخات لەبەرامبەر کاربەدەستانی حکومەتی ئینگلیز و عێراقی.

سیاسیەکی تری ئینگلیز ئیدمۆنسە (سیسل جۆن ئیدمۆندس) لە ساڵی (١٩١٨) ە وە کارگێڕی سیاسی و ڕاوێژکاری حکومەتی کۆلۆنیالیستی بەریتانیابووە لەسوپای ئینگلیزدا کە لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا دەستی بەسەر کوردستاندا گرتوە و نوسەر لەپێشەکی کتێبەکەیدا کە گەشتێکە و بەکوردستاندا کردوویەتی دەڵێ: مێژووی دیبلۆماسی ئەو کێشەیە کەلە نێوان بەریتانیای مەزن و تورکیادا سەبارەت بە موسڵ هەڵگیرساو بەواتای دروستی وشە ڕاپۆرتێکە لە ئەزموونی خۆم لە پلەیەکی مەئمورێکی سیاسیدا لەو هەرێمە لەو چوارچێوەیەدا هەوڵم داوە دیمەنێك لەوڵات وخەڵکی باشوری کوردستان نیشان بدەم (١٢٧)

ئیدموندس کاتێك لە گەشتەکەیدا دەگاتە چەمچەماڵ، دێتەسەر باسی ئەم شارەو ئەوەباس دەکات، کە چەمچەماڵ ناوەندی (قەزا) فەرمانداریيەك بووە، هەربەوناوەوە ناسراوە، بەڵام لەسەردەمی تورکەکاندا بازیانیان پێ دەگوت، ئەو قەزایە لەوناوچانەی خوارەوە پێکدەهات و سەربەسلێمانی بووە: لەباشورەوە قەرەداغ، ناحیەی سەنگاو ناحیەی ناوەندی چەمچەماڵ، لەباکور زنجیرە چیای قەرەداغ و

ناحیەی بازیان بوو، لەبەشی هەرە خوارووی باکوری رۆژئاوایی کە بەهەردوولا نارێك و ناهەموارەکەی قەراغدا بەرەو (زێ) لار دەبێتەوە و ناحیەی (قەڵاسێوکە) یە، کە ئاغجەلەریشی پێ دەڵێن، بەم جۆرە قەزای چەمچەماڵ ناوچەیەکی ئیداری بێ قەوارەبوو، کە بەدرێژایی لەسیروانەوە زێ هەشتامیل و پانای بیست و پێنج میل بوو، دوایی جیابونەوە، چونکە عەشیرەتەکانی شێخ بزێنی و ساواتی جەباری لەگەڵ شێخ مەحموود تێك چووبوون، لەئاکامدا قەوارەی ئەم قەزایە لەڕادەبەدەر تێکچوو. (١٢٧)

ئیدمۆندس دەربارەی ئەو هۆز و خێڵانەی چەمچەماڵ درێژە بەباسەکەی دەدات و ئەوەش باس دەکات، کە هۆزی شێخ بزێنی، هۆزێکی نیشتەجێ یەو ئەندامانی لە کۆمەڵە گوندێکی هەردوولای (زێ) دەژین و ناوچەکەیان نزیکەی چل میل درێژە و لەباکوری رۆژهەلاتی کەرکوك هەڵکەوتوە، یەکێك لەلایەنگرە بە ئەمەکەکانی شێخ مەحموود، لەباشوری چەمچەماڵ (سەید موحەممەدی جەباری) بووە، کە (٢٠-٣٠) گوندی رۆخی راستی رووباری (باسەڕە) ی بەدەستەوە بووە.

بەشێکی کە خزابووە ناوخاکی کەرکوکەوە بەناوی ناحیەی جەباری سەربەچەمچەماڵ بووە، ناحیەی چەمچەماڵ (ناوەندەکەی) پتر لە (١٢٠٠٠) کەس نفوسەو بازیان کە ناوەندی قەزایە (٤٢٠٠٠) کەس نفوسەو شوێنی ژیانی هەمەوەندەکانە، ئەوانە هەرچەندە هۆزێکی بچوکن، بەلاّم لەوانەیە تاسالّی (١٩٢٥) هۆزی هەرە شەڕکەر و بەناوبانگی باشوری کوردستان بووبن. (١٢٨)

یەکێکی دیکە لەسیاسیەکانی ئینگلیز کە دووساڵ لەکوردستاندا بووە (هەی) یە، نەقیب (دەبلیو.ئای.هەی) دواتربووە بە (سێر رۆبەرت هەی ) یەکەم یاریدەدەری دادوەری سیاسی هەولێر بووە لە رووی کارگێڕییەوە سەربەموسڵ بووە، پاشان بۆتە دادوەری دوای ئەوەی هەولێر بووە بە پارێزگا، ئەو یەکەم کەس بوو بنچینەی

کارگێڕی داگیرکەری لەناوچەکانی رانیـە و کۆیـە و پـشدەردا دانـاوە، کـە لەپێـشتردا کۆیە و رانیە سەربەکەرکوك بوون و پشدەریش سەر بە سلێمانی بـووە، لەسـەردەمی تورکەکاندا ئـاڕی هـەی کتێبەکـەی بەناونیـشانی (سـنتان فـی کردسـتان/ ١٩١٨ – ١٩٢٠) سالّی (١٩٢١) لە لەندەن چاپکراوە. [١٢٩]

نوسەر لەباسـی پارێزگـای هـەولێر و کـوردا دەڵـێ : (دانیـشتوانی هـەولێر کـوردن و هەندێکیان مەسیحین لەناوچەکانی عەین کاوە و شەقلاوە و کۆیـە، لەکاتێکـدا چـەند گوندێکی جیاوازیش عەرەبن وەك : شەمامك و قەرەچـوغ، شـایانی باسـە کوردەکـان گەلێکن لەگەلە بەغیرەت و بەشـەهامەتەکان، ناوچـەیەکی گـەورەیان لـە رۆژهـەلاّتی ناوەڕاست داگیرکردووە و لە رەگەزی ئارین بەهەمان شێوەی خۆمان. [١٣٠]

دیارە پیاوە سیاسی و حکومیەکانی ئینگلیز و قونـسولگەران کـە لـەبارەی کـوردەوە نوسین و یاداشتیان هەیە، دواکەسیان کە ئێمە باسی دەکەین جیمس برانسە (جـیمس برانت) قونسولێ ئینگلیز بووە لە ئەرزەرۆم،لە گەشتێکی دا بـۆ بەشـێکی کوردسـتان بەتایبـەتیش لـە ئـەرزە رومـەوە بـەوان و موشـدا تێپـەڕیوە، لـە هـاوینی (١٩٣٨) گەشتەکەی دەست پێکردووە لە ١٦ی حوزەیران و لـە ١٩ ی ئـەیلولی هـەمان سـالّدا کۆتایی هات. [١٣١]

برانت لە بەشێکی کتێبەکەیـدا باسـی گـەرمیان و کوێـستانی کوردەکـان و هـەروەها ئـازایی و ئەوچـەك و تفەنگانـەی هەڵیـدەگرن بـاس کـردووە و لـەم بارەیـەوە دەڵـێ: (لـەکۆتای ئۆکتۆبـەردا " تـشرینی یەکـەم" کوردەکـان دەگەڕێنـەوە بـۆ لـەوەڕگا زستانەکانیان کە بۆ ماوەی (٥-٦) مانگ دەمێنیـەوە تاکاتی وەرزی بەهار، هەموو کوردەکان (تیخ) بەکار دەهێنن و لەگەڵ خۆیاندا هەڵیدەگرن، لەگـەڵ دوو دەمانـچە و چەکێکی بچوکدا... و شمشێر یان خەنجەرێك و هەندێکیان لە جانتایەکدا سێ تیریان پێ یە، هەرچەندە ئەم جۆرە چەکانە زۆر بەکەمی بەکار دەهێنرێت لـەم سـەردەمەدا،

بەهۆی چاونەترسی و ئازایـەتی عـشیرەتی (حیـدرانلی) کـوردی ناوبـانگێکی زۆریـان پەیداکردووە، لەئازایەتی و مـەردایەتی و جوامێری کـە زۆر گرنگـی بـە بـەخێوکردنی ئەسپی رەسەن دەدەن. [١٣٢]

ئەمانە هەمووی چەند نمونەیەك بوون لـەکاری ئـەو کوردناسـە سیاسـی و حکـومی و قونـسولگەریانەی ئینگلیـز کـە لـەبارەی کـوردەوە نوسـیویانە، زۆرێـك لەمانـە زۆر بەئینـسانی و راسـتگۆییەوە باسـی کوردیـان کـردووە و زۆرلایـەنی جـوان و ئـەوەی بینیویانە درکاندویانە، هەرچەندە بەشێکیش لەمانە زۆر لەراسـتی دوورکەوتونەتـەوە و راسـتی بابەتـەکانیان بـەوورد و درشـتی نـەپێکاوە و دوچـاری هەڵـەی مێـژووی گەورەبونەتەوە.

## لایەنی زانستی

دیارە مەبەستی ئێمە لێرەدا تەنیا ئەوانەیە زانستیانەلەبارەی کوردەوە نوسیویانە، لایەنی زانستی بەشێکی گرنگی کاری کوردناسە ئینگلیزەکان پێکدەهێنێت، بەتایبەتیش لەم ساڵانەی دواییدا چەندین شارەزاوپسپۆڕمان بەرچاودەکەوێ کە لەبارەی کورد و کوردستانەوە نوسین و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی نایابیان خستۆتە روو بەپشت بەستن بەسەرچاوەکانی پێش تری خۆیان، هەرچەندیشە لەگەڵ بەپێزی بابەتەکانیان، بەڵام هێشتا لە هەندێ کەم و کوڕی بەدەرنین.

یەك لەو کوردناسانە زانای ئەنسرۆپۆلۆژستی جیهانی (هینری فیلد) ە، کە بەهاوکاری (ئی، جەی،ئاڕ) ئەمیش لێپرساوێکی ئینگلیزبووە، کتێبێکان نوسیوە دەربارەی (هۆزەکانی کورد)، بەڵام فیلدز زیاتری خۆی بەم کارە هەستاوە. [١٣٣]

فیلد ئاماژە بەوەدەکات کوردستان تا ئەمڕۆش هەرنیشتمانی رەگەزێکی جەربەزەیی رەسەن و ملهوڕە، ناوچەکانی ئەمبەر و ئەوبەری رووباری دیجلە لەژێر دەسەڵاتی

تورکەکانە و بەشەکەی تریشی لەژێر رکێفی فارسەکانیدایە، دووسەد خێڵی کورد لەگەڵ هۆزەکانیاندا لە سەروی مەشهەد و چیاکانی خۆراسان نیشتەجێ بوون، ئەوەش باس دەکات، کە کوردەکان بەشێوەیەکی سەرەکی، لەدانیشتوانی تورکیای بەشی ئاسیان، بەلاّم تورك نین و سەربەخێزانی زمانە ئێرانیەکانن، ژمارەی کوردەکان خۆی ئەدات لە (٢٠) ملیون کەس و زۆربەشیان لەتورکیا لەبەشی ئاسیای دا دەژین و ئەوانی تریان لەئێران و ژمارەیەکیشیان لەگەڵ قەوقازەکاندا پێکەوە دەژین، شالاّوەکانی مەغۆل و تورکەکان بەهیچ شێوەیەك کاری تێ نەکردوون، دەربارەی شێوەشیان دەڵێ: رەشتاڵە و چاورەش و بالاّناوەندین و لوتیان درێژ یا(معکوف، قۆقز)ە، زۆربەی خێڵەکانیش گەرمیان و کوێستان دەکەن. (١٣٤)

هینری فیلّد کاتێك دێتەسەرباسی هۆزەکان و دەربارەی یەکێك لەو هۆزانە کە هۆزی (جاف) ە دەڵێ: عەشیرەتی جاف خێڵێکی کوردی کۆچەرییە، مەیدانی قەڵەمرەوی ئەم عەشیرەتە لە (کفری و شێروانە تا کەلی خان)  و دەوروبەری سنەیە، ژیانی ئەمانە بەپێی سەردەم ژیانی رەوەندی بووە و مالاّتیان بەخێوکردووە، کوردستان هەرچەندە خۆی لەخۆیدا ولاّتێکی بەپیت و ناوچەیەکی کشت و کاڵ بووە، ئەمانە لەسەردەمێکی زووەوە خۆیان لەژیانی شارستانی و دێهات نشینی دوورگرتووە و لە لێزمەی بارانی بەهار و کوڵی گەرمیان و کوێستاندا گەڕاون و ژیانیان بەسەر لەوەڕگاکان کردووە و گۆشت و شیری ئەم مالاّتەیان خواردووە و رۆن و کەرە و پەنیر و ماست و....هتد. لەشیرەکە دروستکردووە و مووخوری مالاّتەکەشیان رستوە و جل و بەرگ و شتی پێویستی خۆیان لێ دروستکردووە. بەم جۆرە بەناو بەهار و گوڵی گەرمیان و کوێستاندا گەڕاون و ژیانیان بەسەربردووە. (١٣٥)

فیلّد باسی ئەوە دەکات کە (جاف) عەشیرەتێکی کوردە، بەنیشتەجێ و کۆچەری و بەگزادە و بۆرە پیاو بەناوبانگە، نزیکەی (٣٠) هەزار خێزان دەبن و سەرچاوەی

بەگزادەکانیشیان دەچێتەوەسەر (یار ئەحمەد بەگی کوڕی سیف الله بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی جۆنرۆ)، ئەم ئەحمەد بەگە دوو کوڕی بووە: تاهیر بەگ و زاهیر بەگ، زاهیر بەگ بەخۆی و دەست و پێوەندییەوە سەردەمی سوڵتان موورادی چوارەم (١٦٢٣ – ١٦٤٠) لە زەهاو چۆتە پاڵ سوڵتان موراد و ناوچەی (دزیایی) کردووە بەهەوار و هەرلەوێشدا مردووە، سوڵتان موراد ئەم دەستەیەی لەبەر شەڕ و شۆڕشی نێوان عوسمانی و ئێرانیەکاندا بۆ کەڵك لێوەرگرتن ئەگرێتە خۆی و هەربەوناوەشەوە واتە (جافی مورادی) ناونران و بەرەکەی تریشیان کە پێ یان دەڵێن (جافی جوانرۆ) هەرلەئێران دەمێننەوە. (١٣٦)

کوردناسێکی دیکەی ئینگلیز کە لەلایەنی زانستی یەوە لەکوردی کۆڵیوەتەوە (درایڤەر) ە، ئەم کەسایەتیە ناوی تەواوی (گۆد فری روللس درایڤر) ە لەساڵی (١٨٩٢) لەدایك بووە و مامۆستای پێشووی مێژوو بوە لەزانستگای (مەگەیێڵسن) لە ئۆکسفۆردی بەریتانیاو پسپۆڕی پایەبەرزی زمانی عیبری و یاسای بابیلی بووە، درایڤر زانایەکی دەگمەنی رۆژئاوایە. کەلەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا مێژوو ئایینی کوردی خستۆتە بەرتوێژینەوە و بەشێوازێکی بابەتیانە لەبواری جۆربەجۆری کۆمەلأیەتی و فەرهەنگی و مێژووی گەلی کوردی کۆڵیوەتەوە و وەك ئەفسەرێکی سوپای بەریتانیاش پێوەندی لەگەڵ کاربەدەستان (انتداب) ی عێراقدا هەبووە. روناکیەك کە (درایڤر) خستویەتە سەر مێژووی کورد، تەنانەت ئێستا دوای نزیکەی (٨٠) ساڵ سەرنج راکێشە ئەویش میتۆلۆژی لێکۆڵینەوە، هەڵسەنگاندنی زانستیانە، بەراوردکاری هەمەچەشنەی سەرچاوەی عیبری، عەرەبی، لاتینی و چەندین زمانی ئەوروپی و گەرانەوە بۆ بنەماو ریشەی دیاردەکان، ئەو شتانەی کە توێینەرانی لاوی کورد دەبێ لە درایڤەر فێربن، هیچ ووشە و دێرێکی وتارەکان و تەنانەت بۆچونە هەڵە و نادروستەکانی نوسەرنین کە پشتیان بەسەرچاوەیەك

نەبەستبێت، ئەودەم جیا لەگەڕۆك و موژدە دەرانی مەسیحی کە ڕێگەیان دەکەوتە کوردستان کەمتر زاناو پسپۆڕ و مامۆستایەکی زانستگە ئەوروپییەکان، خۆی بەکاری لێکۆڵینەوە لە مێژوو زمانی کوردەوە خەریك دەکرد، دەتوانین بڵێین (درایڤر) یەکێك بووە لەوکەسانەی کە ڕێچکەی توێژینەوەی (ئەکادیمیك) ی ئەوروپی لەسەر کورد شکاندووە و ڕێبازێك کە درەنگتر مینورسکی و مەکەزی و پرۆڤینسن درێژەیان پێداو ئێستا لە بەرەبەیانی سەدەی بیست و یەکەمدا گەیشتۆتە پلەیەکی بەرزتر و پێشکەوتوو تر. (١٣٧)

درایڤەر دەربارەی ناوهێنانی ووشەی (کورد) بەپێی قۆناغە مێژووییەکان بەم شێوەیە باسی دەکات: دوورنییە بتوانرێ کۆنترین شوێنی کورد لەسەرخشتی نوسراوی سۆمەریەکانی سەدەی (٣پ ز) هەڵبگیرێ کەتیایدا باسی خاکی کەردا یان قەردا کـراوە، ئـەم خـاکی (کـەردا) یـە لەگـەڵ زێـدی خـەڵکی (سـود) یـەکی دەگرتـەوە کەدانیشتوانی باشـوری گـۆلی (وان) بـوون و گومـانی زۆر بـەهێز هەیـە لەگـەڵ ئـەو (قورتی) یانـەی وا لەچـیاکانی بـەرەی رۆژئـاوای هـەمان گۆلـدا دەژیـان و (تـیگلات پیلەسەر) ی یەکەم لەگەڵیاندا دەکەوتە شەڕەوە و پەیوەندی یـان بوبێـت، ناسـنامەی زمانەوانی ئەم دوو ناوە، بەهەرحاڵ لەبەردڵنیابوونی تەواو لە (دەنگـە) مەلاشـویی و دوانیەکانی خەڵکی سۆمـەر شتێکی روون نیە، دەرکەوتنی دواتری بنەچـەکی وشـەکە دەبێ لەکاردۆخی (گزنەفون) دا بدۆزرێتەوە کە ئـەویش بەئاشـکرا هـیچ نییـە، جگـە لەگۆڕانی هەندێ بیپچی وەکو (گورتو) کە (قورگی) بەرامبـەری ئاشـورییەکەی بـوە و هێنانیان بۆ ناوزمانی یۆنانی لەگەڵ/ خ/، وەك نیشانەی کەلـە وشـەگەلی ئەرمەنیـدا کـە دەبـێ لەبیـچمی (ئۆرامـەنی) سـەردەمی (پ.ز) دا بەشـێوەی (گورتـوخ) بـەیان کرابێ، ئینجـا (کتێبـی گەڕانـەوەی) دەهەزارکـەس بەکۆتاییـە ناسـراوەکە یـان واتـە نیشانەی (ئۆکسن) ە وە شێوازی و شەگەلی یۆنانی پێ دابێ. (١٣٨) دا ریڤەر خشتەی

ئـەو بیـچمانەی لەسـەدەی یەکـەمی (پ.ز) بـە دواوە لەلایـەن نوسـەرانی یۆنـانی و لاتینی یەوە بەکارهێنراون بۆ ناوهێنانی کورد ئاماژە پیٚ دەدات بەم شێوەیە:

* سەدەی یەکەمی (پ.ز): (کوردەوەنی، گوردییێنی، گوردیەئوس، گوردیەئا)

*سـەدەی یەکـەمی زایینـی: (گـوردوێنیٚ و گـوردییێنیٚ، گوردیـەئوس، کوردیائی،کوردیائی)

*سەدەی دووەمی زایینی: (گوردوێنیٚ، گوردیەئوس، گوردوێنیٚ، گەردینوس)

* سەدەی چوارەمی (زایینی): (کەردووێنی،کەردوێنیٚ، کوردیەئی)

* سەدەی پێنجەمی (زایینی): (کەردوێنیٚ، کوردوێنە،کوردێینە،کەردوێنیٚ)

* لەنوسراوەی پیاوە ئایینی یەکاندا: (کوردئیوس، کوردلیە، کوردیەلیە). (١٣٨)

بیٚ گومان درایڤر کاتێك ئەم باسەی وروژاندوە پشتی بەسەرچاوە یۆنـانی و لایتینـی یـەکانی پـێش خـۆی بەسـتوە و ئـەوەی ئـەم کردویـەتی لـەهیچ سەرچـاوەیەکی تـری ئینگلیزەکانـدا نابینرێت، ئەمـەش نیـشانەی زیـاتر ئـەکادیمی بـونی بابەتەکەیـەتی. کەسایەتیەکی تر زانستی تارادەیەك هاوچـەرخە، لەلایـەنی زانـستی یـەوە بەرهـەمی دەربارەی کورد و خاکەکەی هەیە کە ئەویش (دیڤید مەکداولٚ).

دیڤید مەکـداول کـە چـەندین نوسـین و بەرهـەمی تازەشـی هەیـە، بـەردەوام بابـەتی ئەکادیمی و زانستی دەخاتەڕوو دەربارەی کورد، لەکتێبەکەیدا بەناونیشانی (مێـژووی هاوچەرخی کورد) کە وەرگێڕدراوەتە سەرزمانی کـوردی (٧٠٠) لاپـەڕە بەسـەرەوەیە بەدوورودرێــژی باســی ناســنامەی کــورد و شــێوەی پێکهــاتنی کۆمەلاٚیــەتی وناسیونالیزمی کورد و خاك و زمان و .... هتد دەکات.

مەکداولٚ لەم کتێبەیدا لەمێژووی (١٨٠٠) ی کـوردەوە دەسـت پـیٚ دەکـات و تـاکو نزیکەی کۆتایی یەکانی سەدەی بیـستەمی باسـی کـردووە، کـە سـەرجەم باسـەکانی تێروتەسەلن و هەرچەندیشە لەکەم و کوڕی و هەندێك هەڵەی مێژووی بەدەرنیە.

لەیەکێك لەباسەکانیدا مەسەلەی (کۆڕەو) ی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستانە کە لەساڵی ١٩٩١ دا زۆربەی زۆری دانیشتوانی باشوری کوردستان ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشت و رویان کردە ناوچە سنورییەکانی نێوان عێراق و ئێران و عێراق و تورکیا، هەندێکیشان چونە ناوخاکی ولاّتانی ئێران و تورکیاوە، مەکداوڵ بەم شێوەیە باسی کۆڕە و دەکاو ئاماژە بەوەدەکات.سەرکەوتنی کوردەکان تەمەنی کورت بوو. (١٣٩)

سەدام پێشتریش لە تێکشکاندنی یاخی بون ویستی خۆی لە گەیاندنی ژیانێکی گەروە بەمەدەنی یەکان نیشاندابوو، لە ١٣ ی ئادار، کاتێ هەڕەشەی یاخی بوون لە کەرکوك زۆرتربوو، پێنج هەزار ژن و پیاو منداڵی بەبارمتەگرت، لەو گەڕەکانەی شار کە هێشتا لە بەردەستی هێزەکانی خۆیاندابوون، خەڵکیان کۆدەکردەوە و دەیانکوشت ئێستا کەیاخی بوونی خواروو کۆنترۆڵ کرابووەوە، سەدام بەخێرایی هێزەکانی خۆی واتە (پاسەوانی کۆماری) بەپشتیوانی فڕۆکە و چەکی قورس و تانك بۆ باکور نارد، یاخی بوان چەکێکی وایان نەبوو بتوانن رووبەرووی ئەم تنەکنەلۆژیایە ببنەوە.

ئێستا واهاتە بەرچاوکە هاوپەیمانی دژە سەدام بەرێبەرایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا حەزیان لێ نییە ولاّت نەك هەر لەدەستی حکومەتی بەغدا بچێتەدەرەوە، بەڵکو هەروەك لەراپۆرتە بلاّوکراوەکانی رۆژنامەکاندا هاتووە پێش روخاندنی سەدام حەزیان لەتێکشکاندنی یاخی بوان بووە هەروەها رۆشن بوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێی خۆش بوو تورکیاو عەرەبستانی سعودیە دڵنیابکاتەوە نەیارمەتی کوردەکان دەدا، نەیارمەتی شیعەکان دەدات، لەبارێکدا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەرێکەوتننامەی شەڕ راگرتن فڕینی فڕۆکەکانی قەدەغە کردبوو، هەڵفڕینی هەلیکۆپتەرەکانی ئازاد هێشت بووەوە، کە زیانێکی

زۆریان لـه جـەنگاوەران و خـەڵکی مـەدەنی دەدا، ئـەزمونێکی تـاڵ بـوو تاڵـەبانی و بارزانی بە یەکەوە سەرۆك بۆشیان تاوانبارکرد کە خۆی داوای لەگەڵی عێراق کردبـوو لەدژی دیکتاتۆری توندوتیژی (صدام حسین) راپەرن.

راسـتیان گـوت، بـوش پـێش دەسـت پێکردنـی شـاڵاوەکانی زەمینـی رایگەیانـدبوو، رێگایـەکی دیکـە بـۆ رێگـەگرتن لـەخوێن رشـتن هەیـەو ئـەویش ئەوەیـە سـەرباز و عەسکەری و خەڵکی عێـراق کـاری خۆیـان بخەنـە دەسـتی خۆیـان و سـەدام حسێنی دیکتاتۆر بۆ گەلی عێراق بلاّوکرایەوە.

سەد بارلە (دەنگی عێراقی ئازاد) کە لەژێر سەرپەرشتی سعودیەکمان بەڕێوە دەچـوو بەیاننامەی هاوشێوەی بۆ گەلی عێراق بـەکوردی و عـەرەبی بلاّوکـردەوە، لەبارێکـدا بـۆش و هاوپەیمانـەکانی خۆیـان بـەتاوانبار نـەدەزانی لـە ٢٨ ی ئـادار، هێرشـی پێچەوانەی عێراق کـە تیایـدا چـەکی قـورس و هێـزی ئاسمـانی بـەکارهاتبوو، یـاخی بووەکانی بەچـۆڵکردنی شـاری کـەرکوك ناچـارکرد و پاشـان لەشـارەکانی هـەولێر و دهۆك و زاخۆش دەری پەڕاند، هێزە حکومیەکان لەکاتی گرتنـەوەی شـارەکان زیـاتر لە (١٠٠) کەسیان لەکورد و تورکمانـەکانی دەوروبـەری کـەرکوك و دهـۆك کوشـت، ترس باڵی بەسەر هەموو جێگایەکدا کێشابوو.

لەوانەیە (٢٠) هەزار کورد و تورکمان هەم هێرشـانەدا کـوژرابن، تـرس سەرانسـەری کوردستانی گرتەوە، زیاتر لەملیۆن و نیوێك کورد ماڵ و ژیانی خۆیان بەجێ هێـشت و بەترسەوە بەدوای جێگایەکی ئەمین دا روویان لە ئێران و تورکیا کرد، هـەموو ئـەو رێگـاو کـوێرە رێگایانـەی بـەرە و سـنورەکان دەچـوون لەماوەیـەکی کەمـدا بـەهۆی ئاپۆڕەی خەڵکی یەوە گیران.

لەسەر رێگای تورکیا رۆژنامـە نوسـێکم بینـی گـوتی: (کـە بەچـاوی خـۆی نزیکـەی (٥٠٠) کەسـی دیـوە بـەو بۆمبـا فـسفۆریانەی هەلیکۆپتـەرەکان هـەڵیان دەڕشـت

کوژران، خەڵکی لەناو ئوتۆمبیلەکاندا دەسوتێن هەلیکۆپتـەرەکان بـەردەوام خـەڵکی مەدەنی بۆردومان دەکەن، لەو ڕێگایانەی دەگەیشتنە ئێران، ڕووداوی لـەم شـێوەیە ڕوویاندا، زۆربەی هێزە یـاخی بوەکـان لەبەریـەك هەڵوەشـان، چـونکە جـەنگاوەرەکان چووبوون خێزانەکانیان بگەیەننە جێگایەك ئاسایشی لێ بێ.(١٤٠)

ئەوەی جێگای قسەلەسەر کردنـە لـەم باسـەی مەکداولـدا نـاوی شۆڕشـگێڕانی کـورد بەیاخی بوو دەبات، دیارە ئێمە کـە دەڵـێین شۆڕشـگێڕن، چـونکە ئاشـکرایە خـەڵکی کوردسـتان لـە پێنـاوی ئـازادی تـەواوی باشـوری کوردسـتان و کەرکوکـدا پـەلاماری ڕژێمی بەعسیان داوە کە زوڵم و زۆری لێ کردبوون.

## ئەنجام

**لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند ئەنجامێك :**

١. کوردناسی زانستێکی کۆنە و هەر لەگەڵ هاتنی سەرەتای ئەوروپییەکان بۆ کوردستان و ناوچەکە، ئەم زانستەش سەری هەڵداوە، واتە دەتوانین بڵێین کوردناسی کۆنترین زانستە پێش زانستەکانی ڕۆژهەڵاتناسی و ئێرانناسی کەوتووە، بەڵام لەبەر هۆکاری سیاسی بەحوکمی ئەوەی کورد خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نەبووە و وڵاتە ئەروپییەکان نەیان توانیوە بەشێوەیەکی سەربەخۆ باسی ئەم بابەتە بکەن و لە ڕۆژهەڵاتناسی و ئێرانناسی جودابکەنەوە، تالەم ساڵانەی دواییدا جیاکرایەوە و وەك بابەتێکی سەربەخۆ و جیا دەخوێنراو سەیردەکرا.

٢. هۆکاری ئایینی یەکێك بووە لە هۆکارە گرنگەکان کە ئینگلیزەکان بەهۆیەوە لە چوارچێوەی گەلانی ئیسلامدا بایەخیان بەکورد داوە و باسیان کردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردەی سوپای ئیسلامی ئەوکاتە (سەلاحەدینی ئەیوبی)، ئەم کەسایەتیشەش بن و بنەچەی کوردە و هەروەها یەکێك لە سەرکردەکانی سوپای

خاچپەکانیش ئینگلیزی بووکە ناوی (ریچارد شێردڵ) بوو، وەك پاڵەوانێك سەیردەکرا لە بەریتانیا، بەلاّم کاتێك ئازایی و نەبەردی (سەلاحەدینی ئەیوبی) بینی بەجارێ بوە جێگای باس و خواسیان و دەیان ئەفسانەیان بۆ دروستکردبوو.

٣. دەتوانین بڵێین هۆکاری ئابوری و سیاسی دووهۆکاری گرنگ بوون کە پاڵی بە ئینگلیزەکانەوە ناوە بێنە ناوچەکەو کوردستانیش داگیربکەن و ساڵانێك تێدا بمێنێتەوە و ببنە حوکمڕانی سەرەکی و چارەنوسی زۆر گەل و نەتەوەشیان یەکلایی کردۆتەوە، چ بەدروستکردنی دەوڵەت بوبێت وەك ئەوەی بۆ عێراق کردیان یان پشت گوێ خستنی مافە رەواکانیان وەك گەلی کورد.

٤. دروستبوونی پەیوەندی نێوان کورد و ئینگلیز ئەوەندەی بوە هۆکاری نەهامەتی و ماڵوێرانی بۆ کورد، نیوئەوەندە نەبووە مایەی قازانج و خێر و خۆشی بۆیان، چونکە ئینگلیزەکان کاتێك لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم هاتنە ناوچەکە و بونە حاکمی سەرەکی ناوچەکە بەدرێژایی ئەو ماوەیە دژی هەموو خواستە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی کورد وەستانەوە و نەیانهێشت کورد بە بچوکترین مافەکانی بگات و بگرە بەکۆمەڵێك رێکەوتننامەی نهێنی لەگەڵ دۆستەکانیدا تەواوی خاکی کوردانیان دابەشکرد لەنێوان وولاّتە تازە دروستکراوەکانی وەك (ئێران، عێراق، تورکیا، سوریا).

٥. هەموو ئەو ئینگلیزانەی هاتونەتە کوردستان و بونەتە فەرمانڕەوای ناوچەکە لەهەڵسوکەوت و مامەڵەیان لەگەڵ میللەتی کورد دا وەك یەك نەبوون، هەندێکیان تاڕادەیەك باشبون و هەندێك بەدۆستی کوردیان دەزانن و هەندێ جاریش لەگەڵ خواستەکانی کورد دا بونە، نمونەی ئەمەش وەك (مێجەر نوئێل) ، لەهەمانکاتدا هەندێکی تریشیان زۆرخراپ بوو چ لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ کورد یاخود وەستانەوە

لەدژی داواکارییەکانی کورد و لکاندنی بەشێکی کوردستان بە دەوڵەتی تازە دامەزراوەی عێراقەوە نمونەی ئەمانەش وەك (سۆن و ویڵسن).

٦. هەموو ئەو نوسین و بابەت و راپۆرت و یاداشتانەی کەهەن و ئینگلیزەکان نوسیویانە دەربارەی کورد و کوردستان، هەموویان چوونیەك نین و جیاوازی گەورە لەنوسینەکانیاندا بەدی دەکرێت، هەندێکیان دەکرێ بڵێین نوسینەکانیان تاڕادەیەکی باش نزیکن لە راستیەوە و راستیەکانیان باش پێکاوە و چی یان بینیوە بەچاوی خۆیان باسیان کردووە، لە ژیان و گوزەران و هەڵس وکەوتی رۆژانەی خەڵکی کوردستاندا، نمونەی ئەمانەش (مستەر ریچ)ە، بەلاّم هەندێکی تریان نوسینەوەی بابەتەکانیان هەڵەی زانستی و ئەکادیمی گەورەیەی تێدایە و تارادەیەکی زۆر لە باسەکانیاندا دووچاری گێرە شێوێنی بوون و راستیەکانی ئەم میللەتەیان وەك خۆی باس نەکردووە و لەراستی یە مێژووی و ئەکادیمیەکان دوورکەوتنەتەوە، وەك (مێجەرسۆن)، کە شاری کەرکوك بەشارێکی تورکمانی دەزانێ و کوردوستانی بوونی ئەو شارەی سڕیوەتەوە.

**پەراوێزەکان**

١. د. فەرهاد پیربال: زێڕی ناوزبڵ، سلێمانی، ١٩٩٩،لـ٣.

٢. د. فەرهاد پیربال: سەرچاوەکانی کوردناسی، بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ، سلێمانی، ١٩٩٨،لـ١٠.

٣. د. فەرهاد پیربال: زێڕی ناوزبڵ،لـ٣.

٤. کوردۆلۆجیا، گۆڤاری (لالش)، ژماره ١٠، دهۆك،٢٠٠٣،لـ٦.

٥. د. فەرهاد پیربال: سەرچاوەکانی،لـ١٧.

٦. د. فەرهاد پیربال: کوردی لەدیدی رۆژهەلاتناسەکانەوە، هەولێر، ٢٠٠٦،لـ١٦.

٧. د. فەرهاد پیربال: سەرچاوەکانی، لـ١٨ـ١٩.

٨. د. کەمال مەزهەر: ماتێنەدەران، گۆڤاری بەیان، ژمارە ٣٠، بەغدا، ١٩٧٥،لـ٩.

٩. د. فەرهاد پیربال: کورد لەدیدی، لـ١٧.

١٠. د. فەرهاد پیربال: سەرچاوەکانی،لـ١٩.

١١. د. فەرهاد پیربال: سەرچاوەکانی، لـ٣٥ـ٣٦.

١٢. د. ئەورەحمانی حاجی مارف، بەرهەمەکانم لەبارەی کوردناسی یەوە، سلێمانی، ٢٠٠٥، لـ١٨١.

١٣. چەند بابەتێکی مێژووی کورد، سلێمانی، ١٩٩٩،لـ١٥٤.

١٤. د. فەرهاد پیربال: زێڕی ناوزبڵ، لـ٩.

١٥. د.جەمال نەبەز و ئەوانی تر بەرکردنێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا، بەغداد، ١٩٧٤، لـ٦ـ٧.

١٦. د. فەرهاد پیربال: کورد لەدیدی، لـ٩.

١٧. هـ.س، لـ٩ـ١٠.

١٨. سەلاحەدینی ئەیوبی: ناوی تەواوی یوسفی کوڕی نەجمەدین شاری لەساڵی ١١٣٧ز، ٥٣٢ك لەدایکبووە، توانی سەرکردایەتی لەشکری ئیسلام بکات دژی هێرشی خاچپەرستەکان، ئەم کەسایەتیە بە بنەچەکوردە، ج، کوردۆ: لەروانگەیەکی کوردییەوە هێرشی خاچ هەڵگران ١٠٩٦- ١٩٩٦، بێ شوێن، ١٩٩٦،لـ٢٦.

١٩. خاچپەرستەکان: ئەوکەسانەبوون کە لەئەورپاوە لەژێر دروشمی هێرشی خاچیەکاندا، بۆ کۆنترۆڵکردن و بلاوکردنەوەی ئایینی مەسیحەیت، هێرشیان کردەسەر ناوچەکانی رۆژهەلات لەساڵانی

(١٠٩٥ – ١٢٠٤) كه هەشت هێرش بوو، دیاره ئەم شەڕەش راستەوخۆ لەلایەن پاپا و كەنیسەوە سەرپەرشتی دەكرا، ج. كورد، هێرشی، لـ٣١ـ.

٢٠. د. فەرهاد پیربال: كورد لەدیدی، لـ٢١ـ،

٢١. د. فەرهاد پیربال: ئینجیل، لەمێژووی ئەدەبیاتی كوردیدا، ١٨٥٧ – ١٩٥٧ پێداچونەوەی: د، مەلا محەممەد گەزنەیی، دهۆك، ١٩٩٩، لـ١٣.

٢٢. ج كوردۆ: هێرشی، لـ٣٣ـ٣٤.

٢٣. سەرچاوەی پێشوو، لـ٤٠.

٢٤. د. فەرهاد پیربال: كورد لەدیدی، لـ٣٠ـ.

٢٥. عبدالرزاق عبدالرحمن محمد: تێڕوانێك بۆ دۆزی كورد، سلێمانی، ٢٠٠١، لـ١٠٢.

٢٦. ئاكۆ عەبدولكەریم شوانی: شاری سلێمانی، ١٩١٨ – ١٩٣٢ لێكۆڵینەوەیەكی (مێژووی سیاسی یە) ە، سلێمانی، ٢٠٠٢، لـ٧٨ـ٧٩.

٢٧. شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەكانی خوارووی كوردستان، بەرگی یەكەم، لەندەن، ١٩٩٠، لـ٣١٣ـ٣١٤.

٢٨. رەمزای قەزاز: بزوتنەوەی سیاسی و رۆشنبیری كورد لەكۆتای چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست، بێ شوێن، ١٩٧١، لـ٨٣ـ.

٢٩. لۆرانس: ئینگلیزییەك بوو لەكاتی جەنگی جیهانی یەكەمدا، زۆر یارمەتی عەرەبەكانی دا، بەلاَم مێجەرسۆن یەكێك بوو لەوانەی لەگەڵ كوردا زۆرخراپ بووە، لێرەدا پێچەوانەی بۆ چوونی سەرچاوەكەم هەیە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، رەفیق حیلمی یاداشتەكانی بەرگی یەكەم.

٣٠. م.ر. رسوڵ: شێخ مەحمود، بەرگی یەكەم، لـ٣١٥ـ٣١٦.

٣١. كوردستان لەساڵەكانی شەڕی یەكەمی جیهانیدا، بەغدا، ١٩٧٥. لـ٢٠.

٣٢. ویلایەتی موصڵ مەبەست تەنیا شاری موصڵ نەبووە، بەڵكو تەواوی باشوری كوردستانی دەگرتەوە، چونكە لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا ئەم عێراقەی ئێستا بریتی بووە لە سێ ویلایەتی (بەغداد، بەصرە، موصڵ)، كەویلایەتی موصڵ باشوری كوردستانی ئەمڕۆ بوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، د. عەبدوڵلا عەلیاوەیی: كوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا.

٣٣. بلاد مابین نهرین و لائین، ت: فؤاد جميل، بغداد، ١٩٩٢، ص٣١٩ـ.

٣٤. رەفیق حیلمی، یاداشت، بەشی یەكەم، لـ٥٥ـ.

٣٥. کامـەران ئەحمـەد محەمـەد ئـەمین: کوردسـتان لـەنێوان مللانـێ ی نێودەوڵـەتی و ناوچـەییدا، سلێمانی، ٢٠٠٦، لـ٢٨٠ـ.

٣٦. د. فەرهاد پیربالْ: کورد لەدیدی، لـ٤٦ـ.

٣٧. د. فەرهاد پیربالْ: ئینجیل، لـ١٣ـ.

٣٨. د. فەرهاد پیربالْ: سەرچاوەکانی، لـ٦٦ـ.

٣٩. د. فەرهاد پیربالْ: کورد لەدیدی، لـ٤٦ـ.

٤٠. سمث، مجلة الصليبية،بدون مكان، بدون سنة، صـ٢٧٣.

٤١. د. فەرهاد پیربالْ: سەرچاوەکانی، لـ٦٧ـ.

٤٢. د. فەرهاد پیربالْ: کورد لەدیدی، لـ٤٧ـ.

٤٣. د. فەرهاد پیربالْ: کورد لەدیدی، لـ٤٨.

٤٤. م.س لازاريـن: المـسأله الكرديـه فى العلاقـات الدوليـه، ت: د. عبـدى حـاجى، بـيروت، صـ٢٧ـ٢٨، ١٩٩١، ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، شاری سلێمانی، لـ٨٠ـ.

٤٥. مەبەست کۆمپانیای هیندی رۆژهەلاّتە.

٤٦. ن.م خالفین: خەبات بەرێی کوردستاندا، و: جەلال تەقی، سلێمانی، ١٩٧١، لـ٣٦ـ.

٤٧. کوردستان لەساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، لـ٢١ـ٢٢ـ.

٤٨. عبدالرزاق عبدالرحن محمد: تێڕوانینێك، لـ١٠٢ـ.

٤٩. د. یاسین سەردەشتی: موجز عن واقع اهتمـام المستـشرقين بتـأريخ الـشعب الكـردى، گۆڤـاری هەزار مێرد، ژمارە ٢٠، سلێمانی، ٢٠٠٢، لـ٢٠٢ـ٢٠٣.

٥٠. د. یاسین سەردەشتی: موجز عن واقع، لـ٢٠٣ـ.

٥١. حسێنی مـەدەنی: کوردسـتان و سـتراتیژی دەوڵـەتان، بـەرگی یەکـەم، بـێ شـوێن، بـێ سـاڵ، لـ١٥١ـ١٥٢.

٥٢. کێشەی کورد، و: د. کاوس قەفتان، بەرگی یەکەم، بغداد، ١٩٨٩، لـ٣٤ـ.

٥٣. کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین: کوردستان لەنێوان، لـ٢٨ـ.

٥٤. مەحمود مەلا عیزەت: بازنەکانی ململانێ و ستراتیژی ئاسایشی نەتـەوەیی کـورد، سـلێمانی، ١٩٩٩، لـ١٠٣ـ.

٥٥. جليلى جليل و اخرون: الحركة الكردية في العصر الحديث، ت،د.عبدى حاجى، بـيروت، ١٩٩٢، صـ٥٣ـ٥٤ـ.

٥٦. کامەران ئەحمەد محەممەد ئەمین: کوردستان لەنێوان، لـ٣٢ـ.

٥٧. سەرچاوەی پێشوو، لـ٣٢ـ.

٥٨. د. یاسین سەردەشتی: موجز عن واقع، لـ٢٠٣ـ.

٥٩. کوردستان لەساڵەکانی، لـ٣٥ـ٣٦ـ.

٦٠. د. فەرهاد پیربال: کورد لەدیدی، لـ٤٩ـ.

٦١. سەرچاوەی پێشوو: لـ٤٩ـ.

٦٢. د. فەرهاد پیربال: سەرچاوەکانی ، لـ٧١ـ.

٦٣. د. فەرهاد پیربال: سەرچاوەکانی ، لـ٧١ـ.

٦٤. کوردستان لەسەردەمی: لـ٥٤ـ.

٦٥. بۆزانیاری دەتوانن بڕواننە کتێبەکانی (هینری فیلد، هۆزەکانی کورد، درایڤەر و کورد: دیڤید مەکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، لەبەشی دووەم و سێیەم).

٦٦. ویلیام اغیلتون: القبائل: الکردیە، احمد محمود خلیل، اربیل،٢٠٠٦، صـ١٥ـ.

٦٧. ویلیام اغیلتون : القبائل، صـ١٥ـ.

٦٨. کۆماری کورد: و، سەید محەمەد حەمەدی، مهاباد، بێ ساڵ، لـ٤ـ.

٦٩. دیڤید مەکداوڵ: مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، هەولێر، ٢٠٠٠، لـ٢٤ـ.

٧٠. سەرچاوەی پێشوو، لـ٢٥ـ.

٧١. ویلیام ایغلتون: القبائل، صـ١٥ـ١٦ـ.

٧٢. سیسل جۆن ئیدمۆندس: کورد تورك عەرەب، و: حامید گەوهەری، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٤، لـ٢١ـ.

٧٣. زانستی دەنگناسی، دەنگەکانی یەك زمان.

٧٤. سیسل جۆن ئیدمۆندس: کورد، لـ٢٥ـ.

٧٥. سەرچاوەی پێشوو، لـ٢٥ـ٢٦ـ.

٧٦. دیڤید مەکداوڵ: مێژووی، لـ٢٦ـ.

٧٧. سەرچاوەی پێشوو، لـ٢٦ـ٢٧ـ.

٧٨. ویلیام ئیگلتون: کۆماری کورد، لـ٦ـ٧ـ.

٧٩. ویلیام ئیگلتون: القبائل، صـ١٧ـ.

٨٠. ویلیام ئیگلتون: القبائل، صـ١٧ـ.

٨١. ویلیام ئیگلتون: القبائل، صـ٢٦ـ.

٨٢. دیڤید مەکداوڵ: مێژووی، لـ٢٧ـ.

٨٣. دیڤید مەکداوڵ: مێژووی، لـ٢٧ـ.

٨٤. ویلیام ئیگلتون: القبائل، صـ٢٦ـ.

٨٥. دیڤید مەکداوڵ: مێژووی، لـ٢٨ـ.

٨٦. ویلیام ئیگلتون: القبائل، صـ٢٧ـ٢٨ـ.

٨٧. گ.ر. درایڤر: درایڤەر و کورد، و: ئەنوەری سوڵتانی، سلێمانی،٢٠٠٥، لـ٩٩ـ.

٨٨. ویلیام ئیغلتون: القبائل، صـ٢٨ـ.

٨٩. نفس المصدر، لـ٢٨ـ.

٩٠. گ.ر. درایڤر: درایڤەر و، لـ٩٥ـ٩٦ـ.

٩١. ویلیام ایغلتون: القبائل، لـ٢٩ـ.

٩٢. دیڤید مەکداوڵ: مێژووی، لـ٣٠.

٩٣. سەرچاوەی پێشوو، لـ٢٨ـ.

٩٤. گ.ر. درایڤر: درایڤەر و، لـ٩٦ـ٩٧ـ.

٩٥. سەرچاوەی پێشوو، لـ٩٧ـ.

٩٦. گ.ر. درایڤر: درایڤەر و، لـ٩٧ـ٩٨ـ.

٩٧. سەرچاوەی پێشوو، لـ٩٩ـ.

٩٨. دیڤید مەکداوڵ: مێژووی، لـ٢٩ـ.

٩٩. دیڤید مەکداوڵ: مێژووی، لـ١٩ـ.

١٠٠. سەرچاوەی پێشوو، لـ١٩ـ.

١٠١. گ.ر. درایڤر: درایڤەر و، لـ٣٥ـ.

١٠٢. گ.ر. درایڤر: درایڤەر و، لـ٣٥ـ٣٦.

١٠٣. سەرچاوەی پێشوو، لـ٣٥ـ.

١٠٤. گ.ر. درایڤر: درایڤەر و، لـ٣٦ـ.

١٠٥. سیل جۆن ئیدمۆندس، کورد، لـ١٩ـ.

١٠٥. وەکو پێشوتریش رونمان کرەوە لوڕ و لەك کوردی رەسەنن.

١٠٦ سلێمانی ناوچەیەك لەکوردستان، و: محەمەد ئەمین حسین (مینە)، سلێمانی، ٢٠٠٧، لـ١٧ـ.

١٠٧.مەیجەرسۆن: سلێمانی، لـ١٨ـ١٩ـ.
١٠٨.د. نەجاتی عەبدوڵڵا: کەرکوك لەنیگای گەڕیدە و رۆژهەڵاتناسە ئەوروپییەکانەوە، گۆڤاری لڤین، ژمارە ١٠، سلێانی، ٢٠٠٧، لـ٦٤ـ٦٥ـ.
١٠٩. د.نەجاتی عەبدوڵڵا: کەرکوك لەنیگای، لـ٦٥ـ.
١١٠. جیمس بیللی فریزەر: گەشتەکەی فریزەر بۆ کوردستان و میزوپوتامیا، و: ئومێد ئاشنا، بێ شوێن، ١٩٩٨، لـ٣ـ٥.
١١١.جیمس بیلیٚ فریزەر: گەشتەکەی، لـ٩ـ.
١١٢. سەرچاوەی پێشوو، لـ٩ـ١٠ـ.
١١٣. جیمس بیلیٚ فریزەر: گەشتەکەی، لـ٦٤ـ٦٥ـ.
١١٤.د. بدرخان الندي: المجتمع الكردي في المنظور الاستشراقي، اربيل،٢٠٠٢،صـ١٧٤ـ.
١١٥.ای.هاملتون: طريق في كردستان، ترجمة: جرجيس فتح الله بدون، مكان بدون سنه، صـ١٧٠ـ.
١١٦. مێجەر. ئی. بی. سۆن: چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو، و: نەجاتی عەبدوڵڵا، سلێمانی، ٢٠٠٧، لـ١٢ـ٢٢ـ.
١١٧. ميجرسون (ميرزا غولام شيرازي) : رحلة متنكرة الى بلاد مابين نهرين و كردستان، ت: فؤاد جميل، جزء الاول، صـ١٥٨ـ.
١١٨. نفس المصدر، صـ١٦٣ـ.
١١٩.ميجرسون: رحله المتنكره، جزو الاول، صـ٢١٣ـ.
١٢٠.ميجرسون: رحله المتنكره، جزو الپانی، صـ٣٣ـ.
١٢١.کاپتن لایف: کورد عەرەب بەریتانیا بیرەوەریەکانی کاپتن لایف لەمەڕ ڕووداوەکانی باشوری کوردستان، ١٩١٩ – ١٢٢.،و: یاسین سەردەشتی، لـ١٤ـ١٥.
١٢٣.سەرچاوەی پێشوو، صـ١٠٣ـ.
١٢٤. کاپتن لاین: کورد عەرەب، لـ١٠٣ـ١٠٤ـ.
١٢٥. کایتن لاین: کورد عەرەب، لـ١٤٢ـ١٤٣ـ.
١٢٦. مێجەر نۆئیل: یاداشتەکانی مێجەر نۆئێل لەکوردستان، و: حسین ئەحمەد جاف، حسین عوسمان نێرگسەجاڕی، بێ شوێن و ساڵ، لـ٧ـ١٢ـ.
١٢٧. د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر: کورد و کوردستان لەکۆمەڵە وتارێکی مێژوییدا،و: ئازاد عوبێد ساڵح، هەولێر، ٢٠٠٥،لـ٨٠ـ٨١.

١٢٨. مێجەرنوئێل: یاداشتەکانی، لـ٢٠ـ٢١.
١٢٩. سەرچاوەی پێشوو، لـ١٧٦ـ١٧٧ـ.
١٣٠.جەمال ئیبراهیم لالۆ: مێژووی کوردناسی، گۆڤاری، خاك، ژماره ١١٥، سلێمانی، ٢٠٠٧، لـ٢٥ـ.
١٣١. شەمعی و ئیبراهیم ئەردەلانی: دووزەیلی شەرەفنای بتلسی، و: ئەنوەر سوڵتان، لـ٨٣ـ.
١٣٢. کلۆدیۆس جیمس ریچ: گەشتی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و: محەمەد حەمەباقی، تەورێز، ١٩٩٢، لـ١٠ـ٢٠.
١٣٣. مەبەستی مەیدانی ئاژەڵ کڕین و فرۆشتنە.
١٣٤. کلۆدیۆس جیمس ریچ: گەشتەکەی: لـ١٣٧ـ١٣٨.
١٣٥. لەتاریکی یەوە بۆ رووناکی بەڵگەنامەکانی شۆڕشی ١٨٨٠، و: جەمال میرزا عەزیز، سلێمانی، ١٩٩٩، لـ١٥ـ.
١٣٦.کوردستانی عێراق لەبەڵگە نامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، و: سەلمان عەلی، سلێمانی، ٢٠٠٥. لـ١٠ـ١١.
١٣٧. سیسل جۆن ئیدمۆندس: کورد تورك عەرەب، و: حامید گەوهەری، لـ١٥ـ.
١٣٨. سیسل جۆن ئیدمۆندس: کورد تورك، لـ٦٥ـ٦٦.
١٣٩. سەرچاوەی پێشوو، لـ٦٧ـ٦٩.
١٤٠. د. بلیر.ار.: سنتان في کردستان، ١٩١٨ – ١٩٢٠، ت: فواد جمیل، جزء الاول، بغداد، ١٩٧٣، صـ٥ـ.
١٤١. جیمس برانت: رحلة المستر جیمس برانت الی المنطقة الکردیة، ت: حسین احمد جاف، بغداد، بدون سنه، صـ٥ـ٦.
١٤٢.جیمس برانت: رحله، صـ٥ـ٦.
١٤٣. هینری فیلڈ: ئای. جەی.ئاڕ: هۆزەکانی کورد، و: حسێن ئەحمەد جاف، بێ شوێن و ساڵ، لـ٥ـ.
١٤٤. هینری فیلڈ: ئای. جەی.ئاڕ: هۆزەکانی، لـ٩ـ.
١٤٥. سەرچاوەی پێشوو: لـ١٦ـ١٧ـ.
١٤٦. هینری فیلڈ: ئای. جەی.ئاڕ: هۆزەکانی، لـ١٧ـ.
١٤٧. گ.ر. درایڤر: درایڤەر و کورد، ئەنوەری سوڵتانی، لـ٥ـ٦.
١٤٨. گ.ر. درایڤر: درایڤەر و، لـ١١ـ.

١٤٩. سەرچاوەی پێشوو، لـ١٣ـ١٥.

١٥٠.مەبەست راپەڕینە جەماوەرییەکەی خەڵکی باشوری کوردستانە کە لەساڵی ١٩٩١ دژی دام و دەزگاکانی رژێمی بەعس کردیان.

١٥١. دیڤید مەکداولْ: مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، لـ٦١٢ـ٦١٣ـ.

## سەرچاوەکان

*** سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:**


١. ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی ١٩١٨ – ١٩٣٢ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی یە، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٢.ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر (دکتۆر): کوردوکوردستان لەکۆمەڵە وتارێکی مێژوویدا، و: ئازاد عوبێد صالح، هەولێر، ٢٠٠٥.

٣.ئەورەحمان حاجی مارف (دکتور): بەرهەمەکانم لەبارەی کوردناسییەوە، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٤.کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی یەکەم، بێ شوێن و ساڵی چاپ،

٥. لەروانگەیەکی کوردییەوە هێرشی خاچ هەڵگران، ١٩٦،١٩٩٦، چاپخانەی ئاپیك، بێ شوێنی چاپ، ١٩٩٦.

٦.چەند بابەتێکی مێژووی کورد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩.

٧. جەمال نەبەز (دکتۆر): ئەورەحمانی حاجی مارف (دکتۆر)، قەناتی کوردۆ(پرۆفیسۆر)، مەسعود محەممەد.

٨.بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لەئەوروپا، چاخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٤.

٩.جیمس بیللی فریزەر: گەشتەکەی فریزەر بۆ کوردستان و میزوپوتامیا، ١٨٣٤، وئومێد ئاشنا، چاپخانەی تیشك، بێ شوێن وچاپ، ١٩٨٨.

١٠. دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، و، ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٠.

١١. رەشاد میران (دکتور) : رەوشتی ئایینی و نەتەوەی لەکوردستاندا، سەنتەری برایەتی چاپی دووەم، کوردستان، ٢٠٠٠.

١٢.رەمزی قەزاز: بزوتنەوەی سیاسی و رۆشنبیری کورد لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست، چاپخانەی ژین، بێ شوێنی چاپ،١٩٧١.

١٣.رەفیق حیلمی: یاداشت، بەشی یەکەم، سلێمانی، ١٩٨٨.

١٤.سیسل جۆن ئیدمۆندس: کورد تورك عەرەب، و: حامید گەوهەری، دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر،٢٠٠٤.

١٥.شەمعی و ئیبراهیمی ئەردەلانی: دووزەیلی شەرەفنای بەتلیسی، و: ئەنوەر سوڵتان، بنکەی ژین، سلێمانی،٢٠٠٥.

١٦.عەبدوڵلا عەلیاوەی (دکتۆر): کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی،٢٠٠٤.

١٧. عبدالرزاق عبدالرحمن محمد: تێڕوانینێك بۆ دۆزی کورد، سلێمانی، ٢٠٠١.

١٨. فەرهاد پیربالّ (دکتۆر): زێڕی ناوزبڵ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

١٩. فەرهاد پیربالّ (دکتۆر): سەرچاوەکانی کوردناسی، بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ،سلێمانی، ١٩٩٨.

٢٠. فەرهاد پیربالّ (دکتۆر): کورد لەدیدی رۆژهەلاتناسەکانوە، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

٢١. فەرهاد پیربالّ (دکتۆر): ئینجیل لەمێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، ١٨٥٧ – ١٩٥٧، پێداچونەوەی د. محەممەد گەزنەی، دهۆك، ١٩٩٩.

٢٢. کاپتن لاین: کورد و عەرەب بەریتانیەکان بیروەریەکانی کاپتن لاین لەمەڕ رووداوەکانی باشوری کوردستان، ١٩١٩ – ١٩٢٩، و: یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٢٣. کەمال مەزهەر (دکتۆر): کوردستان لەساڵەکانی شەڕی جیهانی یەکەمدا، بەغدا، ١٩٧٥.

٢٤. کامەران ئەحمەد محەممەد ئەمین: کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٢٥. کلۆدیۆس جیمس ریچ: گەشتی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و: محەممەد حەمەباقی، تەورێز، ١٩٩٢.

٢٦. گ. ر، درایفر: درایڤەر و کورد، و: ئەنوەری سوڵتانی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٢٧. لازاریف: کێشەی کورد، و: د. کاوس قەفتان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی جاحظ، بەغدا، ١٩٨٩.

٢٨. ر. هاوار: شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، لەندەن، ١٩٩٠.

٢٩. مێجەر ئی. بی.سۆن: چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو، و: نەجاتی عەبدوڵڵا، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٣٠.مایجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك لەکوردستان، و: محەمەد ئەمین حسین (مینە)، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٣١. میجەر نوئێل: یاداشتەکانی مێجەرنوئێل لەکوردستان، و: حسین ئەحمەد جاف، حسین عوسمان نێرگسە جاڕی، بێ وشوێن و ساڵی چاپ.

٣٢. مەحموود مەلا عیزەت: بازنەکانی ململانێ و ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی کورد، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

٣٣. ن.م. خالفین: خەبات لەرێی کوردستاندا، و: جەلال تەقی، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٧.

٣٤. هینری فیڵد، ئەی ،جەی،ئارِ: هۆزەکانی کورد، و: سەید محەمەد صەمەدی، چاپخانەی سایدیان، مهاباد،بێ ساڵی چاپ.

٣٥. لەتاریکی‌یەوە بۆ رووناکی بەڵگە نامەکانی شۆڕشی ١٨٨٠، و: جەمال میرزا عەزیز، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

٣٦. کوردستانی لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەروەی بەریتانیادا، و: سەلمان عەلی، بەرگی یەکەم، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥.

*** سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:**

٣٧. ام. هاكلتون: طريق في كردستان، ت: جرجيس فتح اللة، بدون مكان وسنة الطلع.

٣٨. بدرخان السندي (الدكتور): المجتمع الكردي في المنظور الاستشراقي،دار اراس، اربيل، ٢٠٠٤.

٣٩. جليل دليل و أخرون: الحركة الكردية في العصر الحديث، ت: د. عبدي حاجي، مطبعة دار الزاري، بيروت، ١٩٩٢.

٤٠. جيمس برانت: رحلة جيمس برانت الى منطقة الكردية، ت: حسين احمد جاف، مطبعة الجاحظ، بغداد، لدون سنة الطبع.

٤١. د. بليو. أر. هاي: سنتان في كردستان ١٩١٨ – ١٩٢٠، ت: فؤدا جميل ، جزء الاول، بغداد، ١٩٧٣.

٤٢.سمث: حملة الصليبية، بدون مكان و سنة الطبع.

٤٣. ميجرسون (ميرزا غولام شيرازى): رحلة المتنكرة الى بلاد مابين النهرين و كردستان، ت: فؤاد جميل، جزؤ الاول والثاني، بغداد، ١٩٧٠.

٤٤. المثألة الكردية في العلاقات الدولية، ت: د. عبدي حاجى،مطبعة الزاري، بيروت، ١٩٩١.

٤٥. ويلسن: بلاد مابين نهرين ولائين، ت: فؤاد جميل، بغداد، ١٩٩٢.

٤٦. ويليام الفلتون: القبائل الكردية، ت: أحمد محمود خليل، اربيل، ٢٠٠٦.

گۆڤارەکان

*گۆڤارەکان بەزمانی کوردی

٤٧. جەمال ئیبراهیم ئەردەڵانی: مێژووی کوردناسی، گۆڤاری " خاك ژماره ١٥، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٤٨. کەمال مەزهەر (دکتور): ماتینه دەران، گۆڤاری بەیان ، ژماره ١٠، بەغداد، ١٩٧٥.

٤٩. نەجاتی عەبدوڵڵا (دکتور): کەرکوك لەنیگای گەڕیده و رۆژهەڵاتناسه ئەوروپییەکانەوە، گۆڤاری لڤین، ژماره ١٠، مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٧.

* گۆڤارەکان بەزمانی عەرەبی:

٥٠ شکری خدو ( الدکتور): کوردولوجیا، مجله لالش، العدد، ١٠، دهوك،٢٠٠٣.

٥١. یاسین سروشتی (الدکتور): موجز عن واقه اهتمام المتشرفین بتأریخ الشعب الكردي، مجله (هەزار میرد) العدد ١٠،سلێمانی، ٢٠٠٢.